



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست:

١- پێشەکییەک بۆ ئەم نامیلکەیە......................................................................قادر وریا...... ٤

٢- وتووێژێکی خوێناوی لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە(وەرگێران) .............................................. ٦

٣- پێشەکییەک بۆ کتێبی"قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە" ............................................................. ١٣

٤- تەقەکردن لە شانازییەکانی حیزبی دیمۆکرات لە پەنا ناوی بەرزی دوکتور قاسملووەوە............................... ١٧

٥- لەسەر گلکۆی ڕێبەرێکی گۆڕغەریب.......................................................................... ٢٤

٦- ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون.......................................................................... ٢٧

٧- بۆچی قاسملوو؟ بۆچی ٢٢ی پووشپەڕ............................................................................ ٣٠

٨- شەمێکی تر بۆ سەر کێکی - لە دایکبوونی د.قاسملووی نەمر .................................................... ٣٣

٩- لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟.................................... ٣٦

١٠- ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون............ کریس کۆچێرا.... (وەرگێران)..... ٣٨

١١- بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤییەن................................................................ ٤٤

١٢- هەڵوێستەیەک لە سەر چەند ڕەهەندێکی ژیانی د.قاسملووی ڕێبەر............................................... ٤٦

١٣- قاسملوو وەک هێمایەک............................................................................................ ٥١

١٤- بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هۆکارەوە تا چارەسەر.......................................... ٥٤

١٥- نە زمان دەتوانێ و نە قەلەم بۆی دەکرێ دەریان ببڕێ............................................................ ٥٩

١٦- خوێنێکی تازە لە دەماری خەباتو تێکۆشانی شۆرشگێڕانەی کوردستاندا............................................ ٦٢

١٧- وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا.................................... ٦٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨- یادی تێرۆری د. قاسملوو لە سەروبەندی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا.............................................. ٧٢

١٩- پەیڤێک لە بارە نوێکردنەوەی کتێبخانەکانی دوو ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی........................ ٧٥

٢٠- پەیامی سەرەخۆشیی مام جەلال بە بۆنەی شەهید کرانی د.قاسملووەوە................................................ ٧٧

٢١- سەردانی کاک د.قاسملوو بۆ بنکەی یەکیەتیی لاوان لە بناری قەندیل و ئامۆژگارییەکانی....... عوسمان نۆباری.... ٨٠

٢٢- د.قاسملوو و مەحکوومکردنی کیمیابارانی هەڵەبجە................................................................ ٨٤

٢٣- قاسملووی ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر مارک کراڤێتس ...... (وەرگێران).... ٨٨

٢٤- لە ٣٤ ساڵەی شەهیدبوونتدا........................................................................................ ٩٣

٢٥- بیرەوەرییەک لە گیرانی برای د.قاسملوو و دژ کردەوەی ئەو ڕێبەرە بە پێشنیاری گۆڕینەوەی براکەی!................ ٩٥

٢٦- ئایا بۆ خۆشمان لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوودا، کەمترخەم نەبووین و نین؟.............. ٩٧

٢٧- ڕازی هەرمانی خۆشەویستیی بلیمەتێک.............................................................. ١٠١

٢٨- کورتەیەک لە ژیننامەی هاوڕێ د. قادر وریا.................................................................. ١٠٥



## پێشەکییەک بۆ ئەم نامیلکەیە



قادر وریا

ئەگەر بمهەوێ لە ڕستەیەکدا کاک رەحمان نەقشی پێناسە بکەم، دەڵێم "ئەو پیاوەی زۆربەی تێکۆشەرانی دەست بە قەڵەمی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی قەرزدارین!"، بەڵگەشم بۆ ئەم جۆرە پێناسەکردنی ئەوەیە ناوبراو بێ ئەوەی داوامان لیکردبێ، بێ ئەوەی خێرێکمان بە خۆی گەیاندبێ، هەروەها بێ ئەوەی حیزبێک، ڕێکخراوێک، دامەزراوەیەک، ئەرکێکی لەم پێوەندییەدا پێسپاردبێ و لە بەرامبەر ئەم زەحمەت و ماندووبوونانەیدا کەمترین پاداشی پێبدات، کردوویە بە ئەرکی سەرشانی خۆی کە نووسین، لێدوان و هەڤپەیڤینی سیاسییەکان، یان نووسەران و چالاکانی دیاری نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای خۆی ئەرشیڤ بکات، ناو بە ناو نامیلکەیەکیان لێ ئامادە بکا و بیانخاتە بەردەستی خوێنەران. هەر بۆ خۆم هێندێک جار نەمزانیوە نووسین یان بابەتێکی پێشووی خۆم لە کوێ و چۆن بدۆزمەوە، بە ناچار پەنام بۆ کاک ڕەحمان بردووە و داوای ئەو نووسینەی خۆم لێکردووە؛ لەگەڵ ئەوەی وا هەبووە ئەم نووسینەم زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیدا تێپەڕیوە، بەزوویی بۆی دۆزیومەوە و فایلەکەی بۆ ناردووم. هێدنێک کەسی دیکەش دەناسم کە بۆ دیتنەوەی نووسینێکی خۆیان هەمان ڕێگایان گرتووەتەبەر.

ئەوا ئەمساڵیش بە نزیکبوونەوە لە یادی ٣٥ ساڵەی تێرۆری رێبەری لێهاتوو، د.قاسملوو، جارێکی دیکە، کاک رەحمان نەقشی، قەرزداری خۆی کردووەتەوە و کۆمەڵێک لە نووسین و بابەتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی منی لە تویی نامیلکەیەکدا بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردووە. خۆزگەم دەخواست من و هەموو ئەوانەی شایەدی ماندووبوون و دڵسۆزییەکانی کاک رەحمان لە ئاست ئەرشیڤکردن و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی خۆمانین، بمانتوانیبا لانی کەم گۆشەیەک لەو خزمەتانەی قەرەبوو بکەینەوە. ئەم هەمووە کات و وزەیەی ئەم برا بەرێزەمان لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی خۆبەخشانە بۆ کۆکردنەوە و ئەرشیڤکردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی سیاسینووسەکانی رۆژهەڵات لە میدیای ئەلێکترۆنیدا تەرخانی کردووە، یەک سەرچاوەی هەیە، ئەویش هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و رێزدانانی بۆ کاری سیاسی و فکریی رێبەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و رزگاریخوازیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. کاک رەحمان نەقشی رێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ د.قاسملوو وەک شوێندانەرترین و دیارترین سەرکردە و کەسایەتیی نێو ئەو بزووتنەوەیە هەیە، بۆیە لە ماوەی ٢٠ - ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، جگە لەو نامیلکانەی لە وتار و نووسینی جۆراوجۆرهەر ساڵەی بۆ یادی دکتۆر قاسملوو ئامادەی کردوون، کتێبێکی پڕ نێوەرۆک و دەوڵەمەندی پیکهاتوو لە نووسین و بابەتی نووسەران و سیما دیارەکانی بواری سیاسی و رۆشنبیری لە کوردستان لە ژێرناوی "**قاسملوو لە ئاوێنەی بیرو بۆچوونی دا**" لە دوو بەرگدا چاپ کرد، لەم رێگایەشدا سەرەڕای ماندووبوونە فکری و جەستەییەکانی، بە گیرفانی بەتاڵەوە تووشی خەرج و تیچوویەکی باشیش بوو.


بە بۆنەی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستتانە، لە قووڵایی دڵمەوە دەستخۆش و ماندوونەبوونی بە کاک رەحمان نەقشی دەڵێم. سڵامەتی، تەمەندرێژی و لەگەڵ ئەمانەشدا هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیان و تێکۆشانی بۆ دەخوازم بۆ ئەوەی بە خەیاڵێکی ئاسوودەتر، درێژە بەم خزمەتە خۆبەخشانەیەی بدا.

١٣ی جوولای ٢٠٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتووێژێکی خوێناوی لە بارەی خودموختاریی کوردستانی ئێرانەوە



**وەرگێڕان و ئامادە کردنی: قادر وریا**

زۆر کەس هەن کە ئارەزوو دەکەن بزانن ئەو قسانەی لە چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملوو و دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دانیشتنی وییەن دا کران، چ بوون.

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، چووبووە وییەن. ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندیەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو. ئەوان بۆ کوشتنی "پێغەمبەری ئاشتی" هاتبوون.

ڕۆژنامەی فەرانسەیی لۆمۆند ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملوو و ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی وییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری "ئ‌ارش"یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردۆتەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە خوێنەرانی "تێکۆشەر" ئەم وتارەیان نەدیوە، بە پێویستمان زانی وەری بگێڕینەوە سەر زمانی کوردیو بە بۆنەی نۆیەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنمان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە" تێکۆشەر"دا بڵاوی بکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری[ گشتی]ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گوللە کە وەسەری کەوتبوون، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری وییەن دا، کوژرا.

ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تارانو پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو سەرلەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی (رێژیمی)ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراروودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقەکردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراروودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونەدەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی "بوزورگیان" بۆ ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس راگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەوی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادیەکی تەواوەوە توانی لە ئوتریش بچێتە دەر.

**وتووێژەکانی ناردراوانی تاران و رێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە.**

ئەوانەوارانە کە لە دەستی پۆلیسدا بوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵلاحەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێداین. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسانەیەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانیەکان (نوێنەرانی رێژیمی ئێران) کە پێیان وا نەبوو رۆژێک لە رۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیانو روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕواهەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسیە مۆدێرنەکان و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلیدا، نیشان دەدەن.

**ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەستپێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:**

دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامی‌یەکانی (رێژیمی) ئێران و لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ (ئەم بزووتنەوەیە) بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە رێگای وتووێژەوە چارەسەر بێ. هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی رازی بێ، بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە رێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا مردبوو) دەبێ رابگەیەنن کە داخوازی خودموختاری‌یان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتندا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ:

"**بیکوژن**".

سەحراروودی رادەگەیەنێ کە "ئێمە پێکەوە رێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە". چونکە "دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن". ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ "تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتن و پێوەندی‌یەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی راشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە".

**عەبدولرەحمان قاسملوو دێتە سەر کاکڵەی مەسەلەکە:** "لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵی‌یەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی رێژیم لەگەڵ قەبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاریدا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی‌دا باسێکی زۆر دووروودرێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانی‌دانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟"

**قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ:** "نەسلی من، نەسلی دێمۆکراسی و خودموختاری‌یە". پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: "دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر

نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دووربوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی"...

سەحراروودی: "ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵاتو نە ڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان".

قاسملوو... "من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاری‌دا، ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و ڕەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن".

قاسملوو پاشان ڕوانگەو بووچوونی خۆی لە بارەی خودموختاری‌یەوە بە درێژی شی دەکاتەوە: "بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێ‌دان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردی‌یە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری و بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتنو جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع‌بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی‌و کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆڵانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ."

## قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:

"ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشیی لێ‌بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە.

ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی "بسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ بکرێ. ئەوەش ڕاست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ "بسم الله الرحمن الرحیم".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانییەکان (ناردراوانی ڕێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ ڕۆژی ١٣ی ژوویە سەحرارودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: "ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسان و ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن.

بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێک مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن."

سەحراروودی باسێکی دوورو درێژ دەست پێ دەکا کە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نیە..."ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلی، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی "ولایت" (ئوستان) کە حاکمەکان (والییەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو. لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن و لەسەر ئەم باوەڕەن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینی دا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێ قبووڵ ناکرێ".

سەحراروودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: "بسم الله الرحمن الرحيم"... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سۆسیال-دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیەو ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامییەکان و کۆماری ئیسلامییەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەیەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێ‌و تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە.

هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێ و لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتییەکان و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە".

**قاسملوو:** "ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵیە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن".

**دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ:**

**سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.**

**لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ:** "ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێ یە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کە کاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووە وا باشترە کە فیدرالیزم هەڵبژێردرێ‌و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزمو نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن".

**قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە:** "لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتی یە هەبێ و بە ئوسوول و پڕەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیی یەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکانو هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان".

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: "یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتنو درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ ڕابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێ‌دەدەن. بەڵام لە هەر حاڵ دا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتنو ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادەلەکان و




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێو هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ".

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسیو مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگکپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێدەنگیی تەواو.

**له "تێکۆشەر" نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ٦٢، دەورەی ٢ هاوینی ١٣٧٧ دا بڵاو بۆتەوە.**

---






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکییەک بۆ کتێبی"قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"



دوکتور قاسملووی نەمر درێژەدانی ڕێگای شەهیدانی بە باشترین پاداش بۆ ئەوان دەزانی. پێم وایە ئەم وتەیە قسەیەکی یەکجار جوان و پڕمانایە، هەر بۆیەش لەمێژ ساڵە بووە بە دروشمی سەر زاری ڕێبوارانی ڕێگاکەی و بە کردەوەیش هەوڵیانداوە وەفاداری، ئەمەگناسی و قەدرزانیی خۆیان بەرامبەر بەم ڕێبەرە بە سووربوون لەسەر خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کە ئامانجەکانی گەلی کوردن، بسەلمێنن. بە خۆشییەوە ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو هەر وا بەردەوام و ڕێبوارانی ڕێگاکەی و ئۆگرانی بیر و بۆچوونەکانی هەر لەزیادبووندان.

لە حاڵێکدا ١٦ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرە مەزنە ڕابردووە، ناوی، یادی و بیر و ئەندیشەکانی نەک هەر لەبیر نەچوونەوە، بەڵکو هەر لە گەشانەوەدان و بۆ نەسلە نوێیەکانی خەڵکی کوردستانیش هەروا سەرنجراکێش، خۆشەویست و جێگای ڕێزن. ناوی ئەم ڕێبەرە و ئامانجەکانی بوون بە دروشمی سەرزار و ئاڵای دەستی لاوانی ئەمڕۆی کوردستان لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان بە دژی دیکتاتۆری و زۆرداریی دەسەڵاتدارانی ئێراندا.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییەشدا کە بەرامبەر بەم ڕێبەرە لەنێو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا هەیە و سەرەڕای بەردەوامیی ڕێگاکەی، پێویستە خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی لاوەکان، وردتر و زیاتر لەگەڵ ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی و بیر و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ئاشنا بکرێن. هەر لە بنەڕەتیش ڕا درێژەدانی هەرچی باشتری ڕێگا و ڕێبازێک، پێویستی بە ناسینی قووڵتر و فراوانتری ئەو ڕێگا و ڕێبازە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەکەوە پێویستە زۆر لە نووسین و لێداوانە گرنگەکانی ئەم ڕێبەرە شەهیدە و ئەو باس و بابەتانەی لە بارەی دوکتور قاسملووەوە لە درێژایی ساڵانی ڕابردوودا نووسراون و بڵاوبوونەوە، سەرلەنوێ چاپ و بڵاوبکرێنەوە و بخرێنە بەرچاوی ئەوگرانی زانین لە بارەی ئەم ڕێبەرەوە. چونکە دڵنیام بەشێکی زۆری ئەو بابەتانە بەهۆی زاڵبوونی هەلومەرجی پۆلیسی و زەبروزەنگ و بێ ئیمکاناتی و کەمدەرەتانی، ڕێژەیەکی زۆری خەڵک نەیدیتوون و نەیبیستوون. لە لایەکی دیکەیشەوە پێویستە ژیان و خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو و بیر و ئەندیشەکانی زۆر لەمە زیاتریان لەسەر بنووسرێ و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تیشکیان بخرێتە سەر، بۆ ئەوەی نێوەرۆک و تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ئەم ڕێبەرە گەورەیە وردتر و زیاتر بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ئەوگرانی ڕزگاریی ئەم نەتەوەیە لە بندەستی، دەربکەوێ و بۆ دەوڵەمەندترکردنی ئەزموونی سیاسی، کەلتوری خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیمان کەڵکی لێوەربگرین.

بە خۆشییەوە ژمارەی ئەو کەسانەی خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر بیر و بۆچوونی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی ئەو ڕێبەرە لە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیی گەلی کورددان، تا دێ زیاد دەکا کە هیوادارم بەرهەم و ئاکامی زانستی و باشیان لێ بکەوێتەوە. هەنگاوانی من بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبەش لەم پێویستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئاماژەم پێکرد. بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە نووسینەکانمەوە هەیە بە هیچ جۆر ئیددیعا ناکەم کارەکەم لە ئاستی گەورەیی کەسایەتیی دوکتور قاسملوودایە، یا وەڵامدەری ئەرکی پێویستی لێکدانەوە لەسەر ڕوانین و بۆچوون و هەڵوێستەکانیەتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار. یەکەم، ئەوە کە ڕەنگە هەر لە جێدا من بۆ هەنگاوێکی ئاوا گەورە ئامادە و گونجاو نەبم. دووەم، زۆربەی ئەم نووسینانەم کە لەم کتێبەدا بڵاوبوونەوە، کاتی خۆی بە مەبەستی یادی کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و ڕێزگرتن لە بیرەوەریی ئەو ڕێبەرەمان بۆ ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسراون. واتە نەهاتووم بەپێی پلان و پرۆژە کتێبێک لەسەر کەسایەتی و بیر و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بنووسم و لە ئاکامدا بپرژێمە سەر هەموو ئەو بوار و لایەنانە کە مەبەستمن.

شتێکی سروشتییە ئەگەر خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم وتار و بابەتانەدا کە لە فەسڵی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتوون، هەست بە دووپاتبوونەوەی چەند شتێک بکا. چونکە وتارەکان - زۆربەیان - بە بۆنەیەکی وەک یەکەوە نووسراون و پێویستیش بوو لەم بۆنانەدا ئەو شتانە دووپات ببنەوە.

فەسڵی دووەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ وتار و وتوویژ و وتەکانی دوکتور قاسملوو. دیارە ئەو بەشە لە وتار و وتوویژ و وتەکانی کە بۆخۆم لە درێژایی نزیک بە دوو دەیەی ڕابردوودا کردوومن بە کوردی، یا گوڵبژێرم کردوون و سەردێرم بۆ داناون و لە بیرەوەریی ساڵانەی شەهیدبوونی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاومکردوونەوە. لانیکەم دوو لەم بابەتانەم لەو کاتەدا کردوون بە کوردی و بڵاوبوونەتەوە کە دوکتوری نەمر هەر لە ژیاندا بوو.

لە فەسڵی سێیەمدا ئەو پەیام و لێدوان و نووسینانە هەن کە لە بارەی کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملوو و ڕوانگە و هەڵوێستەکانی ئەو شەهیدە و کارەساتی تاڵی ١٣ی ژوئیەی ڤیەنەوەن. دیارە لەم بەشەشدا تەنیا ئەو پەیام و نووسین و وتوویژانەم هێناون کە بۆخۆم کردوومن بە کوردی. ئەمانەش لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو شتانە نین کە لە پەسنی دوکتور قاسملوودا گوتراون و نووسراون، بەڵام کەمیش نین. چونکە زۆربەی ئەو پەیام و وتارانەی دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی و لە یەکەم ساڵڤەگەڕی شەهیدبوونی و لە ١٠ ساڵەی کارەساتی ڤیەندا بە زمانی فارسی گەیشتوونەتە ڕۆژنامەی کوردستان و بۆخۆم کردوومن بە کوردی، دەگرێتەوە. گونجاندنی پەیامی سەرەخۆشی و هاودەردیی حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە بیانی و ئێرانییەکان لەم کتێبەدا، بۆ ئاگاداریی خوێنەری ئەمڕۆی کورد هەم لە ناو و ژمارەیان و هەم لە نێوەرۆکی پەیام و وتەکانیان و لە هەڵوێستیان لە کات و ساتێکی ئەستەمی مێژووی گەلەکەماندا، شتێکی پێویست بوو.

لە چوارەم فەسڵیشدا کرۆنۆلۆژی (ڕۆژمێر)ی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو وتاری پێوەندیدار بەو پەروەندەوە هەن. ئەم کرۆنۆلۆژییەش بۆ کەسانێک کە دەیانەوێ لە پەروەندەی ئەم تیرۆرە بکۆڵنەوە، زانیاریی باشی تێدایە. لە ڕاستیدا یەکێک لە مەبەستەکانم لە ئامادەکردنی ئەم کرۆنۆلۆژییە بەتایبەتی و کتێبەکە بەگشتی، کارهاسانی بۆ ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ لە بارەی دوکتور قاسملووە لێکۆڵینەوە بکەن.

ناوی ئەم کتێبە "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە"، بە ڕێکەوت هەڵنەبژێردراوە. جگە لەوەی هەر لەنێو نووسینەکانمدا وتارێک لەژێر ئەم سەردێرەدا هەیە، لە سەرجەمی نووسینەکانم و لە زۆربەی ئەو پەیام و وتارانەشدا کە وەرمگێڕاون و لێرەدا خراونەتە بەرچاوی خوێنەران، ئەم باوەڕ و بۆچوونە زاڵە کە بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێبازەکەی کوێر نابێتەوە و خەبات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا درێژەی دەبێ.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە داهێنەری ئەم دروشمە، هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرین و خۆشەویستی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە کە بۆ تراکت و ئافیشی تایبەت بە یەکەمینساڵڕۆژی شەهیدبوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو، ئەم دروشمەی لەگەڵ کۆمەڵێک دروشمی دیکەدا ئامادە کرد.

لەنێو نووسەران و لێکۆڵەران و بەگشتی دانەرانی کتێبدا، ڕەسم وایە کە بەرهەمەکەیان پێشکێش بە کەسانێک دەکەن. دیارە هەر کەس بە ئینسافەوە داوەری بکا و هەڵوێستەیەک لە نێوەرۆک و ڕێکەوتی نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردنی هەر یەک لە بابەتەکانی ئەم کتێبە و ڕادە و حەجمیان بکا، قەبووڵ دەکا کە لە پشت ئەم کارە بەردەوام و درێژخایەنەوە خۆشەویستیی دوور لە ڕیا و ئۆگرییەکی ڕاستەقینە بە کەسایەتی و بیر و بۆچوونەکان و ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو هەیە. هەر ئەم خۆشەویستی و ئۆگرییەشە هانم دەدا ئەم کتێبەم لە پێشدا پێشکێش بە یادی دوکتور قاسملووی مامۆستامان بکەم. پاشان پێشکێشی دەکەم بە هەموو ئەو کەسانەی دوکتور قاسملوو بە موڵکی هەموو حیزبی دێموکرات، هەموو گەلی کورد و مرۆڤایەتی بەگشتی دەزانن. پێشکێش بەوانە کە لەجیاتی خەوشدارکردنی "ناو و ڕێبازی قاسملوو" بەکەڵک لێوەرگرتنیان وەک ئامرازێک لە شەڕی پۆست و مەقام و بەرەوپێشبردنی مەبەستی ناپیرۆزدا، هەوڵدەدەن ناوی دوکتور قاسملوو بکەن بە ڕەمزێک بۆ یەکێتیی و هاوخەباتیی نەتەوەیی و ڕێبازەکەی دەکەن بە قوتابخانەیەک بۆ لێهەڵێنجانی بەها بەرز و ئەمڕۆییەکان و لەم ڕێگایەوە خەباتی نەتەوەکەیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە، بەهێز دەکەن.

سەرچاوە: ویبلاگی کوردستانی ئازاد - ڕێکەوتی: خەرمانانی ١٣٨٤ = سێپتەمبەری ٢٠٠٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تەقەکردن لە شانازی‌یەکانی حیزبی دیمۆکرات لە پەنا ناوی بەرزی دوکتور قاسملووەوە



"هەڵوەدا" ناوێک لە ماڵپەڕی "دیمانە"دا وتارێکی لەژێر ناوی "حەسەن‌زادە کوێرکەرەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو"دا نووسیوە. ئەم نووسراوەیە بەڕاستی جێگای سەرنجە. حەز دەکەم هەموو ئەو کەسانەی ئاشناو شارەزای "ڕێبازی دوکتور قاسملوو" و ئۆگری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو گەورەپیاوەن و هەر لەو کاتەشدا کەسایەتیی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە و ڕاستی‌یەکانی نێو حیزبی دیمۆکرات دەناسن، بیخوێننەوە تا بۆیان ڕوون بێتەوە:

### نووسەر بە کردەوە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت فڕی بە ڕێبازی دوکتور قاسملووەوە نیە، چونکە:

١- قاسملووی نەمر لە باری سیاسی و ئەخلاقی‌یەوە ئازا و بەشەهامەت بوو. ئەوەندە بەشەهامەت بوو کاتێک لە سەردەمی گەنجیەتی‌دا لە "پراگ" دەژیا و هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەرکوتی دۆبچێک پەلاماریان بردە سەر ئەو وڵاتە و بەهاری پراگیان کردە خەزان (١٩٦٨)، گەورەیی و زۆریی هێزە نیزامی‌یەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت، هێرش و پەلاماری تەبلیغاتیی لایەنەکانی دەروێش و بەستراوە بە سۆڤیەت و لە مەترسی‌کەوتنی داهاتووی ژیانی خۆی، هیچ کامیان نەیان‌ترساند و ئەو هەڵوێستەی دەبوو لە کاتی‌خۆیدا بەرامبەر بە کردەوەیەکی مەحکووم بگیرێ، گرتی. بەڵام ئەم دڵسۆز و خەمخۆرە درۆیینەی دوکتور قاسملوو، تەنانەت ئازایەتیی نووسین بە ناوی خۆشی‌یەوە لە کاتی هێنانەگۆڕی ئیددیعاکانیدا نیە. کەسێک ئیددیعا بکا کە ڕێڕەوی ڕێبەرێکی گەورەی وەک دوکتور قاسملووی نەمرە، دەبێ لەنێو هەموو تایبەتمەندی‌یە

بەرزەکانی ئەو کەسایەتی‌یەدا لانی‌کەم کەمێک لەو هەموو شەهامەت و ئازایەتی‌یە سیاسی‌یەی ئەوی هەبێ و بوێرێ شتەکانی بە ناوی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە.

٢- دوکتور قاسملوو بە سەرنجدان بە زەرفییەت و ماهییەتی حیزبەکەی وەکوو حیزبێکی دیمۆکرات و بەو هۆیەوە کە خاوەنی فەرهەنگێکی دیمۆکراتانە و پێشکەوتووانە بوو، هیچ ترس و شەرمی لە هێنانەگۆڕی ڕەخنە و ناڕەزایەتی‌یەکانی خۆی لە هەر هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی لەنێو حیزبدا نەبوو. بۆیە هەر مەسەلەیەکی هێنانەگۆڕی بە پێویست زانیبا، لە کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزبی دیمۆکراتدا بێ‌ئەوەی ڕەنگی غەیرە واقیعی پێبدا، تەرحی دەکرد. باوەڕی قووڵیشی بە دیالۆگ و ئیقناع هەبوو. شێواندنی ڕاستی‌یەکان و کەڵک وەرگرتن لە بوختان و ناو و ناتۆرەی حەقیرانە و پڕلەسووکایەتی بۆ موخالیفانی و بەرەوپێش‌بردنی عوقدەی مەقام‌پەرستی هەر جارەی لەژێر ناوێکدا لەگەڵ کاراکتێر و فەرهەنگ و باوەڕی دوکتور قاسملوو نەدەهاتەوە. ئەو مرۆڤە چونکە بەڕاستی دیمۆکرات، مۆدێرن، پێشکەوتنخواز و بەفەرهەنگ بوو، گوێی بۆ قسەی موخالیفان و نەیارانیشی ڕادەگرت. قسەی مەنتیقیی لێ دەبیستن و کاری تێدەکرد. بەڵام "هەڵوەدا"ی ڕێڕەو و لایەنگری ڕواڵەتیی ئەو، چونکە بەڕاستی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی قاسملووانە بێگانەیە، هیچ بڕوا و متمانەیەکی بە خۆی و قسە و ئیددیعا بێ نێوەرۆکەکانی نیە. من نازانم بەڕاستی کەسێک بەو "کاراکتێر" و ماهییەتەی "هەڵوەدا"وە لە حیزبی دیمۆکراتدا هەیە یا نا؟ یا لە دەرەوەی حیزبی دیمۆکراتە و بەناو "حیزبی" و "دیمۆکرات" و "لایەنگری ڕێبازی دوکتور قاسملوو" تەقە لە شانازی‌یەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکا! ئەگەر لەنێو حیزبی دێموکراتیش دا بێ، دیارە هیچ بڕوای بە زەرفییەت و ماهییەتی حیزبی دیمۆکرات نیە؛ بڕوای بە وەرگیران و پێشوازی لێکرانی ئیددیعا و مەبەستەکانی لەنێو حیزبی دیمۆکراتدا نیە. هەر بۆیە لە جیاتی هێنانەگۆڕی ڕوون و ڕاشکاوانەی مەبەستەکانی خۆی لەنێو ئەم حیزبەدا، لە دەرەوەی حیزبی دیمۆکرات و لە ماڵپەڕی "دیمانە"دا فرمێسکی بەدرۆ بۆ حیزبی دیمۆکرات و ڕێبازی دوکتور قاسملوو هەڵدەوەرێنێ.

## کەڵک وەرگرتن لە ناو و ڕێبازی دوکتور قاسملوو وەک ئامرازێک بۆ هێنانەژێرپرسیاری ١٠ ساڵ لە مێژووی حیزبی دیمۆکرات:

١- ئەندامێکی حیزبی دێموکرات و هەر خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی "ڕێبازی دوکتور قاسملوو" دەزانێ کە ئەم حیزبە لە کۆنگرەی دەیەمی خۆیەوە "مافی کەمایەتیی لەنێو حیزبدا" بە ڕەسمی ناسیوە و لە کۆنگرەی ١١ و ١٢شدا ئەو مافەی پەسند کردوە کە کەمایەتی یا هەر ئەندامێکی حیزب لە ڕۆژی دوای کۆنگرەوە هەقی ئەوەی هەیە بە نووسین و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاشکرا (لە چوارچێوەی حیزبدا) بیر و بۆچوونەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەگەر "هەڵوەدا" ڕاست دەکا ئەندامی حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمۆکراتە و قسەیەکی بۆ کردن هەیە و دەردەکەی شتێکی دیکەی جیا لە"ڕێبازی دوکتور قاسملوو" نیە، بۆ لەو مافە ڕەوا و حیزبی و تەشکیلاتی‌یە کە حیزبەکەی بە ڕەسمیی ناسیوە، کەڵک وەرناگرێ؟!

٢- ئەندامی بەبیروباوەڕی حیزبی دیمۆکرات و خەمخۆری ڕاستەقینەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی ئەو حیزبە، ئامادە نابێ لەبەر "ڕق و غەرەز"ی خۆی بەرامبەر بە کەسی یەکەمی ئەو حیزبە جا بە هەر هۆیەک بێ. حاشا لە هەموو دەسکەوتەکان و سەرکەوتن و پێشکەوتن و شانازی‌یەکانی حیزبی دیمۆکرات بکا و بیان‌باتە ژێر پرسیار. مەگەر ئەوە کە ڕق و غەرەزەکەی زۆر تایبەتی و ئۆگریی‌ەکەی بەو حیزبە هەر بەناو و بەرواڵەت و زۆر ڕووکەشی بێ. تەنیا کەسێکی لەو تیپەش دەتوانێ ئەو هەموو ستایش و ددان‌پێدانانەی دەیان و سەدان حیزب و کەسایەتی و دەوڵەتمەردی گەورەی کورد و ناوچە و جیهان بە گەورەیی حیزبی دیمۆکرات و سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە دەورانی سکرتێریی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادەدا نەبینێ و حاشایان لێ بکا. "هەڵوەدا" دەتوانێ چاوێک بە نێوەرۆکی ئەو هەمووە پەیامانەدا بخشێنێ کە بە بۆنە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆنگرەکانی حیزب، یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکرات، یووبیلی زێڕین، هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە کوردستانی عیراق، دەساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دەساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میکونووس بۆ حیزبی دیمۆکرات هاتوون و چاپ و بڵاوبوونەوە و ئەوکات لەگەڵ ویژدانی خۆی چەند دەقیقەیەک خەڵوەت بکا!

٣- لە ڕوانگەی دیکەشەوە بە دووری دەزانم "هەڵوەدا" بۆخۆی نەخشێکی ئەوتۆی لە تێکۆشانی حیزبی دیمۆکرات و وەدەستهێنانی دەسکەوتەکان و سەرکەوتنەکانی‌دا هەبێ. چونکە ئەگەر بەڕاستی جێ‌پەنجەی بە تێکۆشان و شانازی‌یەکانی حیزبی دیمۆکراتەوە دیار با، تەنانەت بەشداری‌یەکی کەمیشی تێیاندا هەبا، ئامادە نەدەبوو "بۆ دەسرۆکەیەک قەیسەری‌یەک بسووتێنێ". حازر نەدەبوو بۆئەوەی داخی دڵی خۆی بە کەسێک بڕێژێ، هەموو حیزبی دیمۆکرات بکاتەوە بە هیچ. ئەم دڵسۆز و لایەنگرە ڕواڵەتی‌یەی "ڕێبازی دوکتور قاسملوو"، بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی هەزاران ئەندام و تێکۆشەری حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، هەر بۆ ئەوەی کەسایەتی و سەرکەوتنەکانی حەسەن‌زادە بەرێتە ژێر پرسیار، دەکاتەوە هیچ. بۆ ئەوەی بڵێ عەبدوڵلا حەسەن‌زادە لە ڕێبەریکردنی حیزبی دیمۆکراتدا سەرنەکەوتوە، هەموو ڕێبەرایەتی و سەرجەم بەدەنەی حیزبی دیمۆکرات وەک شتێکی مردوو، بێدەنگ، بێ‌خاسییەت و گوێ‌ڕایەڵ کە سکرتێری گشتی چی پێ خۆش بووە بەسەری هێناون، نیشان دەدا. پێشاندانی ڕواڵەتێکی بەم چەشنە لە حیزبی دیمۆکرات کە لە نووسراوەی "هەڵوەدا"دا هاتوە، ناتوانێ و ناکرێ کاری دڵسۆز و ئۆگرێکی ڕاستەقینەی ئەو حیزبە و ڕێبازی دوکتور قاسملوو بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- بەرەوپێشبردنی مەبەستی ناڕەوا لەپەنا ناو و یادی ئەو کەسانەی بەلای خەڵکەوە پیرۆزن، واتە دنەدانی هەستی کەسانی ساویلکە بەم جۆرە تەرفەندنە و کەڵک وەرگرتن وەک ئامراز لەناو و یادی ئەوان بۆ ڕقڕشتن بە کەسێک، گەیشتن بە پۆست و مەقام، بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕقەبەران و موخالیفان، کردەوەیەکی عەوامخەڵەتێنانەیە و ئەم جۆرە چەکە ژەنگاوی‌یانە، تەنیا لەو جێگایانە برەویان هەیە کە جەهالەت و دەمارگرژی حوکمڕانە. ئەم جۆرە لە ململانێی سیاسی، کاری ئەوانەیە کە لە مەیدانی "ئیستیدلال" و لە شەڕی مەنتیقدا، زۆر زوو قافیەیان پێ تەنگ دەبێ. ئەم کولتوورە هی مرۆڤی مۆدێرن و دیمۆکرات نیە.

تاوانبارکردنی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە کوێرکردنەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو و دژایەتی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ناو و یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە، تەنیا بۆ گاڵتەپێکردن دەبێ. چونکە دڵنیام زۆر لەو کەسانەی لە ناوی بەرزی قاسملوو و خۆشەویستیی ڕێبازەکەی و گەورەیی کەسایەتی‌یەکەی بۆ هێنانەژێرپرسیاری سەرجەم مەوجوودییەتی حیزب و بەرەوپێشبردنی مەبەستە شەخسی‌یەکانیان کەڵک وەردەگرن ئەگەر تۆسقاڵێک دوکتور قاسملوویان ناسیبێ. لە ڕێگای بیر و زمان و قەڵەمی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە بووە.

## حیزبی دیمۆکرات لە دەورانی سکرتێریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دا:

١- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە یەکێک لە سەختترین قۆناغەکانی تەمەنی حیزبی دیمۆکراتدا ئەرکی سکرتێریی ئەو حیزبەی کەوتە سەرشان. لە هەلومەرجێکدا کە کوردستانی عێراق تووشی شەڕی تاڵی نێوخۆیی بوو و هێزە سەرەکی‌یەکانی ئەو بەشەی کوردستان زۆرترین فشاریان بە مەبەستی تەنگ‌هەڵچنین بە حیزبی دیمۆکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە خرایە سەر. شانبەشانی ئەم جۆرە فشارانەش، کوردستانی عێراق بوو بە مەیدانی ڕاوڕاوێنی تیرۆریست و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی و نائەمنی، فشاری سیاسی، دروستبوونی بەربەستی جۆراوجۆر لەبەردەم حیزب لەسەر ڕێگای کۆکردنەوەی داهاتی ماڵی، شوێنەواری گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان و حیزبی دیمۆکرات، گۆشەیەکی کەم لە زۆربەی ئەو دەورانەن کە مامۆستا حەسەنزادە، حیزبی دیمۆکراتی تێدا ڕێبەری کردوە.

٢- مامۆستا حیزبێکی دوولەتکراوی کردەوە بە یەک. یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکرات کە لە مێژووی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستاندا یەکەم ڕووداوی لەچەشنی خۆی بوو مێژوو بە ناوی ئەو سکرتێرەوە، تۆماری کردوە. پەسندکرانی مافی کەمایەتی لەنێو حیزبی دیمۆکراتیش دا لەو دیاری و دەسکەوتانەن کە ئەو سکرتێرە بۆ حیزبی دیمۆکراتی هێناوە. ئەم ئەسڵەش کە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیمۆکراتدا لە کۆنگرەی ١١وە گونجاوە . هیچ کەس لە دوای دوو دەورەی بەدوای

یەکدا ناتوانێ ببێتەوە بە سکرتێری گشتی، بە پێشنیار و ئیسراری ئەو سکرتێرە هاتە نێو حیزب. جگە لەمانە دەبێ ئاماژە بە بووژانەوە و گەشانەوەی ئەسڵی ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵ لەنێو حیزبی دیمۆکرات لەو دەورەیەدا بکەم. لەو سێ دەورەیەدا کە من ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیمۆکراتم، بە دەیان جار گلەیی و ڕەخنەم لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی بیستوە کە مامۆستا زۆر مەسەلە کە بۆخۆی دەتوانێ وەک سکرتێری گشتی بڕیاریان لەسەر بدا، بۆ بڕیار لەسەردان دەیانهێنێ بۆ دەفتەری سیاسی.

"هەڵۆەدا" دەتوانێ لە ژمارەی پلینۆمەکانی حیزب لەو دەورەیەدا ورد بێتەوە و وەڵام بداتەوە کە هەروا بە ڕێکەوت ڕێبەریی حیزب زوو زوو کۆبۆتەوە یا سکرتێر بە سەرنجدان بە ئەسڵی ڕێبەریی بەکۆمەڵ و بۆ بڕیاردانی جەمعی، پێکی هێناون.

٣- لە دەورانی سکرتێریی مامۆستا حەسەنزادەدا، پێوەندیی دۆستانەی حیزب لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان، ئێرانییەکان و جیهان بەرەو کزی چووە یا پەرەی گرتوە؟ "هەڵۆەدا" ئەگەر لەخۆی نەگۆڕێ، دەزانێ کە مامۆستا حەسەنزادە بە ڕێبەریی ژیرانە و هەڵوێستی حەکیمانە، لەو هەلومەرجە تایبەتییەی کوردستانیعێراقیشدا نەک هەرحیزبی دیمۆکراتی نەکرد بە بەستراوە و پاشکۆی ئەم و ئەو، نەک هەر نەیهێشت ویستی دوژمنانی نەتەوەی کورد کە ڕاکێشانی ئەو حیزبە بۆ نێو شەڕی نێوخۆیی بوو بێتەدی، بەڵکوو بە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، ڕێز و حورمەتی حیزبی دیمۆکراتی لای هێزە سیاسییەکان و هەموو خەڵکی کوردستان زیاتر کرد. با "هەڵۆەدا" دەمارگرژیی کوێرانە لەخۆی دوور کاتەوە و هەواڵی ئەو دیدار و کۆبوونەوانە تەعقیب بکا کە لەم دەورەیەدا لەنێوان نوێنەران و بەرپرسانی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی جیهان و بە سەدان وەزیر، کۆنگرێسمان، پارلمانتێر و کەسایەتیی دیکەدا کراون.

٤- "هەڵۆەدا" باسی تێکۆشانی تەشکیلاتیی نێوخۆ دەکا، بەڵام دەمارگرژی و ڕق و غەرەز ڕێگای پێ نادا ددان بەوەدا بنێ کە پەرەگرتنی ئەو تەشکیلاتەش هەر لەو دەورانە دایە کە عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزب بووە. حیزب لەم ١٠ ساڵەی دوایەدا لە بواری تەبلیغاتییەوە لە زەمینەی چاپەمەنیدا لە مەجالی کار و تێکۆشانی فەرهەنگی، فێرکردن و هتددا، بێگومان لە ڕابردووی خۆی باشتر بووە. ئەم بەرەوپێشچوونانەش هەروەک مامۆستا بۆخۆی زۆر جار وەبیرمانی هێناوەتەوە، هیچ کات نابێ ڕازیمان بکا و دەبێ زۆر لەوە زیاتر لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ بدەین تا بەشێکی کەم لە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنین. ئەگەرچی بێگومان سکرتێری و ڕێبەریی مامۆستا لە هەمووی ئەو دەسکەوت و بەرەوپێشچوونانەدا جێگا و شوێنی خۆی هەبووە، بەڵام هەمووی ئەوانە بە هەموو حیزبی دیمۆکراتەوە وەدەست هاتوون.

٥- "هەڵۆدا" و بەر لەویش "حەمەگاوان" هەر لە سایتی "دیمانە"دا باسی ئەو کادرانە دەکەن کە لە دەرەوەی وڵات حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیمۆکراتیان بەجێ هێشتوە. دیارە شاراوە نیە هەموو حیزبێک هەروا کە خەڵکی تازەی دێتە نێو، کەسانێکیشی بە هەر هۆیەک لێ دەڕۆن. ئەمە لە بارەی حیزبی دیمۆکراتیشەوە ڕاستە. بەڵام بەڕاستی ئەوانە کێن کە لەماوەی سکرتێری مامۆستادا لە حیزب ڕۆیشتوون و لەبەر چی؟ لەبەر نائەمنیی کوردستانی عیراق، خراپیی ژیان و گوزەران، ماندوویی بەبۆنەی ساڵانێکی دوور و درێژ تێکۆشان لە هەلومەرجی دژواردا و ئەم جۆرە هۆیانە ڕۆیشتوون یا مامۆستا پاڵی پێوە ناون؟ ئەم تیپە نووسەرەی سایتی "دیمانە" ئامادەش نین ددان بەوەدا بنێن "هێندێک لەو کادرانەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات" چاویان بە یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب و هاتنەمەیدانی کادر و بەرێوەبەریی تازە هەڵ نەهات. بوغزاندن و ناخۆشەویستیی هێندێک لە بەرپرسانی حیزبیش لەلایەن ئەوانەوە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

٦- خەمخۆرە ڕواڵەتی‌یەکەی "ڕێبازی قاسملوو" سەرەنجام واز لەو هەموو "مس مس"ە دێنێ و مەبەستە سەرەکی‌یەکەی دەردەبڕێ.

ناوبراو لەوە تووڕەیە کە کاندیدای دیکە بۆ سکرتێری لە حیزبی دیمۆکراتدا پەیدا بوون، ناویشی لێ دەنێ "قیتکردنەوەی ئەفرادی دیکە لە ڕێبەریی حیزب (بۆ سکرتێری) لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادەوە"، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە بۆ بێگانەیی "هەڵوەدا" لەگەڵ پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیمۆکرات و فەرهەنگ و بیرکردنەوە و تایبەتمەندی‌یەکانی دوکتور قاسملوو. خۆکاندیدکردن بۆ سکرتێری یا هەر پۆستێک لەحیزبی دیمۆکراتدا، هەقی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئەندامێکی حیزبی دیمۆکراتە کە توانا و لێهاتوویی بەڕێوەبردنی ئەو پۆست و بەرپرسایەتی‌یە لە خۆیدا ببینێ. هەڵوەدا کە لە "دیمۆکراسی" و "فکر و میتۆدی نوێ" دەدوێ، بەو هۆیەوە کە ئەمانەشی هەر دروشمن نەک باوەڕ، هەرچی دەکا بۆی هەزم ناکرێ لە حیزبی دیمۆکراتدا کە دەیان کەسی لە باری ڕابردووی تێکۆشان، ئەزموون، تێگەیشتنی سیاسی و کاری بەڕێوەبەری‌یەوە، لێکنزیکی هەن، چەند کاندیدا بۆ سکرتێری گشتی هەبن. بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی "هەڵوەدا" ئەوە جێگای خۆشحاڵی‌یە کە بۆ پۆستی سکرتێریش لە حیزبی دیمۆکراتدا ڕەقابەت هەبێ. دیارە ڕەقابەتێکی سالم و شارستانی‌یانە و دیمۆکراتیک. ئێمە دەبێ لەوە بترسێین کە کەس نەوێرێ بیر لە گەیشتن بە پۆستی سکرتێری بکاتەوە، یا بیری لێ بکاتەوە و سەرەڕای لەخۆڕادیتن، نەوێرێ دەری‌ببڕێ.


٧- دوا قسەم ئەوەیە سەرەڕای داکۆکیم لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە لە بەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایانەی "هەڵوەدا"دا، پێم وا نیە مامۆستا لە کەموکوڕی و لاوازی بەدوورە. لەو بڕوایەدام مامۆستا حەسەن‌زادە و ڕێبەرانی پێش ئەو و دوای ئەوی حیزبی دیمۆکرات و ڕێبەرانی سیاسیی دیکەی کوردیش پێویستە لە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"مصون" (پارێزراو) نەبن. دەبێ هەڵە و لاوازی و کەموکوڕیەکانیان، هەروەها خزمەت و کار و کردەوە جێگای شانازیەکانیان، مونسیفانە و بەدوور لە دەمارگرژی و ڕق و غەرەز، بخرێنە بەر تیشکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و نومرەی خۆیان پێ بدرێ.

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٤



## لەسەر گڵکۆی رێبەرێکی گۆڕغەریب



"ڕۆژێک کە کۆترەکانی ئاشتی لە دڵی پاریسدا، بۆ ڕێزنان لە مافی مرۆڤ لەبەر چاوی ڕێبەرانی ٣٢ وڵاتی جیهان بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵیان دەدا، یەکێک لە لێوەشاوەترین خەباتگێڕانی داواکاری مافە ئینسانییەکانیان لە شاری وییەندا کوشت. عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو، بێگومان زۆری پێ خۆش دەبوو توانیبای لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداربا‌و بەو ڕاوێژە ئارام‌و بەو سروشتە شۆخەی کە تایبەتی شەخسی ئەو بوو، داوای کردبا لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا، بیرێکیش لە حاڵی میللەتی کورد بکەنەوە.

قاسملوو فەرانسەی بە نیشتمانی سروشتیی دووهەمی خۆی دەزانی‌و بڕوایەکی قووڵی بە بایەخە دێمۆکراتیکەکان هەبووو دەیەویست لەگەڵ جێنشینانی خومەینی وتووێژ بکا، بەڵام هێندێک پێیان خۆش نەبوو کوردان لە داهاتووی ئێراندا ببنە هاوبەش. عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو گیانی خۆی لەو ڕێیەدا دانا. ئەو ئیدی هەرگیز کۆتایی تێکهەڵچوونەکان، سەرکەوتنی پێشمەرگەو وەدیهاتنی داوای ساکاری خودموختاریی کوردستان نابینێ، بەڵام ئەوانەی ناسیویانە، هەرگیز لەبیریان ناچێتەوە. ئەرکی هەموو ئەوانەی تینووی دادپەروەرین ئەوەیە ئەم پەندە کوردیە پێچەوانە بکەنەوە کە دەڵێ "میللەتی کورد جگە لە چیاکانی کوردستان پشتیوانێکی دیکەی نیە".

لە ئێوارەیەکی ساردی ڕۆژێکی سەرماوەزی پاریسدا، نۆ ساڵو نیو دوای ئەو ڕۆژە تاڵەی نەک مەمانان، میللەتێک ناتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەت لەبیری بەرێتەوە، لە نێو دیمەنە ئەفسووناوی‌یەکانی گۆڕستانی بەناوبانگی پیرلاشێزدا، لە سەر گڵکۆی ڕێبەرە گۆڕ غەریبەکەم، خۆم دەبینمەوە. سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە وییەن چوومەتە بەردەرکی ئەو ئاپارتومانە "لەعنەتی‌یە"ی کە ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨، پێغەمبەری ئاشتی‌یان تێدا کوشت، چەند حەوتوویەکیش پێشتر لە سوئێد بۆ یەکەمجار وێنەی دڵتەزێنو هەست بزوێنی کەللەی پڕاوو لەشی بە گوللە دابێژراوی ئەوو هاوڕێکەیم ـ کە بە دوای ڕووداوەکەدا هەڵ گیراوە ـ دیوە. بە دڵپڕ ِی و بێ‌سەرنجدان بە گریانی هاوڕێکەم، بەرێزەوە لەبەرامبەر وێنەی سەر کێلەکەیدا وەستاوم. تۆماری مەزلوومییەتی میللەتێک لەچەند دەقیقەیەکدا هەڵ دەوێژنم.

خۆرئاوا بوونی ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦٨، ئەو ڕۆژەی تەرمی ئەوو هاوڕێی تا سەری هەر لەم شوێنە، دوور لەچاوی ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگاکەی بە خاک سپێردرا، دیتەوە یادم. ئەم وتانەی سەرەووەی دوکتور بێرنارد کوشنێرم لە ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی‌دا کە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە ڕادیۆی بی. بی. سی بیستمن، یەک یەک لەگوێ‌دا دەزرینگێنەوە.

لەو دیوی دیواری ئاویی فرمێسکە قەتیس ماوەکانی نێو چاوم، کێلەکەی بەرە بەرە وەها بەرز دەبێتەوە، بورجی ئیفێلم لێ ون دەکا. بە وەرددانەوەی بیرەوەری‌یەکانم گیان بە بەر وێنەی سەر کێلەکەی‌دا دەکەمەوەو لەبەر چاوم زیندوو دەبێتەوەو بێجگە لەو چیتر بەدی ناکەم. "لە خزمەتی حەزرەتی عیشق"دا دەگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ڕێبەندانی ١٣٥٧، بۆ "حەسەن نووران" کە بۆ یەکەم جار لەوێ ناویم لە بابم بیست، بۆ باغی "یەنگیجە" کە یەکەم جار لەوێ دیتم. دەیان بیرەوەری لە دیدارو لە وتەکانی خێرا خێرا بە مێشکمدا تێدەپەڕن. بیرەوەریی ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد کە تازە هەواڵی جەرگبڕی شەهید بوونی ئەویان پێدابووین‌و "ناخوداگاه" ئەو شێعرەی هێمنم کەوتبۆوە یادو دەمنووسی‌یەوە:

**زەوی چۆنت لە ڕوو هەڵ هات بدەی سووڕ**
**نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ**

ئیرەیی بە هاوڕێکەم دەبەم. حەز دەکەم وەک ئەو لە قوڵپی گریان بدەم‌و ئەو ئاگرەی لە هەناوم دا کڵپەی سەندوە، دامرکێنم. بە پێچەوانەی عادەتی هەمیشەییم ئێستا یەکپارچە سۆزو بەزەیی‌و عاتیفە نیم، کوورەی ڕق‌و نەفرەت‌و بێزاریم. لەو غەدرەی لە پێش چاوی مرۆڤایەتی لێمان کرا، لە گۆڕ غەریبیی ڕێبەرانمان‌و بێ‌بەشییان لە بستە خاکێکی وەتەن کە تێی دا بسرەوون، لە بندەستی‌و مەزلوومییەتی سەدان ساڵەی میللەتە چەندین میلیۆنی‌یەکەم لە دەروازەی سەدەی بیستو یەکدا، بێزارو تووڕەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە**

بۆمشتو ماڵدانی ئەو هەستەی خۆمو بەرلەماڵاوایی، چەند کۆپلەیەک لە وتارە مێژووییەکەی "مامۆستا" لە سەر گڵکۆی ئەم ڕێبەرە گۆڕ غەریبە وەبیر دێنمەوەو لەبەر خۆمەوە دەیانڵێمەوە:

" ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زاناو ڕێبەری بەتوانا! بەخاترجەمی سەربنێوەو بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بە هەوڵو تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندووەو گەلێکت ڕاپەڕاندوە. قوتابیو هاوسەنگەرانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماونو ڕێگاکەت بەرنادەن... "


**لە ژمارە ٣٤٥ی "کوردستان" ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨١(٢٢ی ژوئیەی ٢٠٠٢)دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٠٧**

---



# ئەستێرەیەكی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون



كۆماری ئیسلامیی ئێران بە كەڵكوەرگرتن لە نیاز پاكیی حیزبی دێموكرات و ڕێبەرەكەی و، باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی كێشەی كورد لە كوردستانی ئێران، مێزی وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی حیزبەكەمانی كرد بە قەتڵگەی ئەوان و هەر بەو كەسانەش كە بە ناوی دیپلۆمات و نوێنەری خۆی بە رواڵەت بۆ وتوویژ ناردبوونی، شەهیدی كردن.

بە شەهید بوونی دوكتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێموكرات و گەلی كورد، ڕێبەرێكی بێوێنە و بزووتنەوەی دێموكراتیك و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەكەشمان سیما و شەخسییەتێكی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوكتور قاسملوو بە ڕێبەری كردنی مامۆستایانە و سەركەوتووانەی حیزبی دێموكرات و خەباتی خەڵكی كوردستان و، بەو ڕۆڵە كاریگەرەی لە نزیك كردنەوەی هێز و شەخسییەتەكانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی كە بە كەڵكوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی كێشەی كورد و خەباتی گەلانی وڵاتەكەی دژی ڕێژیمی ئینسانكوژ و كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێرانی كردبوون ، هەم بۆ قوتابیان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەكەی و گەلانی وڵاتەكەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو كە كۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەكی و دڵڕەشی گەلی كورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن كە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەكان بۆ لە داوخستن و شەهید كردنی، یانی كوشتنی لە سەر مێزی وتوویژی ئاشتی، هەڵ ببژێرێ.

ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێک و وڵاتێک دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی ڕێبەر و گەورە مامۆستاشمان "هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بە سەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد ڕاکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێخست.

١٩ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ڕابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم ڕێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و ڕێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پڕشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەی و ئۆگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەک هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێک هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد ڕەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.

بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە ڕووی قسەمان بکەینە ئەو ڕێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. "لاشت کە سەر دەنێتەوە بیرت هەر دەتەنێتەوە" *. ڕێبازت بەردەوامە و ڕێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری ڕەنجی چەندین ساڵەت بە فیڕۆ نادەن. ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژوویت هەروا ئیلهام وەردەگرن. ڕێبوارانی ڕێگاکەت و ئۆگرانی ڕێبازەکەت هەر وەک سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو ڕۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیک بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی و بێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی ڕێژیمێک کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە

نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.

* ئیشارەیە بەم شێعرەی مامۆستا هەژار کە لە ئەسڵ دا بەم جۆرەیە:

لاشمان کە سەر دەنێتەوە
بیرمان هەر دەتەنێتەوە


ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" پووشپەڕی ١٣٧٧ (ژوئیەی ١٩٩٨) دا بە بۆنەی نۆیەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ویبلاگی قادر وریا - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بۆچی قاسملوو؟ بۆچی ۲۲ی پووشپەڕ؟



نه د. قاسملوو یەکەم ڕێبەری سیاسیی کوردە کە کۆماری ئیسلامی گیانی لێئەستاندوە، نە ۲۲ی پووشپەڕ، تاقەڕۆژێکە کە تاوان دژی گەلی کوردی تێدا ئەنجام درابێ. ئەمەش هەر ڕاستە کە تیرۆری ۱۳ی ژووئیەی ۱۹۸۹ (۲۲ی پووشپەڕی ۱۳۶۸)ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نیە کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داون. ئەگەر وایە هۆی چیە »۲۲ی پووشپەڕ» و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» لە نێو ڕۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دوایی‌دا، بوون بە دەرفەتێک بۆ نارەزایەتی‌دەربڕینی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ هۆی چیە، نەک تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرەحیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، لە ۲۲ی پووشپەڕ و لە بیرەوەریی تیرۆری د. قاسملوودا هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د. قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز رادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاکەی ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵدەگرێ هەم کەمێک وردتر بچینە نێو چییەتیی پیلانێک کە بۆ تیرۆری د. قاسملوو ڕێکخرابوو، هەم هەڵوێستەیەک لەسەر کەسایەتی و بۆچوونەکانی د. قاسملوو بکەین. لەگەڵ ئەمانەشدا، نابێ لە سەرهەڵدان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستبوونی روانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان غافڵ بین کە لەوەڕێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەماندا جێگای خۆی هەیە.


راستییەکەی ئەوەیە شەهیدکردنی د. قاسملوو و هاورێیانی لە سەر مێزی وتوویژ ئەم تیرۆرەی تا رادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. راستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی و مەحکووم بوون و بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتوویژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د. قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نیە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نەخشەی تیرۆری د. قاسملوو دارێژراوە و بەڕێوە چووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بەیەکەوە بوون بە هۆی بریندارکردنی ویژدانی گشتی و غووروری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د. قاسملوو و دیموکراتیک و ئینسانیبوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، و شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو رێبەرە و تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەیدا، بە نەمری هێشتۆتەوە. راستە د. قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانیدا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێر بوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە ناردراوانی رێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتوویژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی رەوای نەتەوەیەکی دەکرد، ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلوماتدا و بە رواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ د. قاسملوو ناردبوونی، بە سڕەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان، دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤیینە بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەک دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پووشپەڕیان کردوە بە رەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێرانە، وەک گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێرانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانی دژی رێژیمێکی زۆردار و درندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم راستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و رێکخراوەییەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک مڵک یا پرسی

حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێبکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، نەک وەک چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەک ململانەی نەتەوەیەک لەگەڵ ڕێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێدەکا. ململانەیەک کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەر بکەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١١



# شەمێکی تر بۆ سەر کێکی
# لە دایکبوونی د.قاسملووی نەمر



جارێکی دیکە، شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی د.قاسملوو دەبێتەوە بۆنە و بیانوویەک بۆ ئەوەی ئاوڕ لە ژیان و تێکۆشان و بیر و هزری ئەم کەسایەتییە بدەینەوە.

عەبدوڵرەحمانی قاسملوو، کەمی لەسەر نەنووسراوە. بە کوردی و فارسی و بە زمانەکانی دیکەش، زیاتر لە زۆر ڕێبەر و کەسایەتیی دیکەی کوردی لە سەر نووسراوە. بەڵام ئەمە ناتوانێ پاساو بێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی دا یادی نەکەینەوە و چی دیکەی لە سەر نەڵێین و نەنووسین.

د.قاسملوو لەو کەسایەتییانەیە کە دوای مەرگ و بە تێپەڕینی زەمان، نەک هەر لە بیر نەچوونەوە بەڵکوو لە نێو نەتەوەکەی خۆیان و شارەزایانی سیاسی و نوخبەکانی نەتەوەکانی ئێراندا، ڕێزیان پتر و خۆشەویستییان زیاتر بووە. واتە لە گەڵ ئەوەی لە باری تێپەڕینی ساڵەکانەوە لێی دوور دەکەوینەوە، لە هەڵسەنگاندنەوەی باوەڕ و بۆچوون و هەڵوێستەکانی دا، لێی نزیک دەبینەوە. ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وەک دەڵێن ئایا ئەو، "پێش سەردەمی خۆی لە دایک ببوو" و بەرزتر، قووڵتر و دوورتر دەیڕوانی؟ یا هاوسەردەمەکانی، لە باری بیرکردنەوە و ڕوانینەوە، ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان نەبوون و نەیاندەتوانی ئاڵوگۆڕو ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان دەرک بکەن و بە تێگەیشتن لە سروشت و نیازی سەردەمەکە، سیاسەت بکەن؟

ئەوە کە نەسلەکانی ئێستاش، لە دەروژووری کوردستان، چ لە نێو زانکۆکان و لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، چ لە بەندیخانە، لە شاخ و چیا دوورەولاتی، تەنانەت لە لێکۆڵینەوە و باسە ئاکادیمییەکان دا، خۆیان لەڕوانین و گوتار و پەیامی د.قاسملوو دا دەدۆزنەوە و بە یارمەتیی وتەکان وئیستیدلالەکان( بەڵگاندنەکان)ی ئەو ڕێبەرە و بە پشتبەستن بە هەڵوێستەکانی، تەعبیر لە داوا و ویستەکانی خۆیان دەکەن،چ حیکمەتێکی تێدایە؟

دەکرێ هەر کامێکمان وڵامی جۆراوجۆر و جیاوازمان بۆ ئەم پرسیارانە هەبێ. بەڵام بێدوودڵی دەتوانین بڵێین ، یەک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم لەخۆ زانین و بە نزیکزانینە، لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانین و سیاسەتکردن و هەڵوێستگرتنی د.قاسملوو لە دەرەوەی ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوگرێدان و بالانس و هاوسەنگییە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕێبەرە، ژیرانە و سیاسییانە لە نیوان کۆمەڵێک واقیعی سەردەمەکەی خۆیدا، دروستی کردبوون.

د.قاسملوو لە گەڵ ئەوەی لە باری باوەڕو جیهانبینییەوە، پێشینەیەکی مارکسیستیی هەبوو، بەڵام لە سیاسەتکردندا، خۆی بە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم نەدەبەستەوە .لە بیرکردنەوە دا، چەپ و سۆسیالیست بوو، بەڵام بە پێچەوانەی زۆر کەسایەتی و تێکۆشەری دیکەی کورد و ئێرانی، پرسی نەتەوەیی لە پێناوی بایەخدان بە بیروباوەڕە چەپەکەی ، پشتگوێ نەخست. هەر وەک گرنگیدانی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و پرسی نەتەوەکانی لە وڵاتێکی وەک ئێران دا، لە سەر حیسابی پشتکردن لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێویستیی دابینبوونی ژیانێکی شیاو بۆ چینە زەحمەتکێشەکان نەبوو. ئەوەندە ناسیۆنالیست بوو کە وەک ڕێبەری یەک لە گەورەترین بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست،نوێنەرایەتیی نەتەوە بندەستەکەی لەکۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان دا دەکرد. بەڵام هەر لەو کاتە دا ئەنترناسیۆنالیست بوو، ڕوانینی جیهانییانەی هەبوو و لە پرسە جیهانی ونێودەوڵەتییەکاندا، پشتیوان، هاوکار و یاریدەدەری فکری و سیاسیی بزووتنەوەکانی دنیا بوو.

***

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا، زۆر کوردی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، بە تەوهین بە خۆیانی دەزانن کە پێیان بوترێ "ئێرانی". بەڵام د.قاسملوو بە دەنگی بەرز، ڕەخنەی لەوە دەگرت کە خۆی و گەلەکەی، لە وڵاتی ئێراندا وەک هاووڵاتیی پلە دوو سەیر دەکرێن."ئێرانیبوون" لە قامووسی ئەو ڕیبەرە دا، پێشمەرجێکی بنەڕەتیی هەبوو کە کە داننانی دەسەڵات و هاونیشتمانان بە بوونی نەتەوەی جیاواز لە ئێران دا و بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیان بوو. لە گەڵ ئەوەی زۆر حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی ئێرانی، هەر سەبارەت بەم خۆبەئێرانیزانینە دۆست و لایەنگری د.قاسملوو و حیزبەکەی بوون، هیچ کات نەیدەشاردەوە کە نەک دابینبوونی مافی نەتەوەیی بۆ کورد لە چوارچێوەی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە دا، بەڵکوو کەوتنەوە سەریەکی هەموو پارچەکانی کوردستان و پێکهێنانێکی دەوڵەتێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربەخۆ مافی بێئەملاو ئەو لای نەتەوەی کوردە.

قاسملوو، بوونی پێوەندیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی کوردستان لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە،بە سەرنجدان بە سروشتی سیاسیی کوردستان، بە شتێکی پێویست دەزانی. بەلام پێکهێنانی پیوەندی لە گەڵ دەولەتێکی دراوسێ لە سەر حیسابی دژایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو وڵاتە، بە بەزاندنی هێڵی سوور، بەخەیانەت دادەنا. ئەو کاتەی لە ئێران، ڕێژیمێکی تازە هاتبووە سەرکار، دەرفەتێک هاتبووە پێش بۆ ئەوەی ویستی لە مێژینەی گەلی کورد، بە ڕێگای دیالۆگ ولێک تێگەیشتن وبەشداری لە هەڵبژاردنەکان و ناردنی نوینەر بۆ مەجلیس و هتد جێبەجێ ببێ. د.قاسملوو وەک ڕیبەری سەرەکیترین هێزی کوردی هاندەری بەکارهێنانی هەموو ئەو ڕێگایانە بوو، بەڵام دەشیزانی کە نابێ هەموو هێلکەکان بخرێنە قەرتاڵەی خۆشبینی و ساویلکەییەوە. هەر بۆیە مەترسیی هێرشی دەولەتی ناوەندی بۆ سەر کوردستان لە دوای خۆگرتن و جێبێقایمکردنی، لەبەر چاو بوو و حیزبەکەی راسپاردبوو بۆ ڕۆژێکی ئەوتۆ، لانیکەمی ئامادەیی هەبێ. لە گەرمەی شەڕی پێشمەرگە و دەوڵەتی ناوەندییش دا، چاوەڕوانی کرانەوەی دەرووبەک بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن و، دابینبوونی مافەکانی گەلی کورد بە ڕیگای وتوویژەوە، بوو.

ئەمە گەورەترین هونەری د.قاسملوو بوو کە توانیبووی بە قازانجی حیزبەکەی و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، پردێک لە نێوان جۆراوجۆرییەکان و جیاوازییەکان ، تەنانەت لە نێوان ناتەباییەکان دا، هەڵبەستێ. جۆراوجۆری و جیاوازیی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان، کوردستان و ئێران، ناسیۆنالیزم و ئەنترناسیۆنالیزم، چەپبوون و دیموکراتبوون، ئاشتیخوازبوون و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە، دوێنێ و ئەمڕۆ وچەندین نموونەی دیکە کە هەر کامیان بۆ خۆیان باسێکی تایبەت هەڵ دەگرن.

***


پیرۆزبایی هەشتاوسێهەمین ساڵرۆژی لەدایکبوونی د.قاسملوو لە هۆگرانی ئەم کەسایەتییە و بیرو بۆچوونەکانی، دەکەم. بە هیوای ئەو ڕۆژەی، لە کوردستانی ئازاد دا، یادی لە دایکبوونی دەکەین بە جیژن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟




لە ٢٢ی پووشپەڕی داهاتوو دا(کەمتر لە مانگێکی دیکە) ٢٥ ساڵ بە سەر تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رادەبرێ. ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە د.محەممەد سەدیق کەبوودوەند چەند ساڵ لەمەوبەر لە پەیامێکی تایبەت دا لە بەندیخانەی ئێوینەوە، بە ڕۆژی دژایەتی لە گەڵ تیرۆری دەوڵەتی ناودێری کرد.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠ی هەتاوییەوە، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هێندێک شار و ناوچەکان، بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، لەم ڕۆژە دا بیزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی و وەفای خۆیان بۆ ئەم ڕێبەرە شەهیدە پێشان دەدا. بەڵام دامو دەزگای سەرکوتی ڕیژیم،بە کەلکوەرگرتن لە هەڕەشەو سزای جۆراوجۆر، ساڵ بە ساڵ توندتر بەرەورووی ئەو خەڵکە دەبوونەوە کە بەشداری ئەو مانگرتنە گشتیە دەبوونو تێچووی ئەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینەیان جاربەجار پتر دەبردە سەر. ساڵانی دواتریش ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە شەهیدەو بیزاری دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی تیرۆری ئەو ڕیبەرە کوردە دا،بە شیوەی دیکە دریژەی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە شوێنەواری زاڵبوونی سەرکوتوکەشوهەوای ئەمنییەتیی ئێرانی پێوە دیار بووە.

ئەم یادە(تیرۆری د.قاسملوو) هەر تەنیا هی دیموکراتەکان نییەو خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئەندامان و لایەنگران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هۆگرو لایەنگری ڕێگاو ئامانجەکان وکەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەنو هەر لەو کاتە

دا،دەیانەوێ لە دەرفەتی گونجاودا کارنامەی تیرۆریستیو سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەروەها ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە مێژ ساڵە تیکەڵ بە جۆرێک لە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە جێی خۆیەتی لە بازنەیەکی گەورەتردا قسە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵانەی ئەم یادە بکرێ و لە بەر ڕووناکایی ئەزموون و ئیدەی جۆراوجۆر،کردەییترینو گونجاوترین پێشنیارەکان بۆ چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو ئامادە بکرێ.

شاراوە نییە کە باسکردن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم یادە، باری ئەمنیەتیشی هەیە کە بێگومان،ڕەچاوکردنی پێویستە. بەلام هەر لەو کاتەدا، هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ڕابردوو، لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاکتیکەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کەموکوڕییەکانی ڕابردوو وخستنەرووی ئیدەی داهینەرانەش بەشێکن لە پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم یادە.

لەم ڕوانگەیەوە،هاوفکری لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم یادە دەدەن، بە پێویست دەزانم. وورووژاندنی ئەم باسەو هینانەگۆڕی ئەم پرسیارەی سەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یارمەتیمان دەدا کارێک کە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەیە، نەک لە بازنەیەکی بچووک،بەلکوولەبەر ڕووناکایی باس وبیروراگۆڕینەوەیەکی خەسارناسانە وداهێنەرانە دا، بڕیاری لە سەر بدرێ. بەو هیوایەی بە هاوفکری و هاوبەشیی دلسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی ئەم یادە لای ئەوان،گرنگی و جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەمساڵ بە شێوەیەکی دیارتر،بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ لە نێوخۆی ولات دا بەڕێوە ببەین.

جێگای وەبیرهێناوەیە کەسانێک کە پێشنیار و ئیدەیەکی تایبەتیان هەیە و بە هۆی ئەمنیەتی نایانهەوێ لە شوێنی گشتی دا باسی بکەن، دەتوانن بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنەکان و راگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی بنێرن تا بە تێبینییەوە باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لە سەر بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون (ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەرۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ی ژوئیەی ڤییەن)



به قەڵەمی کریس کۆچێرا

وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چووبووە ڤییەن ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندییەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو:

**ئەوان نەک بۆ وتووێژ بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون.**

کاتی خۆی ڕۆژنامەی فەرانسەیی «لۆمۆند» ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڤییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری «آرش»یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە هۆگرانی کەسایەتیی

د.قاسملوو حەز دەکەن بزانن لەم دانیشتنە خوێناوییە دا چ قسەو باسێک لە نیوان د.قاسملوو و ناردراوانی تیرۆریست هاتوونە گۆڕێ، وەرگێردراوی کوردیی ئەم راپۆرتەی کریس کۆچێرا لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە دا، جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدوڵڕەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گوللە کە وەسەری کەوتبوو،لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری ڤییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تاران‌و پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [رژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحرارِوودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحرارِوودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانیی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی بزورگیان بۆ ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانیی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەویی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانیی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتووێژەکانی ناردراوانی تاران‌و ڕێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێ‌داین. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسییانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانی‌یەکان کە پێیان وانەبوو رۆژێک لە رۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیان‌و روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بروا هەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسی‌یە مۆدێرنەکان‌و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلی‌دا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامی‌یەکانی ئێران‌و لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر ببێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی ڕازی بێ. بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩ دا مردبوو) دەبێ ڕابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: بیکوژن.

سەحراڕوودی رادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە. چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتن‌و پێوەندی‌یەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی ڕاشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە.

عەبدولڕەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاری‌دا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی‌دا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟ قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: نەسڵی من، نەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختاری‌یە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی.

سەحراڕوودی: ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵاتو نە ڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوربانیی بیروباوەڕمان.

قاسملوو... من دەمەوێ شتێكتان عەرز بكەم، من لەو هەموو كۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی خودموختاریدا ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەییو ڕەفسەنجانین كە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی كوردستانەوە بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن. قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە بە درێژی شی دەكاتەوە: بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای كۆنەبوونەوەی دەسەلات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی كوردییە. كوردی دەبێ ببێتە زمانی ڕەسمیی ناوچە كوردنشینەكان. سێهەم خاڵ دیاریكردنی سنوورەكانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاكتۆرەكانی جوغرافیایی، ئابووریو بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵكەی لە ناوچە كوردنشینەكان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی كورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە كوردنشینەكان بە هۆی كوردەكانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێكی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتنو جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریكردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناكۆكیو كێشەی چووكە دەبن. بەڵام كوردەكان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چكۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێك كە ئەسڵەكە قبووڵ بكرێ.

### قاسملوو بەم جۆرە ئاكام لە باسەكان وەردەگرێ:

ئەوەیان مومكین نیە كە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بكرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی كورد واتایەكی عاتیفیو مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێكە. من وا هەست دەكەم كە ئێوە نێوەرۆكەكە قبووڵ بكەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەكە بێنین. لە ئیسلام دا هەركاتێك دەقێكی پیرۆز دەخوێننەوە، ناكرێ بێ گوتنی بسم الله الرحمن الرحیم دەست پێ بكرێ. ئەوەش ڕاست وایە. ئێوە نیوەرۆكی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ بسم الله الرحمن الرحیم.

ئێرانییەكان (ناردراوانی ڕێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەكان كە هومێدێكی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ ڕۆژی ١٣ی ژوئیە سەحراڕوودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان كە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بكەن... هێندێك مەسەلە هەن كە بەرپرسانو ئیمام جومعەكان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بكەن. بەڵام دەبێ بزانن كە لەسەر هێندێك مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن.


كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەحراڕوودی باسێکی دوورودرێژ دەست پێدەکا کە هیچ پێوەندیەکی بە مەسەلەکەوە نیە... ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلیو، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایت (ئوستان) کە حاکمەکان (والیەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن‌و لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێو هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێقبووڵ ناکرێ.

سەحراڕوودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێموکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیە و ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامیەکان‌و کۆماری ئیسلامیەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێو تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێو لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتیەکان‌و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە.

قاسملوو: ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵیە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن.

**دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بە راستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووە واباشترە کە فیدرالیزم هەڵبژێردرێ‌و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزم‌و نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن.

## قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە:


لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ‌و بە ئوسوول‌و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیییەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان‌و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان. پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان رۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ رەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک رێککەوتن‌و درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ رابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێ‌دەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە رێککەوتن‌و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ‌و موعادیلەکان‌و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ‌و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ.

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی‌و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ کپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێ‌دەنگیی تەواو.

لە ژمارە ٦٣٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

## بۆ پووشپەڕی خوێناوی و کۆترە زامدارەکەی ڤییەن



بە شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد، ڕێبەرێکی بێوێنە و بزووتنەوەی دێمۆکراتیک و شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەشمان سیما و شەخسییەتێکی زۆر بە وەجیان لە دەست دا. دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری کردنی مامۆستایانە و سەرکەوتووانەی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی خەڵکی کوردستان و، بەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە نزیک کردنەوەی هێز و شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەیبوو، هەر وەها بەو خزمەتانەی کە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆعدی ناوچەیی و جیهانیی شەخسییەتی سیاسی و زانستی و خەباتگێڕانەی خۆی، بە ناساندن و بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و خەباتی گەلانی وڵاتەکەی دژی ڕێژیمی ئینسانکوژ و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوون، هەم بۆ قوتابیان و هاوسەنگەرانی، هەم بۆ نەتەوەکەی و گەلانی وڵاتەکەی، ببوو بە سەرچاوەی هیوا و هومێد پێ بەستن. بۆیە سروشتی بوو کە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی سەرەکی و دڵڕەشی گەلی کورد، بۆ لە نێو بردنی بە توندی لە هەوڵ دابێ و پەنا بباتە بەر دزێوترین شێوەی لە نێو بردن کە تیرۆریزمە و ناجوانمێرانەترین و بێئەخلاقانەترین نەخشە و پیلانەکان بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی، یانی کوشتنی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی، هەڵ ببژێرێ.

ئینسانە گەورەکان هەر لە ژیان دا گەورە نین، لە مردنیش دا گەورەن. ئەوان ئەگەر لە ژیان دا، خزمەتی گەورە و لەبیرنەکراویان لە دەست دێ و شوێنەواری قووڵ لە سەر ژیان و خەباتی میللەتان و وڵاتانی خۆیان دادەنێن، بە مردنیشیان میللەتێک و وڵاتێک دەهەژێنن و بە میلیۆن ئینسان دەبەنە نێو خەم و ماتەم. بۆ مەرگی قاسملووی ڕێبەر و گەورە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستاشمان "هەزاران پێشمەرگە، دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەی و سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەی و بە میلیۆن کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەی غەمیان بەسەر دا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند". ئەو شەهید بوونەکەشی خزمەتی گەورەی بە ناساندنی کێشەی نەتەوەکەی کرد و سەرنجی جیهانی یەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی و بێ وێنە بۆ لای ژێر دەستی و بێ بەشیی گەلی کورد راکێشا و شەپۆلێکی بەرینی هاودەردی لە گەڵ گەلی کوردی لە دنیادا وەڕێ خست.

٢٦ ساڵ لە کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی رابردوە. ئەگەر کەسانی دیکە بە تێپەڕینی زەمان، بەرەبەرە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ و لە بیر دەچنەوە، ئەم ڕێبەرە مەزنە، ناوی، یادی و ڕێبازەکەی هەروا لە گەشانەوە و پڕشنگدانەوە دان. خەمی لە دەستچوونیشی سەرەڕای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە زەمانی یە، لە دڵی ئەویندارانی ڕێبازەکەی و ئۆگرانی شەخسییەتە مەزنەکەی دا، نەک هەر کۆن نەبووە، زوو زوو نوێ دەبێتەوە. ئەو هەلومەرجە لەبار و نوێ یەی بە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو لە ناوچە و جیهان دا بۆ کێشەی کورد هاتە کایەوە و ئەو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە پێوەندی لە گەڵ گەلی کورد دا پێک هاتوون، ئەوانە و هەموو دەرەتانێکی باش کە بە قازانجی بەرەو پێش بردنی مەسەلەی کورد رەخساون، ئێمە و هەموو دڵسۆزێکی کوردیان خستۆتەوە یادی دوکتور قاسملوو و خاڵی بوونی جێگاکەی.

بەو حاڵەش، دەتوانین جارێکی دیکە بە دڵنیایی و شانازی یەوە رووی قسەمان بکەینە ئەو ڕێبەرە مەزنە و پێی بڵێین بە ئاسوودەیی بنوو. "لاشت کە سەر دەنێتەوە بیرت هەر دەتەنێتەوە" *. ڕێبازت بەردەوامە و ڕێگات بەر قەرار. قوتابیان و هاوسەنگەرانت بەری ڕەنجی چەندین ساڵەت بە فیڕۆ نادەن. ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و نەریتە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانت لە بیر نابەنەوە. ئەوان بە ئامانجەکانت وەفادارن و لە ناو و یادی بەرزت، لە خەباتی چەندین ساڵەی پیرۆزت و لە شەخسییەتی مێژوویت هەروا ئیلهام وەردەگرن. ڕێبوارانی ڕێگاکەت و ئۆگرانی ڕێبازەکەت هەر وەک سروشتی خۆت بوو، بە گەشبینی یەوە دەڕواننە ئاسۆی خەباتی گەلەکەیان و، خۆشحاڵن کە لە بیرەوەریی شەهید بوونت دا، مزگێنیت پێ بدەن، ئەو رۆژەی بە ئاواتت دەخواست نزیک بۆتەوە. ئێستا کۆمەڵانی خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەکەت، لە دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی وبێ مافی هاتوونە مەیدان و بە بەرز کردنەوەی دەنگی بێزاری لە کۆماری ئیسلامی، بناخەکانی ڕێژیمێک کە دەستی بە خوێنی تۆ و دەیان هەزار شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی دیکەی ئێران سوورە، وەلەرزین خستوە.

**نەمری و هەزاران سلاو بۆ یادت و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێبازە پیرۆز و پڕشانازی یەکەت.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەڵوێستەیەک لە سەر چەند ڕەهەندێکی ژیانی د.قاسملووی ڕێبەر



(ئەم وتارە کاتی خۆی لە ڕێورەسمی شەوی یەلدای ١٣٩١ دا، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە لایەن منەوە پێشکەش کراوە. من بۆ ئەوەی خوینەر تووشی هەڵە و گومان نەبێ، تەنیا دەستم لە ساڵگەردەکان داوە و لە ٢٣وە کردوومن بە ٢٦)

**خوشکو برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

خۆشحاڵم کە هەمووتان بەتایبەتی کچان و کوڕانی لاو و تەنانەت مێرمنداڵانیش ئاوا بە ئیشتیاقەوە لەم بۆنەیەدا بەشداریتان کردوە.

ئەمشەو، شەوزستان یان یەکەم شەوی زستانە. شەوی یەلدایە، شەوی یەلدا لە نێو ئەو نەتەوانەی لە ئێران دا دەژین و نەتەوەکانی دەوروبەر، لە نێو زۆربەیان دا بە دەلایلی ئوستوورەیی و ئەو ئەفسانانەی کە لە بارەیەوە هەن و ئەو باوەڕە کۆنانەی کە لەم پێوەندییەدا هەن، جێگای خۆی هەیە. دەکرێ بڵێم لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران و لە نێو نەتەوە

جیاوازە کاندا لەم شەوەدا جێژن و ڕێورەسمی تایبەتی بەڕێوە دەچێ. بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەوی یەلدا مانایەکی دیکەشی هەیە،تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە کە دڵنیام بەشی زۆری ئەو کەسانەی ئاوا بە گەرم و گوڕییەوە ئەمشەو لێرە کۆبوونەتەوە و یان لە شوێنیتر ئەمشەو رەنگە ئاهەنگ و ڕێورەسم پێک بێنن، بۆ ئەوەیە کە شەوی لە دایکبوونی ڕێبەری ناودار، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوویە.

دیارە من لە سەرەتادا لە مەحزەری تێکۆشەرانێک، کەسایەتییەکانی وەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، کاک جەلیل گادانی، کاک فەتاح کاویان و زۆری دیکەتان کە تەشریفتان لێرەیە، بە راستی ئیجازە دەخوازم .چونکە ئەوان بە چەندین ساڵ بەر لە من لە خزمەت دوکتور قاسملوودا و لە ئاستی بەرز دا تێکۆشان و کاری حیزبی و سیاسییان کردوە. رەنگە لە حوزوری ئەوان دا ئاسان نەبێ بۆ من باس لە دوکتور قاسملوو بکەم، کە باسیش لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و ئەم بۆنەیە دەکەم دەمهەوێ پێتان بڵێم ئەمشەو وەکوو ٢٢ی پووشپەڕ نییە کە باسی بۆنەی شەهید بوونەکەی بێت. پێم خۆشە لایەنێکی دیکە ، رەهەندێکی دیکە لە ژیانی دوکتور قاسملوو، لە خەبات و تێکۆشانی ئەو باس بکەم. چونکە وەک کوتمان ئەمشەو شەوی لە دایکبوونیەتی و ئێمەش قەرارە جێژن بگرین.

لە راستیدا زۆر کارێکی بە جێیە کە لاوەکانمان و بەتایبەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خانەخوێی ئەم بۆنەیەن، ئاهەنگێکی وایان پێک هێناوە، کە من سپاسیان دەکەم. ڕێز گرتن لە کەسایەتییەکانی مێژوومان جا چ کەسایەتیی سیاسی بێت چ کەسایەتیی فەرهەنگی بێ،یا کەسایەتیی زانستی، لە جێی خۆی دایە، بەتایبەتی کەسایەتییە سیاسییەکانمان کە ڕێبەرایەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمانیان کردوە . بۆ ئەوەی بزانن کە بایەخی ئەو ئینسانانە چەندە (نموونەیەک دێنمەوە تا ئێمە دەرکی ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە مێژوودا و لە نێو میللەتەکەیان و دەوروبەردا بکەین. (هەر ئەم ڕۆژانە هەواڵی نەخۆشکەوتنی بەڕێز مام جەلال بڵاو بۆوە. دڵنیام، بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی نەخۆشیی مام جەلال بە میلیۆنان کەس نیگەران بوون و کاتێکیش بە خۆشییەوە هەواڵ بڵاو بۆوە کە نەخۆشییەکەی باشترە، بە میلیۆنان ئینسان گەش بوونەوە و دڵخۆش بوون. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسایەتییەکان لە نێو نەتەوەی خۆیان دا جێگای تایبەتیان هەیە.) جا دوکتور قاسملوو بە داخەوە نەگەیشتە ئەو سەردەمەی کە نەتەوەکەی ئازاد بێت تا لە هەلومەرجێکی باشتردا ڕێبەرایەتیی خەباتی نەتەوەکەی بکا، ئەگەر ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوتبایە باشتر ئەبعادی توانا و لێهاتووییەکانی ئەومان دەرک دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە نەگەیشت ئەو دەورانە ببینێ دیسان هەر لە سەردەمی ژیانی خۆی دا نیشانی دابوو کە چ کەسایەتییەکی گرینگە، چەندە توانیویەتی لەسەر حیزبەکەی، لەسەر خەباتی نەتەوەکەی، لەسەر خەباتی گەلانی ئێران شوێندانەر بێ. بۆیە ئێمە دەبێ ڕێزی کەسایەتییەکانمان، تێکۆشەرانمان، ڕێبەرانمان بگرین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چ ئەوانەی لە ژیان دا نەماون، بۆ ئەوەی لە ژیانیان فێر بین، ئەزموونەکانی ژیانیان و بیر و باوەڕەکانیان، ڕێنوێن و هاندەرمان بێت، چ ئەوانەش کە لە ژیان دان. بە راستی بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو رابردووە دوور و درێژەیەوە بە دەیان و سەدان تێکۆشەر و کەسایەتیی هەیە کە هەر یەکەی شایانی ئەوەیە بە چەندین بۆنە ڕێزیان لێ بگیرێت. چونکە تەمەنی خۆیان، تواناکانی خۆیان، هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردوە بۆخزمەتی میللەتەکەیان. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کە لە بواری جۆراوجۆر دا خزمەتی نەتەوەکەیان کرد.

بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی ٢٦ ساڵ بە سەر شەهید بوونی دا تێپەڕ بووە، بەڵام ئەفکار و بیر و باوەڕەکانی ئێستاش لە جاران زیاتر بۆ لاوەکانمان، بۆ نەسلە نوێیەکانمان جەزابیەتیان هەیە. ئەفکار و بیرو باوەڕی دوکتور قاسملوو ئەو جەزابیەتەیان هەیە کەخەڵک لە دەوریان کۆ بێتەوە، بیانکات بە ڕێنوێنی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی خۆی. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە بیر و باوەڕی دوکتور قاسملوو ئینسانی بوون، پێشکەوتنخوازانە بوون، دژی نەتەوەیەکی دیکە، دژی ئایینێکی دیکە، دژی رەگەزێکی دیکە نەبوون. لە خزمەت پێکەوە ژیان بە تەبایی، لە خزمەت ئاشتی، لە خزمەت بە سەربەرزی و بە ئازادی ژیانی ئینسانەکان دا بوون. ئەو بیر و باوەڕە کۆن نابێت و دڵنیام نەک دوای ٢٦ ساڵ، (بەڵکوو) بە دەیان ساڵی دیکەش ئەگەر لێی ورد بینەوە دەتوانین ئیلهامیان لێ وەرگرین، دەتوانین بیانکەینە ڕێنوێنی ژیانی خۆمان. نەک هەر ئەفکاری دوکتور قاسملوو، بەڵکوو خەبات و تێکۆشانەکەشی بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوونن. چونکە ئەو خەباتەی کە دوکتور قاسملوو بەڕێوەی دەبرد و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پڕن لە شتی پیرۆز، پڕن لە ئەرزش و بەهای بەرز. لە خەباتێک دا کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو بەڕێوەی دەبرد، جێگایەک بۆ تێرۆریزم و رەشەکوژی نەبوو، جێگایەک بۆ پەرەپێدانی دوژمنایەتیی قەومی و نەتەوەیی و ئایینی و رەگەزی نەبوو. بە پێچەوانەوە ئەفکارێک و رێگایەک کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو هەیانبوو، بۆ ئەوە بوون کە نەتەوەکان، ئینسانەکان لە پەنای یەک دا بە یەکسانی، بە مافی وەک یەکەوە بە رێز گرتن لە یەکترەوە بژین. نەک هەر ئەفکاری دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تێکۆشانەکەشی، چۆنیەتیی رێبەریکردنی بزووتنەوەکەشی و حیزبەکەشی زۆر شتیان تێدا هەیە کە دەتوانن بۆ ئێمە هاندەر بن، ڕێنوێن بن و ئێمە لە ژیانی خۆمان دا بە کاریان بێنین.

لە خەباتێک دا کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دوکتور قاسملوو بەرەو پێشی برد رێز گرتن لە ژنان هەبوو، رێز گرتن لە منداڵان هەبوو، رێز گرتن لە ئایینی جۆراوجۆر هەبوو، رێز گرتن لە جۆراوجۆرییەکان هەبوو. بۆیە ئێستاش کە بیر لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو، لە ئەفکاری دوکتور قاسملوو، لە تێکۆشانی وی دەکەینەوە زۆر شت هەیە کە دەتوانێ بۆمان ڕێنوێن بێ و بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشانی خۆی دا ئەوانەی پەیڕەو کردوون و ئەوانە بەڕێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبات و پێیان وەفادارە.

پێم خۆشە لایەنێکی دیکە کە بۆ ئەمشەو گونجاوتر بێ باس بکەم،ئەویش تێگەیشتنی دوکتور قاسملوو لە ژیان بوو. ئەوانەی کە بە ساڵانی زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو ژیاون و ئێمەش ئەو نەسلەی کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دوای ساڵی ٥٧ ەوە دوور و نزیک لەگەڵی ئاشنا بووین، دەزانین کە دوکتور قاسملوو ئینسانێک بوو کە روانینێکی تایبەتی هەبوو بۆ ژیان. پێی وابوو دەبێ ئینسانەکان چێژ لە ژیان وەربگرن، قەدری موسیقا قەدری فیلم(قەدری هونەر) بزانن، لەگەڵ جوانییەکانی سروشت تێکەڵاو بن. بۆیە لە حیزبەکەشی دا لە نێو تێکۆشەرانی حیزبەکەشی دا هەمیشە رێنوێن و هاندەر بۆ ئەوەی کە خەڵکەکەمان شادی بکا، گەشبین بێ. دژی رەشپۆشی و دژی ماتەمداگرتن و دژی یەئس و ناهومێدی بوو. ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمدا پێشمەرگە بوون و شانازیی ئەوەیان هەبووە لە نزیکەوە ببیننن دەزانن کە هەمیشە خۆشی لەو هاوڕێیانە دەهات کە بە جلوبەرگی خاوێنەوە، دێن و دەچن. گەش و زیندوون، چ لە باری بایەخدان بە وەرزش ، بە خوێندنەوە، بە روانینی گەشبینانە بۆ ژیان، نەک کەسانێکی ناهومێد و ماتەم داگرتوو. بۆیە ئێستا کە ئێمە ئەو شەو کردوومانەتە دەرفەتێک تا یادی ئەو بکەینەوە، باشیشە لەم روانگانەوە سەیری دوکتور قاسملوو و ئەو کەسایەتییە بکەین کە لە مێژووی حیزبی ئێمە و نەتەوەی ئێمە دا ئەو جێگا و بایەخەی هەیە. با لێی فێر بین کە ژیانمان خۆش بوێ و ئەگەر خۆشمان بەخت دەکەین بۆ ئەوەیە کە ئەگەر لە سەردەمی ئێمەش دا خەڵکەکەمان لە خۆشییەکانی ژیان بێ بەشە، بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بۆ داهاتوو ئەو خۆشیانەیان بۆ دەستەبەر بکەین. وا بکەین نەتەوەکەمان وەک نەتەوەکانی دیکە بە سەربەستی و بە ئازادی بژی و ژیانی پڕ بێت لە خۆشی و لە چێژ وەرگرتن لە ژیان و لەو شتانەی کە شایانی ئینسانی ئەو سەردەمەن.

وەک باسم کرد رەهەندی جۆراو جۆر لە ژیانی دوکتور قاسملوو دا هەیە. ئەو جگەلەوەی کە رێبەرێکی لێوەشاوە بوو بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوەکەی و حیزبێک کە خەباتی نەتەوەکەی بەرەو پێشەوە بردوە، کۆمەڵێک لایەنی دیکە لە ژیانی دا هەیە. ئەو کەسێک بوو کە مێژوونووس بوو، کەسانێک کە کتێبی ٤٠ ساڵ خەباتیان خوێندبێتەوە کەسانێک کە هێندێک بەشی کتێبی کوردستان و کورد کە لایەنی مێژوویی هەیە، خوێندبێتیانەوە، دەزانن کە ئەو لە بواری مێژوویی دا چەندە جوان تەجزیە و تەحلیلی رووداوە مێژووییەکانی نەتەوەکەی کردوە، کە دەتوانن بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوون بن. جگەلەوەی کە مێژوونووسێک بوو، تەدوینگەرێکی سیاسی بوو. ئەو ئوسوولەی کە هەر ئێستاش حیزبەکەمان لە سەریان دەڕوا، زۆربەیان لە سەردەمی ژیانی دوکتور قاسملوو دا و لە سەردەمێک دا حیزبی دێموکرات بە هەوڵی ئەو و هاوسەنگەران و رەفیقەکانییەوە، رێکخرایەوە، ئەو ئوسوولە لە حیزبی ئێمە دا جێگیر بوون. ئەو توانی بیر و باوەڕێک، بەرنامە و پەیڕەوێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێگیر بکا کە دەتوانێ نەک هەر بۆ ئەم سەردەمە بەڵکوو بۆ ساڵانێکی زۆری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەش بە دەرد بخوات و بە کەڵکمان بێت. لە لایەنەکانی دیکەی ژیانی دوکتور قاسملوو بە هۆی ئەو توانا جۆراوجۆرانەی هەیبوو خزمەتە دیپلۆماتییەکانیەتی، ناساندنی بزووتنەوەی کوردە بە گەلانی دیکە، بە ڕۆژئاوا و ئەو دۆستانەی کە لەو ڕێگایەوە بۆ بزووتنەوەی کوردی پەیدا کردن، و تا ئێستاش ئەو دۆستانە هەروا یار و یاوەر و پشتیوانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەین. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر وەک لە سەرەتاوە عەرزم کردن ئەفکارێکی بەرز بوو کە دەتوانن بۆ دەیان ساڵی دیکەش بۆ نەتەوەی ئێمە شایانی لێ فێر بوون و کەڵک لێ وەرگرتن بن. دوکتور قاسملوو دژی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو، دژی ژیان بە کۆیلەیەیی و ژێردەستی بوو، لەگەڵ ئەوەدا بوو کە ئینسانەکان، نەتەوەکان، جۆراوجۆرییەکان لە پەنای یەک دا بە ڕێز گرتن لە یەکتر، بە حورمەت دانان بۆ یەکتر و بە کەڵک وەرگرتن لەو مافانەی کە هەموو ئینسانێک حەقیانە هەیانبێت، بتوانن بە خۆشی و بە شانازییەوە بژین. بۆیە ئەفکاری دوکتور قاسملوو، ژیانی دوکتور قاسملوو، هەمووی دەتوانێ بۆ ئێمە جێگای لێ فێر بوون بێ. ئەمن خۆشحاڵم کە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورددا ساڵ بە ساڵ زیاتر بایەخ دەدرێت بە ئەو یادانەی کە پێوەندییان بە دوکتور قاسملووەوە هەیە، بایەخ دەدرێت بە ناسینی ئەو کەسایەتییە بۆ ئەوەی لێی فێر بین. ئێمە مێژووەکەمان بە ڕێبەرانمانەوە، بە تێکۆشەرەکانییەوە، بەو ئینسانە بە نرخانەی کە توانیویانە خەبات و تێکۆشانی ئێمە تا ئێرە بێنن، بەوانەوە جوانە. ئەوانە سامانی نەتەوەکەمانن، ئێمە دەبێ ڕێز لەو سامانە بگرین. بۆیە جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە لە هەموو ئێوە و لە هەموو ئەو کەسانەی کە بەم بۆنەیەوە شادی دەکەن و خۆشحاڵن، سپاسی یەکیەتیی لاوان دەکەم و سپاسی ئێوە دەکەم کە تەشریفتان هەیە لەم بۆنەیەدا و هیوا دەخوازم کە ئێمە بتوانین ڕۆژێک لە نێو نەتەوەکەمان دا لە هەلومەرجێکی باشتر دا ئەم جۆرە یادانە بکەینەوە و هەر لەو کاتەش دا ئەو ڕاستییەمان لە بیر بێت کە ئەگەر بمانهەوێت زۆر بۆ نەتەوەکەی خۆمان وەکوو تێکۆشەرێک بە سوود بین، دەبێ لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین. دەبێ وەک ئەو فێر بین خۆمان لە باری فکرییەوە، لە باری ڕێبەریکردنەوە، لە باری بارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانەوە بە هێز و دەوڵەمەند بکەین بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین خزمەتمان بۆ نەتەوەکەمان لە دەست بێت.

بەو هیوایەی کە لە نێو حیزبی ئێمە و لە نێو نەتەوەی کورد دا کەسانێک کە ئەو توانا جۆراوجۆرانەیان هەبێ زۆر بن. هەوڵدان بۆ ئەوەی کە ڕێگای دوکتور قاسملوو بەرز ڕابگیرێت، پیرۆزە، ئەو هەوڵە هەر لە زیادبوون دابێت. بەو هیوایەی هەموومان بە یەکەوە وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە ببینین کە دوکتور قاسملوو گیانی لە سەر دانان. جارێکی دیکە ڕێز و سڵاو بۆ هەموو لایەکتان و سپاس بۆ گوێگرتنتان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قاسملوو وەک هێمایەک



٢٩ساڵ بە سەر تیرۆری د.قاسملوودا ڕابرد. ئەمریکا دوای ٢٩ ساڵ، بۆ یەکەم جار ئەمساڵ لە سەر زمانی برایان هووک، بەڕێوەبەری سیاسەتدانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە ڕەسمی ڕێژیمی ئێرانی وەک ئەنجامدەری تاوانە تیرۆریستییەکەی ٢٩ساڵ لەمەوبەری ڤییەن ناوبرد.

٢٩ ساڵە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیەوە، ئەوەندە بە دەنگ دادخوازیی خەڵکی کوردستانەوە نەهاتوون کە چی دیکە ڕێگە بە دەوڵەتی ئوتریش نەدەن پەروەندەی ئەم تیرۆرە دابخا. وڵاتانی ئورووپاییش کە ئوتریش یەک لە خۆیانە و لە یەکییەتییەکەیان و شووڕا و پارڵمانەکەیاندا ئەندامە و ڤییەن، پێتەختی ئەو وڵاتەیان کردووە بە بنکەی ژمارەیەک لە ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی ئورووپا و جیهان، پووشبەسەرکردنی ئەم تیرۆرەیان هەر وا بە لاوە ئاساییە! لەوانەشە هەتا ژماردنی پێچەوانە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێنەکا و دەنگی شەقبردنی پایە و کۆڵەکەکانی مانەوەی ئەو ڕێژیمە بە باشی بە گوێیان نەگا، ئەو بێدەنگی و بێتەفاوەتییەی خۆیان لە ئاست چارەنووسی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن، هەروا بپارێزن. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کوردستان کە قاسملوو نوێنەرایەتیی خەبات و خۆراگریی خەڵکەکەی لە پێناوی ئازادی، دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانیانیدا دەکرد، بە تێپەڕینی ساڵەکان نەک هەر د. قاسملوو، ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکانی و، هەروەها تاوانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێوەشاوەیەی خۆیان لەبیر نەکردوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر، ئەویان کردوە بە ڕەمز و هێمای خۆیان.

د.قاسملوو تا پێش تیرۆرکرانی لە لایەن نێردراوانی ڕێژیمی ئێران، لە کۆڕ و کۆمەڵی ئێرانی، ناوچەیی و جیهانیدا، زیاتر وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، دەناسرا. بەڵام لە دوای شەهیدکرانی لە سەر مێزی وتوویژ، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە سیمای سەرکردەی شەهیدی نەتەوەیەکی زۆرلێکراو. ڕاستە خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی، بەشی هەرە سەرەکیی خەباتی ئەو حیزبەی پێک دێنا کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، ئەوەش هەر ڕاستە کە پرسی نەتەوەیی و مافی نەتەوەیی بەشی هەرە دیاری هزر و ڕوانین و خەبات و تیکۆشانی د.قاسملوو لە دوو دەیەی دوایی تەمەنیاندا پێک دێنا، بەڵام ئەوانە هیچ کامیان بە ڕادەی شەهیدکرانی لە سەر میزی وتوویژ، ئەویان نەکرد بە ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک. ئەوانەی لە ناوەندی دەسەلاتداریتیی ڕێژیمی ئێران نەخشەیان بۆ تیرۆری ئەو ڕێبەرە داڕشت و دوایەش لە خۆشیی سەرکەوتنی پیلانەکەیان سەرمەستانە پێکەنین، عەقڵیان لە شاقەلەکانیان کورتتر بوو. ئەوان بیریان لەوە نەکردبووە نرخێک کە بۆ لەنێوبردنی ئەو سەرکردەیە دەیدەن، کرێنی نەفرەتیکی هەتاهەتایی بۆ خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دایە. دیارە لەوە گەوجتر بوون لەم ڕاستییە تێ بگەن کە بە پیلان و دەهۆ لەنێوبردنی ڕێبەر و نوێنەری خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەیەک ئەویش لە کاتێکدا بە پێشوازیی ڕێگای ئاشتیخوازانەی چارەسەری کێشەی کورد و ڕێژیمی ئێرانەوە هاتوە، هەروا بە هاسانی بە سەریاندا تێپەڕ نابێ و، ئەگەر تاوانەکەیان لە ئوتریش و ئورووپا و ڕادەی جیهانییشدا بەرەورووی کێشەیەکی ئەوتۆیان نەکاتەوە، لە نێو ئەو خەڵکەی قاسملوو ڕێبەریان بوو، شوێنەواری تاوانەکەیان بە توندی بەرۆکیان دەگرێ. بە ڕێکەوت نیە، قاسملوو ٢٩ ساڵ دوای شەهید بوونی، بۆ نەوەی ئەمڕۆ نەک هەر نامۆ و ناوێکی نەناسراو نییە، بەڵکوو باوەڕ و ڕوانگەکانی، ئەو بایەخ و پەرەنسیبانەی هێنایە نێو خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و بە گشتی کولتووره سیاسییە دەوڵەمەندەکەی، خۆشەویست و جێگەی ڕێزن و، تێکۆشەرانی ئەمڕۆ سەرەڕای جیاوازیی جۆر و دۆخ و شوێنی تێکۆشان، و جۆراوجۆریی حیزب و ڕێکخراوەکانیان، ئیلهامیان لی وەردەگرن.

د.قاسملوو لە مێژ ساڵە بووە بە سیمبولێک. سیمبولی خەباتێکی ڕەوا و سیمای پرسێکی لەمێژینە. پرسی ملنەدانی نەتەوەیەک بۆ بندەستی و داواکردنی مافی بە ئازادژیان. چارەنووسی خوێناویی قاسملوو، پەیامێکی تاڵ، هەر لەو کاتەدا ئەرکدارکەرانەی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ڕاگوێزت. پەیامەکە ئەوەیە کورد لە ئێران، ئەگەرجیابوونەوە و سەربەخۆییشی نەوێ، ئەگەر سەرەتاییترین مافەکانیشی لە توێی خودموختاری و لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکپارچەشدا داوا بکا، ئەگەر نیازی دوورکەوتنەوە لە بەرگریی چەکدارانە و نیەتی گرتنەبەری ڕێگای ئاشتیخوازانەشی هەبێ، وەلامەکەی لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەر یەک شتە: بەردەوامیی بندەستی و بەرقەراریی گرتن و تیرۆر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەرکوت. هەرچـی لە ڕووداوە خوێنـاوییەکەی ڤیـیەن دوور دەکەوینـەوە و پـێ بە پێـی ئەوەش، لە گەڵ درێژتربـوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستەی لە تاران لە سەر کارە، ڕاستی و بابەتی بوونی ئەو پەیامە زیاتر خۆی دەردەخا. قوڵی ئەو تیرۆریستانە بێجگە لە مار و دووپشک، مێشکی ئەو دەسەڵاتدارە تاوانبارانە بێجگە لە پیلانی شووم، هیچی تریان بۆ کورد تێدا نییە. چار هەر ئەوەیە چارەنووسی د.قاسملووی هێمای ڕێبەرێکی لە ڕێی ئاشتیدا شەهیدکراو، شانبەشانی کولتووره سیاسی و مودێڕنەکەی بکەین بە ڕێنوێنی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی خۆمان، بۆ ئەوەی بێ دوودڵی و بەوپەڕی لێبڕاوییەوە، هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و ڕزگارکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی، لە تیکۆشان بەردەوام بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر*



باسەکەم بە ناردنی سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵلا قادریئازەر لە ٣٠ ساڵەی تیرۆرکرانیاندا و، بە ئاواتخواستنی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بکوژی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەزاران تێکۆشەر و شۆڕشگێری دیکەی کورد و ئێرانی، دەست پێدەکەم.

## تێبینم لە سەر چەمک و دەستەواژەی بۆشایی ڕێبەریی سیاسی

ئەم پانێلەی سمینارەکە، کە من تێیدا بەشدارم تەرخان کراوە بۆ باس لە بۆشایی ڕێبەری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای تیرۆری د.قاسملوو دا. هەر بۆیە دەمەوێ لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم ئایا بە تیرۆری د.قاسملوو، بۆشایی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو؟ ئەم پرسیارە کاتێک باشتر وڵامی خۆی وەردەگرێتەوە کە لە بیرمان بێت، هەم ئەو حیزبەی د.قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، دوای ئەویش لە سەر خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە -ئەگەر چی ئێستا لە تویی دوو حیزبدا بەردەوامە - ێ هەم ئەو بیر و باوەڕ و بایەخانەی قاسملوویان پی دەناسرێتەوە، وێڕای خۆشەویستیی ئەو ڕێبەرە لە نێو هەر دوو بەشی دێموکراتدا، بەدی دەکرێن.

بۆ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەی «بۆشایی ڕێبەریی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ڕوونتر بێتەوە، دەبێ ئەم تێبینییەش بکەین کە ناکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ ڕێبەریی سیاسییە. ئەو حیزبانەی مێژوویەکی درێژیان لە ڕێکخستن و ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەدا هەیە، یا تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی حیزبی

دێموکرات، بەشێکی هەر ئەسلی لەو ڕێبەرییە سیاسییەن و، بە کردەوە دەبینین هەم لە نێوخۆ و لە لایەن خەڵکەوە، هەم لە لایەن تارانەوە، هەر وەها لە لایەن دنیای دەرەوەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی حیزبەکان وەک هێزێک کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوە و خەباتی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەکەن و کاریگەریی سیاسییان لە سەری هەیە، سەیر دەکرێن.

من بە نۆرەی خۆم ئەم چەمکە بەم جۆرە پێناسە دەکەم کە لە ئێستای بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کەسایەتییەک بەدی ناکەم کە «بەتەنیا» بوویێتە نماد یا هێمای ڕێبەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات. وەک هێزی سیاسییش، تاقە هێزێک بەدی ناکەم کە بڵێم «بە تەنیا» ڕێبەرایەتیی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بە بەراوردکردنێکی دۆخی ئەم ٢٠ ساڵەی دوایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سەردەمی لە ژیاندابوونی د.قاسملوو، مەبەستەکەی خۆم ڕوونتر دەکەمەوە.

کاتێک د.قاسملوو لە ژیاندا بوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، هەم حیزبەکەی بە مەودایەکی زۆرەوە، گەورەترین هێزی سیاسیی نێو گۆڕەپانی خەبات بوو، هەم کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە ئاستی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهاندا، وەک ناسراوترین و موعتەبەرترین سەرکردەی سیاسیی کوردستان، چاوی لێدەکرا. هەر دووی ئەم ڕاستییانە لە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. واتە هەم حیزبەکەی، ئەو حیزبە یەکگرتوو و بە هێزەی جاران نەماوە- لەگەڵ ئەوەی هەر یەک لەو دوو دێموکراتە لە ڕیزی هێزی یەکەمی ڕۆژهەڵات دان-، هەم ڕێبەرێکی بە توانای وەک د.قاسملوو لە رەئسی حیزب و بزووتنەوەکەدا نییە.

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی تاکەکەسێک وەک هێمای ڕێبەری سیاسی

گومان لەوە دانیە کە کاتێک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەخشەی تێرۆری دوکتور قاسملوویان دادەڕشت، دەیانزانی قاسملوو کاریگەرترین و گرنگترین سەرکردە و کەسایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دایە. ئەوەشیان دەزانی کە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد جێگای ئەو ڕێبەرەیان بۆ پڕ نابێتەوە و ئەمە گەورەترین زەبرە کە دەتوانن بیوەشێنن.

بۆ چی لەم ٣٠ ساڵەدا، قاسملوویەکی دیکە دروست نەبووەتەوە؟ من وا بیر ناکەمەوە کە مرۆڤی دیکە بەو توانا و بەهرە و لێهاتووییانەی د.قاسملوو، لە دایک نابنەوە. دەکرێ کەسانێک بە بڕوانامەی زانستیی بەرزتر لە د.قاسملوو، لە قاسملوو شارەزاتر لە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زمانزانتر لەو کەسایەتییە، هەر ئێستا هەبن، یا لە داهاتوودا پەیدا ببن. بەڵام لە خۆدا کۆکردنەوەی هاوکاتی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵێک بەهرە و ئیعتیبار و ئەزموونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەمەندی سیاسی و حیزبایەتی، تەنیا لە پرۆسەی خەبات و تێکۆشان و ڕێبەریکردنی چەندین ساڵەدا، بۆ کەسایەتییەک مسۆگەر دەبێ.

تازە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، سەردەمی ئیستا و سەدەی ئیستا لەگەڵ سەردەم و سەدەی پێشوو جیاوازییەکی گەورەی هەیە. سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ڕێبەرێکی کاریزما، لە سەردەمی ئیستادا زۆر سەختترە لە سەردەمی پێشوو. تاکی سەردەمی پێشوو (چ لە نێو حیزب و چ لە نێو کۆمەڵ) پشکێکی کەمتری لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، پیوەندیگرتن بە دنیای دەرەوە، سوود وەرگرتن لە بەهرەکان و ماف و ئازادییەکانی خۆی پێ دەبرا. خۆ فیداکردنی تاک لە پێناوی کۆدا، بایەخێکی هەرە بنەڕەتیی کاری شۆڕشگێرانە و خەبات و تێکۆشان لە سەردەمی پێشوودا بوو. لە ئاکامدا، ڕێبەران هاسانتر لە ئێستا دەیانتوانی حیزب ئیدارە بکەن. بە تایبەتی ئەگەر توانا و لێهاتوویی زۆریان هەبایە، زووتر دەبوونە جێگای سەرنج و متمانە و، حیزب و جەماوەرەکەی لە پشتیان ڕادەوەستان. لە سەردەمی ئێستادا تاکەکان چاو و گوێیان کراوەترە، هاسانتر دەتوانن ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان نەقد بکەنەوە. توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندن، تەنانەت بۆ کێشەخوڵقاندن بۆ حیزبەکانیان. کولتووری حیزبایەتی و کاری سیاسی، گۆڕانی بە سەردا هاتووە. تاک هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب و گشتیدا وەلانانێ. ئەم ڕاستیانەش ئەرکی ڕێبەریکردن لە لایەن تاکەکەسیان زۆر دژوار کردوە. لەگەڵ ئەوەی تەئکید دەکەمەوە کە د.قاسملوو، «سەرۆک» نەبوو و، حیزبەکەی بە شێوەی تاکەکەسی بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکوو لە ڕەئسی ڕێبەرییەکی بە کۆمەڵدا بوو.

## پێویستە دوو خاڵی دیکەش هەرلە پێوەندی لە گەڵ دروستنەبوونەوە یا هەڵنەکەوتنەوەی ڕێبەرێکی وەک د.قاسملوو، ئاماژە پێ بکەم:

**یەکەم؛** ململانێیەکان و ناکۆکێیە نێوخۆییەکانی نێوحیزبەکان و لەتبوونەکان و لێکداب‌ڕانەکانیش، هۆیەک بوون بۆ دروستنەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز کە ببێتە هێمای ڕێبەرێکی سیاسیی زۆر دیار بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان. بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکی و کێشانە، ئەگەر نیمچە ڕێبەرانێکیش لەو ساڵانەدا دروست بووبن، زۆر شکاو و شکێنراون و، لە ئیعتیبار و بایەخ و سەنگ و قورساییان کەم بۆتەوە.

**دووهەم؛** وانییە کە لەم ٢ - ٣ دەیەی دواییدا، لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەلاتەوە هەوڵی دروستکردنی ڕێبەر یا سەرکردەیەک بۆ ڕۆژهەلات، نەدرابێ. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا هەوڵ دراوە کەسانێک تا ڕادەی هێمای سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسی نەک هەر بۆ ئەو حیزبە بەڵکوو بۆ ڕۆژهەلات، زەق بکرێنەوە. لە گەڵ ئەوەی ئەم جۆرە هەوڵانە جۆرێک

ملبەملەی زیانبار و نەخۆشی و دیاردەی تاکپەرستییشیان لە نێو ئەو حیزبانەدا پەرە پێداوە و، کولتوور و بنەماکانی حیزبایەتیشیان لە پێناویدا کراوە بەقوربانی، بەڵام ئەو هەوڵانە نەبوون بە هۆی دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەری سیاسی و نمادێک بۆ هەموو ڕۆژهەڵات. هەر لە جێدا، ڕێبەرانێک کە لە حیزبەکەی خۆیاندا بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە پڕۆسەی ململانێیەکی ناسالمی نێوخۆییدا بوونە «ڕێبەر»، وەرگیرانیان لە بازنەیەکی گەورەتر و گشتیدا وەک «ڕێبەر» هاسان نییە.

## بەرهەم نەدان و ناسەرکەوتوویی ئەم هەوڵانەش (هەوڵی ڕیبەرسازی)، دوو هۆی هەبووە:

**هۆی یەکەم؛** سەرکردە و ڕێبەر لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و نواندن و سەلماندنی تواناکانی ڕێبەری لە لایەن خودی کەسەکە و، دانانی کۆی حیزب و هەروەها جەماوەر بە قابلییەتەکانی سەرکردەبوونی دروست دەبێ نەک بە دەستی ئەنقەست و بە پوستێرسازکردن و دروشمدان و نمایشی سەیروسەمەرەی پلان بۆ دانراوی ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری حیزبەکە بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هۆی دووهەم؛** هەر وا کە لە چەمی قووڵ و گەورە و لە دەریادا نەهەنگ دەدۆزرێتەوە نەک لە جۆگە و تەنکاواندا، ڕێبەری گەورەش لە حیزبی گەورەدا دروست دەبێ نەک لە حیزبی بچووکدا.

## کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵات چۆن چارەسەر دەکرێ؟


ئێمە باس لە «ڕێبەریی سیاسی» بۆ ڕۆژهەڵات دەکەین. گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیش، جگە لەحیزبە سیاسییەکان و ئەندامانیان، ئەکتەر و بەردەنگی دیکەشی تێدایە. بەردەنگە سەرەکییەکەی ئەو ڕێبەر یا ڕێبەرییە سیاسییە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە سەرنجدان بەو فاکتەرەیە کە من دەمەوێ باس لە چارەسەری کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەم.

بێ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و ململانێ حیزبییە زیانبارەکانی ئێستا، بێ بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنەوە و کەوتنەوە سەریەکی حیزبە لەتبوو و لێکدابڕاوەکان، بە دوای ئەم دووهەنگاوەشدا، بێ یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی سیاسیدا، لەگەڵ کۆی ئەمانەشدا، بێ خوێندنەوەی ویست و زەرفییەت و تواناکانی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ کاری سیاسی و خەبات بۆ مافەکانیان و بێ ڕاکێشانی پشتیوانییان، ڕێبەرییەکی سیاسی کارا و جێگای متمانەی

خەڵک، دروست نابێ. لە دڵی ئەم ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بکرێن، دەکرێ ڕێبەرێیەکی سیاسی، شکڵ بگرێ و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بنوێنێ. ئەو ڕێبەرییە بە تایبەتی لە سەرەتادا، ناتوانێ تاکەکەسی، یا تاکەکەس بێ. دەکرێ لە کۆمەڵێک سیما لە حیزب و ڕێکخراوی جیاواز، یا هەڵقووڵاو لە هەناوی چەند شێواز و بوار و مەیدانی خەبات، پێک بێ. دووریش نییە لە ڕەوتی چوونە پێشی ئەو هەنگاوانەدا، کەسایەتییەک لە نێویاندا ببێ بە بەرجەستەترین هێمای ڕێبەری سیاسی. بەڵام دڵنیام ئەو کەسە، ئەوە نابێ کە بوون بە سەرکردە و ڕێبەری هەرە دیاری ڕۆژهەڵات، ئارەزووی لە مێژینەیەتی. بەڵکوو کەسایەتییەک دەبێت بەو هێمایە کە دەتوانێ زۆرترین ڕۆڵی هەبێ لە دروستکردنی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لە ئاستی حیزبە سیاسییەکان و، لە ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ لای ئەم هاوپەیمانییە و، لە پێک بەستنەوە و گرێدانەوەی خەڵک و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

* بۆ سمیناری مەجازیی «کورد قوربانیی تیرۆریزم» ئامادە کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٩





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نە زمان دەتوانێ و نە قەلەم بۆی دەکرێ دەریان ببڕێ



هێندێک وێنە و دیمەن هەن دەتوانی بە دەیان لاپەڕ لە سەریان بنووسی و بە چەندین سەعات قسەیان لە سەر بکەی، بەڵام هێشتا ناتوانی هەموو ئەو واتا و پەیام و ڕووداو و کولتوور و بایەخانەی لە خۆیان دا هەڵیان گرتوە، بدرکێنی.

وەک وێنەی چوونی شەهیدان محەممەد حەسەنپوور و نەسرین حەداد بۆ سەر گڵکۆی د.قاسملوو تەنیا دوو ساڵ پێش پێکەوە شەهید بوونیان،

وەک ئامادە بوونی یادگارەکانی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی پار بۆ وێنە "شەوبۆ وەنەوشە" و "وەنەوشە"ی "هاوڕێ کارساز" لە "پێرلاشێز"،

وەک وێنەی بۆ یەکەم جار چوونی مەنسوور خوسرەوەیی هاوسەری شەهید سوهەیلای قادری بۆ سەر مەزاری نزیکترین بەرپرسان و هاوکارەکانی(د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی)،

وەک دیتنی وێنە و دیمەنە جێی شانازییەکانی هەژاندنی دوو پێتەختی ئورووپا بروکسێل و ڤییەن بەو پەیامەی هۆگران

و درێژەدەرانی ڕێگای قاسملوو کە لە بێدەنگی و بێهەلوێستیتان لە ئاست ئەو تاوانە خۆش نابین،

وەک بەشداریی گەرموگوڕ و بێخەوشی د.فرێدریک تیسۆی یاری وەفاداری د.قاسملوو و حیزبەکەی و نەتەوەکەی لە مراسمی ٣٠ سالەی تیرۆرکرانی ئەو پتەوترین پردی پێوەندیی نێوان فەرانسەییەکان و کورد و کوردستان دا،

وەک دیتنی (مام)کەریم عەلیپووری سەر سپی بوو و بەساڵدا چووی پێشمەرگەی پاریزەری د.قاسملوو بۆ بەردەرکی پارلمانی ئوتریش و ئەو ئاپارتمانەی د.قاسملوویان تێدا تیرۆر کرد،

وەک وێنەی ورەدەر و باوەڕخوڵقێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانە کەم ئەندامانەی لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی ڕێبەرەکەشیان دا وەک کاتی بە خاکسپاردنەکەی، بە شەقەی بن هەنگڵ و چەرخی ژێر جەستەیانەوە، هەر وەک سەردەمی نێوسەنگەری چیا لە ڕیزی پێشەوە بوون،

وەک دیتنی وێنەی ئەو خاتوونانەی لە هەمووی ئەو ٣٠ ساڵەدا، بێ فرمێسک هەلوەراندن، لە بیرەوەریی پووشپەڕی خوێناوی تێپەڕ نەبوون، بەڵام هەموو کاتیش سەرچاوەی خۆڕاگری و هاندەری بەردەوامیمان بوون،

وەک وێنەی نەخشێندرانی کۆڵان و دار و دیواری کوردستان بە دروشمی "قاسملوو! قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و هەڵواسرانی پوستێری د.قاسملوو لە شار و گوندەکانی کوردستانی داگیرکراو بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە،

وەک دیتنی درەوشانەوەی ورە و باوەڕ و ئازایەتی لەو پێشمەرگە لاو و تازانەی دەڵێی ئەمڕۆ و هەر ئێستا هەواڵی شەهید بوونی ڕێبەرەکەیان بۆ هاتوە و لە نیو گڕ و دووکەڵی هەڵگوردی ئامانجی تۆپ و مووشەکی دوژمن دا سەنگەریان گرتوە، وەک وێنەی هاوخەمی و هاوبەشی و نووسینی جوان و پێزانانە و پێگەیشتووانەی ئێستای ئەو کەسانەی لەوانەیە لە کاتی شەهیدبوون و پێش شەهیدبوونی د.قاسملوو دا، لێی دڵ ئێش و ناڕازی بووبن، بەڵام ئەمڕۆ بە شانازییەوە بە چاوی هێمای گشتیی پرسی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیان سەیری دەکەن،

وەک دیتنەوەی ئەو لاپەڕانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە بەیاننامەی شەهیدکرانی د.قاسملوومان تێدا بڵاو کردەوە و تۆوی ئەو بەڵێنەی تێداچاندین "نامەردین ئەگەر لە بیرت بەرینەوە و هەتا سەر بە ڕێگاکەت دا نەڕۆین"،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە

وەک وێنەی هاتنی نەسلێکی دیکە لە مێرمندالان و مندالانی دیموکرات بۆسەر ڕاستەڕێی خەبات بۆ ئەو ئامانجەی د.قاسملوو و یاران و هاوخەباتانی گیانیان لە پێناو دا بەخشی،

وەک وێنەی ڕێزگرتنی کوردانی قامیشلوو، قەزاقستان و... لە د.قاسملوو لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی دا،

وەک ئەو وێنانەی شایەدی دەدەن بۆ بەرهەمدانی ئەو وانەیەی د.قاسملوو، کە درێژەدانی خەبات و بەردەوام بوون لەسەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان، باشترین پاداش و، هۆکاری بەنەمری و زیندوویی هێشتنەوەی ناویان و ئامانجیانە و...


***

**لە ئاست ئەم وەفا و ئیرادە و نەشکان و بەردەوامیە پیرۆزە، دەتوانم چ دژکردەوەیەکم هەبێ بێجگە لە کڕنۆش بردنێک بەو پەڕی ڕێزەوە.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



## خوێنێکی تازە لە دەماری خەبات‌و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا



**(مانگێک دوای تیرۆری د.قاسملوو، نووسراوە و لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو کراوەتەوە)**

مانگێک لەمەوبەر لەودەمو ساتانەدا بوو کە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری جینایەتکارانەی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێی بەوەج کاک عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بڵاوکردەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو خەبەرە ناخۆشە، دڵنیایی بە کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان‌و هەموو دۆستان‌و دڵسۆزانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردستان درا کە مەرگی ڕێبەرو مامۆستای بلیمەتی حیزب‌و گەلەکەمان نەک هەر نابێتە هۆی دامرکانی ئاگری خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو ئاگری ئەو خەباتە زیاتر دەگەشێنێتەوەو، لافاوێکی بە تەوژمی رق‌و بێزاری لە دژی دوژمنانی بەخوێن تینووی کورد وەرێ دەخا.

لە دەمو ساتێکی ئاوادا رەنگە ئەو دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستانەی پێیان وابوو بە تیرۆری دوکتور قاسملوو دەتوانن بەرۆکی خۆیان لە دەستی هەق ئەستێنی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران رزگار بکەن، زۆر باوەڕیان بەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەیەی رۆڵە خەباتگێڕەکانی حیزبی دیمۆکرات، قوتابیانی مامۆستای شەهید نەبووبێ. بەڵام ئێستا کە تازە مانگێک بەسەر ئەو کارەساتەدا رابردوە، ئاخوندە کۆنەپەرستەکان دەبێ وردە وردە لێیان روون بووبێتەوە کە چ قوڕێکیان بۆ سەری خۆیان گرتۆتەوەو چۆن لەبەر نەزانی‌و جینایەتکاری، کوردستانیان لەژێر پێی بەکرێگیراوانی خۆیان دا ئەوەندەی دیکەش کردۆتە ئاگر. ئەوان بەرە بەرە دەبێ بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەگەر لەلایەکەوە لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو خەسارێکی گەورەیە لە

بزووتنەوەی کوردستانو خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران بۆ ئازادی، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم تیرۆرە دەبێتە هەوێنی رقو بێزارییەکی زیاترو، ریزەکانی شۆرشگێرانی کوردستان پتەوترو یەکگرتووتر دەکا.

لەماوەی یەک مانگی رابردوودا دیتمان کە چۆن لە نێو کوردستان بە میلیۆن کەس لە پەژارەی مەرگی رێبەری پایەبەرزی خۆیان دا فرمێسکیان رشت، لەگەڵ حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی قاسملووی نەمر هاودەردییان نواند، بەرانبەر بە گیانی پاکی پێشەواکەیان پەیمانیان نوێ کردەوە کە بە ئامانجو رێبازەکەی وەفادار دەبنو ساتێک لە خەبات لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا ڕاناوەستن.

لەنێو هێزو رێکخراوە سیاسییەکانو شەخسیەتە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانیش دا دیتمان چەند رێکخراوێک نەبێ کە هەر بە قەت کۆماری ئیسلامی لە نێو گەلانی ئێران دا خوشەویستن، ئەوانی دیکە چلۆن رێز بۆ خەباتو ئامانجەکانی قاسملووو حیزبە تێکۆشەرەکەی دادەنێنو پشتیوانی لە خەباتو داخوازەکانی حیزبی دیمۆکراتو گەلی کورد بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانو هەر ئێرانییەکی خاوەن شەرەفو ئازادیخواز دەزانن.

لە ئاستی نێونەتەوەییش دا مەرگی رێبەری هەڵکەوتوومان جارێکی دیکەو ئەم جارەیان بە شێوەیەکی کەم وێنە سەرنجی بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی جیهانی بۆ لای مافو داخوازەکانی گەلی کوردو پێویستیی پشتیوانی لە خەباتی عادڵانەو بەرهەقی ئەم گەلە بۆ ئازادی راکێشا.

بەڵام لە هەمووان گرنگتر بریاری لێبڕاوانەو قارەمانانەی پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب بوو بۆ نیشاندانی ئەوە کە باشترین پاداش بۆ قاسملوو درێژەدانی رێگاکەیەتی. کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا دەریان خست کە زیاتر لە هەموو کاتێک لەسەر درێژەدانی رێبازی پێشەوای مەزنیانو خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی گەلەکەیان دا سوورو لێبڕاون. ئەوان کە ئەم رێزو خۆشەویستییەو دەنگدانەوەی ئەم شەخسییەتە جیهانییەی دوکتور قاسملووی گەورە پیاوی کورد دەبینن، ئەوان کە بە کردەوە دیتیان دوکتور قاسملووش وەک قازی محەممەدی پێشەوا چلۆن لە پێناوی بەختەوەریی گەلو نیشتمانەکەی دا گیانی بەخت دەکا، بۆ ئەوەی گیانی بەرزی دوکتور قاسملوو بسرەوێو بە ئاسوودەیی سەربنێتەوە، تینو گوڕێکی تازەیان نایە بەرخۆیانو لە یەک مانگی رابردوودا بە جۆرێک بەگژ دوژمنانی خوێنخۆری گەلی کوردو قاتڵانی پێشەواکەیان دا چوونەوە کە هەر دەڵێی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی گەلی کورد دا دەستی پێکردووە.

ئەگەر ئەمڕۆ بە فیداکاریو هەوڵو هیممەتی هاوسەنگەرانی قاسملوو، بست بە بستی خاکی کوردستانی ئێران لە هەموو ناوچەکانی شیمال، ناوەندو جنووب لە ژێر پێی دوژمنانی دیموکراسیو خودموختاریدا بۆتە یەکپارچە ئاگر، ئەگەر ئەمڕۆ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا تەنگیان پێ هەڵچنراوەو لە راستیدا کوردستانیان لێبۆتە گۆڕستانێکی سامناک، ئەگەر لە یەک مانگی رابردوودا کوردستانی میلیتاریزەکراو شاهیدی کوژرانو بەدیل گیرانی سەدان کەس لە هێزی کۆنەپەرستی بە دەستی پێشمەرگە بە دەستو بردەکانی حیزبی دیمۆکرات بووە، هی ئەوەیە کە مەرگی دوکتور قاسملوو بۆتە هۆی وەگەڕکەوتنی خوێنێکی تازە لە دەماری خەباتو تێکۆشانی شۆرشگێڕانی حیزبی دیموکرات دا.

ئەو شۆرشگێڕانەی کە ئاوا زیندوو هەست بە پشتیوانیی هێزی لەبڕان نەهاتووی گەلەکەیان دەکەن، ئەو خەباتگێڕە شێلگیرانەی کە ئازادیخوازانی ئێرانو هەموو رێکخراوە بەشەردۆستو پێشکەوتنخوازەکانی جیهان وەک پشتیوان لە پشت خۆیان دەبیننو، سەرەنجام ئەو قارەمانانەی کە دەبیننن دوژمنەکەیان بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو خەیاڵی تواندنەوەی بزووتنەوەی گەلی کوردی لە مێشکی دایە، ئەم یەک مانگ فیداکاریـیە وەک چەپکێکی چکۆلە لەو خەرمانە گوڵە چاو لێدەکەن کە پێویستە پێشکەشی بارەگای سەرداری دیموکراسیو مامۆستای نەمری گەلەکەیانی بکەن. ئەوان دیارە باش دەزانن کە کوشتنی هەزاران کەسی دیکە لە هێزی سەرکوتکەری رێژیم ناتوانێ بارتەقای تنۆکێک لە خوێنی ئەو رێبەرە بێ کە بە لێوەشاوەییو لێهاتوویی‌یەکی کەم وێنەوە حیزبەکەی لە رێگای دیموکراسیو خودموختاری دا بەرەوپێشەوە دەبرد. هەر بۆیە کادرو پێشمەرگە شۆرشگێرەکانی حیزبی دیمۆکراتو ئەندامانو دڵسۆزانی حیزبی قاسملوو ئەو کاتە پێیان وایە گیانی رێبەرەکەیان بۆ هەتا هەتایە شاد کردوە کە ئامانجەکانی ئەو یانی دیموکراسیومافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کوردیان لە ئێران دا وەدی هێنابێ. تا گەیشتن بەو ئامانجەش هەر ئەو ئازایەتیو فیداکاریـیە دەنوێنن کە تا ئێستاو بە تایبەتی لەم یەک مانگەی رابردوودا لەخۆیانیان نیشان داوە.

(ئەم وتارە رۆژی سێشەممە ٢٤ - ٥ - ١٣٦٨ لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا

### "شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم شەڕە لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد"

**وەبیرهێنانەوەیەک:**



ئەم وتارەم ٣١ ساڵ لەمەوبەر لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر کوردی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەو کات د.قاسملوو بۆ خۆی لە ژیان دابوو.. ئەمڕۆ جارێکی دیکە خوێندمەوە تا هەم وەرگێڕانی ئەو کاتی خۆم هەڵ بسەنگێنم، هەم جارێکی دیکە چاو بە ڕوانگە و بۆچوونی د.قاسملوو لە سەر پرسێکی گرنگ دا بخشێنمەوە. وەرگێڕانەکەی من بەو هۆیەوە ئەو کات تازەکار بووم، قسە هەڵ دەگرێ، بەڵام وتارەکەی د.قاسملوو، هەر وەک ئەو کات بۆ من پڕ تام و چێژ و جێگای لێ فێربوونە.

------

لە کۆتایی هاوینی ١٣٦٧ دا دوکتور قاسملوو سەفەرێکی بۆ ئورووپا کرد کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند. لەم سەفەرەی دا لە ئیسپانیا لە سەر بانگهێشتنی ئەنستیتۆی هاودەردی لە گەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کۆنفرانسێکی لە سەر تەقەوەستان لە نێوان ئێران و عێڕاق و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر جووڵانەوەی گەلی کورد پێشکێش کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پاشان نیزیک بە سەعات و نیوێک وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی دەقی قسەکانی ڕێبەری شەهیدمان لەو کۆنفرانسە دایە:**

شەڕی ئێران و عێراق کە نیزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا، بۆ هەر دوو وڵات ئاکامی زۆر دڵتەزێنی بە دواوە بووە. زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندار، سەدان شار و دێی وێران، هەزاران فوتابخانە و نەخۆشخانە و بنیاتی ئابووریی لە کەڵک کەوتوو، بە میلیۆن ئینسانی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ، کورتەیەک لە ئاکامەکانی ئەم شەڕەن. ئەگەر زیانەکانی ماددیی شەڕ بە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ، شوێنەوارە ڕەوانی یەکەی لە بەراورد کردن نایە و ڕەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هەر بمێنێ.

لەم هەشت ساڵ شەڕە خوێناوی یە دا، بۆ کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە هەر جۆرە چەکێک، تەنانەت ئەو چەکانەی کە کەلک لێوەرگرتنیان بە پێی بڕیارنامە نێونەتەوەیی یەکان مەنع کراوە، کەلک وەرگیراوە. هەر ئەمە لە نێو دوو گەلی دراوسێ دا بۆتە هۆی دوژمنایەتی یەکی وا کە لە نێو چوونی مەگەر لە داهاتوویەکی دوور دا ئیمکانی نیە. زەبرەکانی رووحی، نەخۆشی یەکانی ڕەوانی و، لێک هەڵوەشانی بنەماڵەکان ئاکامێکی دیکەی ئەم شەڕەن. شەڕێک کە هیچ قازانجی گەلانی ئەم دوو وڵاتەی لە پێ دا نەبوو. پاش ئاکامەکانی زیانی ماددی و ئینسانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، ئێستا هەر دوو وڵات خۆیان راست لەو جێگایەی کە شەڕیان لە سێپتامبری ١٩٨٠ دا دەست پێ کردبوو دەبیننەوە. جا لە بەرامبەر ئەم بیلانە دڵتەزێنە دا داخوا بە ڕاستی دەکرێ باس لەلایەنی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا بکرێ؟ هەر دوو وڵات بە هۆی لە دەستچوونی بەرەبەرەی هێز و توانایان لە شەڕدا بە ناچار تەقە وەستانیان قبووڵ کرد. عێراق لە چەند ساڵ لە مەوبەرەوە داواکاری ئاگربەس بوو، ئێرانیش لە رووی ناچاری یەوە سەرەنجام قبووڵی کرد. خومەینی کە شەڕی بە "نیعمەتی ئیلاهی" دەزانی، بە پێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ملی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش راکێشا. لە ڕاستی دا خومەینی کە بۆخۆی قبووڵکردنی بڕیارنامەی بە مانای خواردنەوەی ژار دانا، تەنیا لەبەر ئەوە تەقە وەستانی قبووڵ کرد کە حاکمییەتی ئاخوندەکان بە هۆی دژایەتی و بەربەرەکانیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەڵک لەگەڵ شەڕ، لە مەترسی کەوتبوو. ئەم بەربەرەکانی یە خۆی لە نارەزایەتیی گشتی و، خۆ بواردنی لاوان لە چوون بۆ بەرەکانی شەڕ دا نیشان دەدا و، قەیرانی ئابووری و ناتەبایی یە کۆمەڵاتی یەکان دەبوونە هۆی پەرە ئەستاندنی. شکستە نیزامی یەکانی چەند مانگی دوایی نیشانی دا کە ورەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم زۆر هاتۆتە خوارێ، لە حاڵێک دا هەر ئەم ورەیە سەردەمێک وەک هۆی سەرەکیی بە هێز بوونی لەشکریانی ئیسلام حیسابی لە سەر دەکرا.

تەریک کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی نێو نەتەوەیی‌دا کە ئاکامی پەنا بردنی ڕێژیم بۆ کاری تێرۆریستی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و، لە ژێر پێنانی هەموو ئوسوولێکی دیپلۆماسی بوو لە لایەک و، گیر و گرفتەکانی ڕێژیم لە دابین کردنی چەک و تەقەمەنی و هێندێک مەسەلەی نێوخۆیی لەلایەکی دیکە ببوونە هۆی ناتەبایی تەنانەت لە نێو ئۆرگانەکانی سەرووی ڕێژیم و، هەروەها ترس و سەر لێشێوان لە نێو ڕێبەرایەتی دا.

فشاری گەورە دەسەڵاتەکان لە کەنداوی فارس بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە، حاکمییەتی لەرزۆکی ئاخوندەکانی زیاتر لە پێشوو خستبووە مەترسی یەوە. حکوومەتی خومەینی بۆی دەرکەوت کە درێژەی شەڕ بە جیددی هەڕەشە لە مان و مەوجوودییە تی دەکا. بۆیە بۆ پاراستنی بە ناچار تەقە وەستانی قبووڵ کرد.

دیارە سەقامگیر بوونی تەقەوەستان لە نێوان دوو وڵات دا بە مانای کۆتایی هاتنی یەکجاری بە شەڕ نیە. ڕەوتی وتووێژەکان وا نیشان دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام ڕێگایەکی دوور و درێژ لە پێش دایە. گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام پێویستی بە لە نێو چوونی ناکۆکی یەکان لە نێو دوو وڵات، یانی دڵنیا بوون لە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتردایە، هەتا دەگاتە هاوکاریی نێوان دوو وڵات. پسپۆران و خاوەن رایان لەوە دا یەکدەنگن کە بێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەو دوو وڵاتە دا، وتووێژی ئاشتی لە وانەیە چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ درێژەی هەبێ.

لە هەلومەرجی ئێستا دا چاولێکردنی وەک یەکی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ ساڵی ١٩٧٥(ساڵێک کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزیرە لە نێوان ئێران و عێراق دا ئیمزا کرا و، بوو بە هۆی تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی) شتێکی دروست نیە. ئەو کات کە عێراق بەشێک لە "شط العرب"ی لە بەرامبەر یارمەتی نەدان بە راپەڕینی کوردەکانی عێراقی دا بە ئێران، ڕێبەرایەتیی راپەڕینی کورد بە هۆی تایبەتمەندیی بە هێزی عەشیرەیی، نەیتوانی بەرامبەر بە هەلومەرجی نوێ خۆی رابگرێ و، سووک و سانا خۆی بە دەستەوە دا.

هەلومەرجی ئێستا جیاوازە، ئەم هۆیانەی شەڕێکی ئاوا درێژ و خوێناوییان هەڵگیرساند هەر لە جێگای خۆیان ماون. ئێمە تەنیا ئیشارە بە گرینگترینیان دەکەین کە بریتین لە: دیاریکردنی سنوورەکان بە تایبەت لە "شط العرب" دا، مەسەلەی کورد بە لە بەر چاوگرتنی هەموولایەنەکانی یەوە، ویست و مەیلی مەزنیخوازانە و، سەرەنجام کێشەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناسیۆنالیزمی فارس کە ریشەیەکی لە مێژینە و مێژوویی هەیە.

نێوەرۆک و فەلسەفەی بە تەواوی لێک جیاوازی ئەو دوو ڕێژیمەش دەبێ لە بەر چاو بگرین. ڕێژیمی ئێران کە ڕێژیمێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیعەی بونیادگەرایە دەستتێوەردان لە کارو باری وڵاتە موسوڵمانەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانە دا کە رادەیەکی زۆر لە دانیشتوانیان شیعە مەزهەبن، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێ.

ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێک شکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە رێک کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلو مەرجێکی ئەوتۆ دا بۆ کوردەکان تەنیا یەک رێگا دەمێنێتەوە: ئەویش بریتی یە لەوە کە: یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بە ئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باسی ئاشبەتاڵ و خۆ بەدەستەوەدان لە گۆڕێ دانیە. بەربەرەکانی و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شارو لادێ دا هەر درێژەی دەبێ و، لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جووڵاَنەوەیەکی بە تەواوی سازمان دراو بە رێبەرایەتی یەکی شۆڕشگێرەوە لە کوردستان دا لە گۆڕێ دایە. لە هەلومەرجی تەقە وەستانی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق دا کوردەکان دوو ئەرکی گرینگیان لە سەر شانە:

لە پێش دا کوردەکان دەبێ وێڕای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە، خۆیان وەک هۆیەکی سەربەخو لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا نیشان بدەن. پێویستە خەڵکی جیهان لە راستی یەک کە تا ئێستا لە بەرچاویان شاردراوەتە باش ئاگادار بن، ئەویش ئەمەیە کە لەم ناوچەیە دا تەنیا یەک شەڕ لە گۆڕێ دا نیە، یانی شەڕ هەر لە نێوان عێراق و ئێران دا نیە. بەڵکو سێ شەڕ هەیە. تەقە وەستاندنی نێوان ئێران و عێراق، لە خۆی دا ئاشتیی نێوان کوردەکانی ئێران و حکوومەتی ئێران لە لایەک و، کوردەکانی عێراق و حکومەتی عێراق لە لایەکی دیکەوەی بە دواوە نیە. لە ئاکام دا خەباتی کوردەکان هەر درێژەی دەبێ و هەتا کاتێک مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، ناوچەکە ئاشتی یەکی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێ. پێویستە بگوترێ ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، کە بە سەقامگیر بوونی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق چاوەدێرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان جێگیر لە سنوورەکانی وڵات ئیدی شاهیدی هەڵگیرسانەوەی شەڕ نابن، خەیاڵێک زیاتر نیە. لە راستی دا زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمیتر لەو سنوورەی کە ئێران و عێراق لێک جیا دەکاتەوە بە نێو کوردستان دا کێشراوە. ناوچەیەک کە ئەمڕۆ بە شێکی لە ژێر چاوەدێریی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دایە.

دووهەم ئەرکی گرینگ ئەوەیە کە کوردەکان بۆ نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد هەوڵ بدەن. بە راستی زۆر جێی داخە کە مەسەلەی کورد تەنیا دوای هاتنە گۆڕی مەسەلەی بە کار هاتنی چەکی شیمیایی بە دژی کوردەکان کەوتە بەر سرنجی بیر و رای نێو نەتەوەیی. بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دەست هەڵگرین. پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەر چاو. مەسەلەی ٢٠ هەتا ٢٥میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنن و مافی بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانیان بەسەر دا بەش کراوە خاوەنی رێژیمی سیاسیی لێک جیاوازن. تورکیە بەردی ئۆرووپا و دێموکراسی لە سینگ دەدا و، سەرەڕای بێدەنگی و خۆ بواردنی رێبەرانی ئێستای، وێ دەچێ کە سەرەنجام رۆژێک ناچار بە ناسینی کەسایەتی و مافی نەتەوەیی کوردەکان بێ. لە وەزعێکی ئاوا دا کوردەکان دەتوانن لە ئیمکاناتی قانوونی بە مەبەستی سەلماندنی داخوازەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.

کەچی لە کۆماری ئیسلامی دا کە ئیستبدادێکی شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست زاڵە، کوردەکان بۆ پاراستنی کەسایەتی و مافەکانی خۆیان، ناچار بوون چەک بە دەستەوە بگرن. مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ بە چەشنی جۆر بە جۆر بێتە گۆڕێ و شکڵ و شێوەی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە بگرێ کە بریتین لە: خودموختاری، فیدرالیزم و سەربەخۆیی.

لە ئێران دا ئێمە شکڵی خودموختاریمان هەڵ بژاردوە و، دروشمی حیزبی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، لە چوار چێوەی وڵاتی ئێران دایە. بە سرنجدان بە ئەزموونەکانی مێژوویی و هەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە، ئێمە لەسەر ئەم بڕوایەین کە دروشمی ئێمە دروشمێکی واقیع بینانەیە.

داخوازی خودموختاری، داخوازێکی رەواو سادەیە. ئێمە خوازیاری پاراستنی فەرهەنگی خۆمانین و دەمانەوێ زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران دا بە زمانی رەسمی بناسرێ. لە کوردستان دەبێ فێرکردن و بار هێنان بە زمانی کوردی بێ، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە پاوانی یەک ناوەند بێتە دەر و، کار و باری نێوخۆی کوردستان بدرێتە دەست نوێنەرانی گەلی کورد کە بە شێوەی دێموکڕاتیک هەڵ دەبژێردرێن. مەبەستی بنەڕەتی لەم داخوازانە ئەوەیە کە کوردەکان چی دیکە لە وڵاتی خۆیان دا وەک بێگانە چاویان لێ نەکرێ و بە هاووڵاتی دەرەجە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن.

ئەمڕۆ کورد بوون لە ئێران دا جۆرە تاوانێکە . دەیان ساڵە کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و وەدەستهێنانی سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن. هەر ئێستا دە ساڵی بەردەوامە کە شەرێکی نەخوازراو بە سەر ئێمە دا سەپاوە. سەرەڕای قەڵاچۆی پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاع و شەهید بوونی ٤٥٠٠ پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات دا بەربەرەکانیی ئێمە هەروا درێژەی هەیە. بە پێی ئەو هەواڵە تازانەی بە دەستمان گەیشتوون ئاخوندەکان لە حاڵی ئامادە کردنی هێرشێکی گەورە بۆ سەر کوردستانی ناوەندی دان. ئەو هێرشە ناتوانێ بۆ پێشمەرگەکان کە شەڕی پارتیزانی دەکەن گیر و گرفتێکی ئەوتۆ بێنێتە پێش. بەڵام ئێمە یەکجار زۆر نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی بێ دیفاعین. هەر بۆیە ئێمە پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرین کە خودموختاری بەشێک لە مافی مرۆڤە و نابێ تەنیا وەک مەسەلەیەکی نێو خۆی وڵاتان چاوی لێ بکرێ. کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەتوانێ و دەبێ لە ئامانجەکانی گەلی کورد بە گشتی و، هەر وەها لە مافی

خودموختاری دیفاع بکا. هەر بەو مەبەستە زۆر پێویستە داوا بکرێ مەسەلەی کوردیش لە دەستووری وتووێژەکانی نێوان ئێران و عێراق لە ژێر چاوەدێریی سکرتێری گشتیی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان دا بگونجێ.

هاودەنگیی نێونەتەوەیی تا ئێستا لە سەر کارو باری بەشێکی زۆر لە وڵاتان شوێنەوارێکی باشی داناوە. ئەم هاو دەنگی یە دەتوانێ بە لایەنگری لە داخوازی رەوای کوردەکان کە ئێستا لە وەزعێکی دژوار دان جارێکی دیکە توانای خۆی بنوێنێ.

هەڵبژاردنی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" نیشاندەری ئۆگری بە تەواو مانای حیزبی ئێمە بە دێموکڕاسی یە. ئەم راستی یە لە ئوسوول و یاسای بە تەواوی دێموکراتیکی نێوخۆی حیزب و هەروەها رێزی حیزبی ئێمە بۆ پلۆرالیزم لە نێو خۆی وڵات دا سەرچاوە دەگرێ.

ئەوەشم لێ قبووڵ بکەن کە بەڕێوە بردنی دێموکراسی و پاراستنی، لە مەڵبەندێکی دواکەوتووی بێ پێشینەی دێموکراتیک و لە حاڵی شەڕ دا کارێکی زۆر دژوارە. رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا بۆ پاراستن و بەڕێوە بردنی ئوسوولی دێمۆکراتیک لە نێو حیزب و هەر وەها لە ناوچەکانی کوردستان دا، هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرینی لە خۆی نیشان داوە و، لە مەو دواش هەموو توانای خۆی لەم بوارە دا بەکار دێنێ.

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە. بێ دێموکراسی یەکی جێگیر و بنەگرتوو لە ئێران دا، خودموختاریی کوردستان هەموو کات لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەی لە نێو چوون دا دەبێ. تەنیا دەستەبەری خودموختاریی کوردستان، بوونی دێموکڕاسی یەکی سەقامگیر لە ئێران دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک رێکخراوێکی دێموکرات بە پێی ئوسوول و رێبازی خۆی، هەمووکات تێرۆریزمی لە فرۆکە رفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن، رەد کردۆتەوە. بە گشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەک کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرە نیزامی و بێ دیفاع بخاتە مەترسی یەوە ڕەد دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین سەبارەت بە هێندێک دەسکەوتی تەبلیغاتی و کورتخایەن، لە ئوسوولەکانمان بترازێین و سیمای حیزبەکەمان کە وەک حیزبێکی سیاسیی بەرپرس، دێموکڕات و ئینساندۆست ناسراوە خەوشدار بکەین.

دۆستانی بە ڕێز!

ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە. پەندێکی کوردی دەڵێ: "دوژمنێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە

زۆرە و هەزار دۆست کەم". بەداخەوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە، هەر بۆیە ئێمە بەدوای دۆست دا دەگەڕێین. هیوا دارم ئەمڕۆ لەم تالارە دا هێندێک دۆستمان بۆ خۆمان دیتبێتەوە.

لە ژمارە ١٤٤ی رۆژنامەی ((کوردستان)) سەرماوەزی ١٣٦٧ (دیسامبری ١٩٨٨)دا بڵاو بۆتەوە.

وێنەکەش بە کامێرای خۆم گرتوومە(قادر وریا)


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٩





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یادی تێرۆری د. قاسملوو لە سەروبەندی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا



٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٩، ٣١ ساڵەی تێرۆری د. قاسملووی ڕێبەر خەریکە لێمان نزیک دەبێتەوە. ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی خەساری گەورەی لەدەست دانی د. قاسملوو دەکەینەوە کە بەرەو ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچین.

لێکنزیک بوونی ئەو دوو بیرەوەرییە، وامان لێ دەکا کە لە یادکردنەوەی هەر کامێکیاندا، گۆشەنیگایەکمان لە سەر ڕووداو یا بیرەوەرییەکەی دیکە بێ.

دوای قازی محەممەد، پێشەوا و دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیچ ناوێکی دیکە بە ڕادەی ناوی د. قاسملوو، سێبەر و تیشک و نفووزی نەخستووەتە سەر ئەم حیزبە. هیچ ناوێکی دیکە ئەوەندە ئادرەس و ناسێنەری حیزبی دێموکرات نەبوون. هیچ کەسایەتییەکی دیکەش ئەوەندە لە بنیاتنانەوە و زیندووکردنەوەی ئەم حیزبە و شوناس پێدان و ڕەنگڕێژکردنی ڕێباز و سیاسەتەکانیدا، ڕۆڵ و کاریگەرییان نەبووە. ئەم ڕاستییانە وامان لێ دەکەن ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، د. قاسملووی ڕێبەر، چیی لە دوای خۆی بۆ حیزبەکەی و لە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەی، بۆ نەتەوەکەی بەجێ هێشتوە و، حیزبی دێموکرات چەند توانیویەتی و چۆن دەتوانێ، هەڵگر و پارێزەری میرات و سامانێک بێ کە لەو

ڕێبەرەوە بۆی ماوەتەوە؟

قسەی تێدا نییە لە یادکردنەوەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەردا، یەکەم شت دوای ٣١ ساڵ کە هەر وا مایەی داخ و بە ئازارە، داخراویی ئەو پەروەندەیە، سەرپۆش دانانی دەوڵەتی ئوتریش لەسەر ڕاستییەکانی ئەو تاوانە تێرۆریستییە و، بەڕێوە نەچوونی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە گەورەیەیە. بێگومان هەتا ئەو پێشێلکردنەی حەق و دادپەروەری درێژەی هەبێ، حیزبی دێموکرات، نەتەوەی کورد و هەموو خوازیارانی عەداڵەت لە سەریانە نەحەسێنەوە و وەبیر خۆیانی بێننەوە کە پێویستە بە دوای ڕێگا و ئامرازی کاریگەر بە مەبەستی کرانەوەی ئەو پەروەندەیەدا بگەڕێن. ئەو پرسیارە لە جێی خۆیدایە کە خاوەنانی ئەو کەیسە، حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا بەڕاستی هەموو دەرگایەک و هەموو ڕێگایەکیان لەسەر داخراوە و هەمووانیان تاقی کردوەتەوە؟ دوای ئەو هەمووە ساڵە و ئەو هەمووە گۆڕانە کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوویان داوە، هێشتا هەلومەرجێکی باشتر لە سوودی ئەو کەیسە و قوربانییەکانی ئەم تێرۆرە و ڕاستی و حەق و عەداڵەت نەهاتوەتە کایەوە؟!

دووهەم خاڵ لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری د. قاسملوودا، هەمیشە و هەموو کات جێگای سەرنج بووە، ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لە نێو بردنی د. قاسملووی ڕێبەر چ زەبرێکی قورسی لە حیزبەکەی و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کوردستان دا و، ئەو حیزبە و ئەم بزووتنەوەیە، چەندە توانیویانە شوێنەوارە گەورە و قووڵەکانی ئەم خەسارە کەم بکەنەوە؟

ئەوە کە چەندین ساڵ دوای نەمانی ئەو ڕێبەرە، حیزبی دێموکرات سەرەڕای هاتنە کایەی زۆر فاکتەر و هەلومەرج لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی ناوچەدا و، لە زیانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویە وەک هێزێکی سەرەکی لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بمێنێتەوە و، کوردستان هەر وا یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی جەهەننەمی و دژەگەلیی ئەو ڕێژیمە بێ، دەتوانین وەک خاڵێکی جێگای شانازی بۆ درێژە دەرانی ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە ببینین. جگە لەمەش قاسملوو وەک ڕێبەرێک و وەک سەرچاوە و داهێنەری زۆر پرەنسیپ و باوەڕ و سیاسەت، جگە لەوەی لە نێو حیزبەکەی و درێژە دەرانی ڕێگاکەیدا کاڵ نەبووەتەوە، لە نێو نەتەوەکەشیدا زۆر زیاتر لە سەردەمی ژیانی بووە بە هێمای خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی، بووە بە ڕەمزێکی خۆشەویست لە پانتایی کوردستاندا کە چین و توێژی جۆراوجۆر شانازی بە ئامانجەکان و ڕێگا و ڕێبازەکەیەوە دەکەن و لێی کۆ دەبنەوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەو ڕێبەرە شەهیدە هاوکات هەم وەک هێمای سەرکردەیەکی سەرکەوتوو و لێهاتووی فکری، سیاسی، دیپلۆماسی و مەیدانیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە سەردەمی ژیانیدا چاوی لێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێ، هەم وەک ڕەمزی مەزڵوومییەت و غەدر لێکراویی نەتەوەیەک کە تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕێگای دانوستان و ئاشتی بۆ چارەسەری پرسە نەتەوەییە ڕەواکەی هەڵدەبژێرێ، بە تیرۆر و کوشتن بەرەو ڕووی دەبنەوە.

بەڵام حیزبێک کە قاسملوو چەندین ساڵ بەو پەڕی لێوەشاوەییەوە، ڕێبەریی کرد و توانی لە ئاستی کوردستان، ئێران و لە گۆڕەپان و لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتییدا، جێگە و پێگەیەکی بێڕکەبەر و دیاری بۆ دابین بکا، ٣١ ساڵ دوای شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە، نەیتوانیوە جێگای بەتاڵی ئەو لە ڕێبەریی خۆیدا پڕ بکاتەوە. جگە لەمەش لە ئەنجامی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیدا، ئەوە بۆ ١٥ ساڵ دەچێ بووە بە دوو لەت. ڕێڕەوانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لە کاتێکدا بەرەو ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان دەچن کە هێشتا نەیانتوانیوە ئەم دۆخە چارەسەر بکەن و حیزبی دێموکرات بکەنەوە بە یەک. ناکرێ خۆ لە داننان بەم ڕاستییەدا ببوێرین کە دوو کەرت بوونی حیزبی دێموکرات، کاریگەریی نەرێنیی حاشا لێنەکراوی لەسەر هیوای خەڵکی کوردستان بەو حیزبە هەبووە. هیچ کەس گومانی لەوەدا نییە کە بەبێ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات و لە ئەگەری درێژەکێشانی ئەم دۆخەی ئێستا، میراتی قاسملوو و بەرهەمی ٧٥ ساڵ خەبات و قوربانی دانی هەزاران تێکۆشەری ئەم ڕێگا پڕ سەروەرییە، پتر بەرەو ڕووی لاواز بوون و مەترسی و هەڕەشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە.

ئەم ڕاستییانە بەم ئاکامەمان دەگەیەنن کە باشترین وەفاداری لە ئاست ڕێبەری شەهید د. قاسملوو لە ٣١ ساڵەی شەهید بوونیدا، هەروەها باشترین خاوەنداریەتی لە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی پڕ لە قوربانی دانی سەرجەم شەهیدان و نەمرانی ئەم مێژووە ٧٥ ساڵەیە، هەر لە پێشەوا قازی محەممەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتەوە تا دەگاتە نوێترین شەهیدانی ئەم قوتابخانەیە، بریتییە لە زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر لێکدابڕان و پەرتەوازەیی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات. بریتییە لە ئامادەکردنی حیزبی دێموکراتی خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گەورە و گرانەکانی لە قۆناغەکانی لێرە بەدواوەی خەباتدا، بریتییە لە گەڕاندنەوە و ژیاندنەوەی هیوا بۆ خەڵکی کوردستان و شەرمەزار نەبوون و سەربەرزبوون لە ئاست ڕابردوو و داهاتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیڤێک لە بارە نوێکردنەوەی کتێبخانەکانی دوو ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی:





**کتێبخانەکانی ڕێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی کە وا لەبەرچاوتانن، بەسەرهاتێکی خەماوییان هەیە.**

هەر دوو ڕێبەری شەهید لە ژینگەیەکی ئاکادیمییەوە هاتبوون. ژیانی زانستی و فەرهەنگییان ئاوێتەی کتێب و خوێندنەوە و نووسین بوو. کاتێکیش خۆیان بۆ هەڵگرتنی ئەرکی قورسی بەڕێوەبردنی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەیان لە چیاکانی کوردستان تەرخان کرد، لە کتێب و کتێبخانە دانەبڕان. ئەوان سەرەڕای کەم ئیمکانی و هەلومەرجی نائاسایی ژیان و تێکۆشانیان، ماڵە چیاییەکانی خۆیان بە کتێب و کتێبخانە دەڕازاندەوە. کتێب و کتێبخانە یەک لە دیارترین و بە نرخترین کەلوپەل و سامانی نێو ئەو ماڵە پێشمەرگانەیان بوو. ئەو ڕێبەرە لێوەشاوانە دیارە لە نێو حیزب و بە تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسی و بنکەکانی هێز و کۆمیتە شارستانەکان و ئۆرگانەکانی دیکەی حیزبیشدا، هاندەر و پشتیوانی پێکهاتنی کتێبخانە و خوێندنەوە بوون.

ئەم کتێبانەی ئێستا لە کتێبخانەکانی ئەو دوو ڕێبەرە شەهیدە دا دەیانبینن، هەمووی ئەو کتێبانە نین کە دقاسملوو و د.شەرەفکەندی لە سەردەمی ژیانی پێشمەرگانەیان دا هەیانبوو. کتێبخانەکانی ئەو دوو ڕێبەرە شەهیدە و کتێبەکانی

نێویان، وەک ماڵ و شوێنی کاری خۆیان و بنکەی دەفتەری سیاسی و بنکەکانی دیکەی حیزب گەلێک جاران بوون بە ئامانجی هێرشی هەوایی، تۆپ و مووشەکبارانی دوژمن. راگواستن و جێگۆڕکێی زۆریان بە خۆیانەوە دیتوە. بەشێکیان بە هۆی ئەم رووداوانەوە تێدا چوون. هێندێکیشیان لەوانەیە کەسانێک لە کاتی جۆراوجۆردا وەریان گرتبن، بەڵام دواتر نەیانهێناونەتەوە سەر جێی خۆیان.

دوا جار کە ئەم دوو کتێبخانەیە کارەساتیان بە خۆیانەوە دیت، ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧(٨ی سێپتەمبری٢٠١٨) بوو؛ ئەو رۆژەی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قەڵای دیموکرات بوو بە ئامانجی مووشەکە دوورهاوێژەکانی سوپای پاسدارانی رێژیمی ئێران و نزیکەی ٢٠ ئەندامی رێبەری و کادر و پێشمەرگەی دیموکرات بە هۆیەوە شەهید بوون، ئەم کتێبخانانەش کە جێگاکەیان ژوورێکی تەنیشت ژووری بەرێوەچوونی پلینۆم بوو، وەک رێبەریی حیزبی دیموکرات، شەهید و برینداریکی زۆریان دا. ئێستاش ئەگەر سەیری سەربەرگ و لاپەرەکانی هێندێکیان بکەن شوێنەواری تەقینەوە خوێناوییەکە و وێرانییە سامناکەکەی ئەو رۆژەیان پێوە دیارە.

بەڵام ئەو کتێبخانانە، وەک یادگاری دوو رێبەر شەهیدمان، وەک نیشانەیەک لە باوەڕی ئەو رێبەرانە بە کولتووری کتێب خوێندنەوە، کتێب نووسی و کتێب پارێزی، وەک هەڵگری چیرۆکی خەباتێکی خوێناویی پڕ لە قوربانیدان، وەک رەنگدانەوەی رێز و بڕوای دامەزرێنەران و بەڕێوەبەران حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کتێب و زانست و خۆپێگەیاندن کە بە لۆگۆکەیەوە و تەنانەت بە سوێندی ئەندامەتی لە حیزبدا(سەردەممی کۆمەڵەی ژێکاف)ەوە دیارە، لای ئێمە بە رێز و پارێزراو دەبن.

سپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ یەکە یەکەی ئەو کادر و پێشمەرگە و خوێندکار و قوتابییە دیموکراتانەی خۆبەخشانە بەشداری کۆکردنەوە و رێکخستنەوە و نوێکردنەوەی کتێبخانەکانی شەهید د.قاسملوو و شەهید د.شەرەفکەندی بوون.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٠ی جووڵای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی سەرەخۆشیی مام جەلال بە بۆنەی شەهید کرانی د.قاسملووەوە

### دێڕە مێژووییەکان



لە ئەرشیڤی خۆمەوە(٣٦)

٣١ ساڵە ئەم دەسخەتەی زیندەیاد مام جەلالم پاراستوە. ئەو سەردەم لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەو بابەتانەی لە دەبیرخانە یا هەر شوێنێکی دیکە بۆمان دەهات تا لە ڕۆژنامە دا بڵاوی بکەینەوە، دوای سوود لێ وەرگرتن، لەلایەن بەشی فەنییەوە دەسووتێندران. بەڵام هەستێک پێی کوتم ئەو دەسخەتە بپارێزم. دەسخەتی کەسایەتییەکی گەورەیە بە بۆنەی کارەساتیکی گەورەوە. هاوپێوەندی و هاوخەمیی دوو هێزی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد لە بڕگەیەکی مێژوویی‌دا دەردەخا. نێوەرۆکەکەی لە کەشوهەوای پڕ ماتەم و حەماسە و شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتدا هانی دام نەهێڵم ئەم دەسخەتەش وەک زۆر لەوانی دیکە بفەوتێ؟ یا چەخماخەی پرسیارێک کە مەگەر مێژوو بریتیی نیە لەم ساتانە؟ دەی بۆ چی بەڵگەنامەکانی نەپارێزین؟ ئەمڕۆ لە بەرەبەری ٣١ سالەی تێرۆری ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و لە کاتێک دا بڵاوی دەکەمەوە کە بە داخەوە مام جەلال بۆ خۆشی لە ژیان دا نەماوە. لە سووچێکی کاغەزەکەدا دەسخەتی ڕێبەری شەهید د.سەعید(د.سادق شەرەفکەندی) دەبیندرێ کە ڕۆژی (٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٨) ئەم نامەیەی دیتوە و خوێندوویەتەوە و بە عادەتی خۆی لێی نووسیوە "دیتم. سەعید". هەر لە لایەن ئەویشەوە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ناردراوە. ئەگەر چی ئەو ٣ سەرکردە گەورەیە بە داخەوە هیچیان لە ژیان دا نەماون، بەڵام ئەم جۆرە پەیامانە و ئەم جۆرە دەسخەتانە ماون و نەخشێنەری مێژوومانن. حەیفە وەبیر

خۆمانیان نەهێنیەوە:

"هەڤاڵانی تێکۆشەری کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ئی بەڕێز

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی دڵتەزێنی شەهید کرانی ڕۆڵەی دلێر و ژیری کوردستان و سەرکردەی هێژا و لێهاتووی حزبە خەباتگێرەکەتان کاک د.عبدالرحمن قاسملو و شەهید کرانی کاک عبدالله قادری ئەندامی ک. ن تانم بیست.
شەهید کرانی برای خۆشەویستمان و هەڤاڵی بەڕێزمان کاک قاسملوی نەمر نەک هەر داخێکی ناسۆری نا بە دڵی گەورەی کوردستانەوە بەڵکوو زیانێکی گەورەشی گەیاند بە جولانەوەی ڕزگاری دیموکراتی خەڵکی کوردستانیشکە شەهیدی هەمیشە زیندوومان سەرکردەیەکی هوشیار و زانا و کارای بوو، وە کە هەمووی ژیانی خۆی بۆیان تەرخان کردبوو.

بکوژە تاوانبارەکانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی کوردایەتی پیسترین تاوانی تیرۆریستانەیان لە مێژووی گڵاوی خۆیان دا تۆمار کردو دەریان خستەوە کە نەک هەر دوژمنی خوێنەخۆی کورد و کوردستانن بەڵکوو دوژمنی سەرسەختی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ و مافی گەلان و چارەسەرکردنی سیاسی و ئاشتیخوازانەی کێشەی ڕەوای گەلی کوردیشن.

جا لەم هەلومەرجە دژوارەدا لە ئاستی ئەو زیانە زۆر و زەوەندە و ئەو کەلەبەرە گەورەیەی ئەو کارەساتە خستویەتیە ڕیزەکانی کوردایەتی و حزبەکەتان و نەتەوەکەمانەوە، ئێمەمانانەک هەر خۆمان بە هاودەرد و هاوخەم و خاوەن تەعزیە و پرسە دەزانین، بەڵکو بە پێویستی سەرشانی خۆشمانی دەزانین ئەو پەڕی هاوکاری تان بکەین بۆ دەرباز بوون لەم کارەساتە و ڕزگار بوون لەم تەنگانەیە بە سەربەرزی. هەر بۆیەش ئێمە ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و فەرمانێکو هاوخەباتی تانین.

من خۆشم وەک برایەکی کۆستکەوتە و داماو و جەرگسوتاوی د.قاسملووی هێژا و نەمر نازانم چۆن؟ بە چ زمان و گوتەیەک خەمباری و دەردەداری خۆمتان بۆ دەربڕم! و بە چ وشە و ڕستەیەکیش بێزاری و نەفرین و تووڕەیی خۆم لەو تاوانبارە دڵڕەشە خوێنخۆرانە نیشان بدەم. هەر ئەوەندەم بۆ دێ کە بەیتە شێعرییەکەی الجواهری مەزن دووپات بکەمەوە:

سمعت لمن نعاک علی زهول کاني قد اصغيت لمن نعاني.(*)

وەفادارداریش بۆ هاوڕێ ی نەمر دەبێ لەوە دا باشتر بدرەخشێتەوە کە نابێ لە هیچ هەلومەرجو ساتێکدا ڕێگەی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێی نەمر و ڕێبازە پیرۆزەکەی کوێر ببێتەوە، بەڵکو پێویستە هەمیشە مەشخەڵی ئەو خەبات و شۆڕشەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە**

**ئەو سەرداره هوشیارەی کورد گیانی خۆی لە پێناو داناوە، بە بەرزی و بە گەشی و پڕشنگداری لە سەر سەری خۆمان و چیا سەربەرزەکانی کوردستاندا راگرین.**

**سەروەری و نەمری بۆ هەڤاڵ و برای دێرین، سەرکردەی کارا و زانا و شارەزا و دووربین و واقیع بین و هوشیاری کورد و حزبەکەتان.**

**ڕوورەشی و شەرمەزاری ئەبەدی بۆ بکوژە تاوانبارەکان**

**سەرکەوتن بۆ حزبەکەتان و گەلەکەمان**


**برای دڵسۆزتان**


**مام جەلال**

**سکرتێری گشتی ی.ن.ک**

**(*): وەرگێڕاوی دێرە شێعرەکەی الجواهری کە مامۆستا فازڵ شەوڕۆ، زەحمەتی بە کوردی کردنەکەی بۆ کێشاوم:**

**"گوێم ڕادێرابوو بۆ ئەو کەسەی کە بەو پەڕی پەرێشانییەوە سەرەخۆشیی لێدەکردی**
**هەروام دەزانێ گوێم لە کەسێک گرتووە، سەرخۆشیی مەرگی خۆمم لێدەکا(یان سەرەخۆشیی مەرگی خۆمانمان لێدەکا)"**





**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٢٠**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی کاک دوکتور قاسملوو بۆ بنکەی یەکیەتیی لاوان لە بناری قەندیل و ئامۆژگارییەکانی



**عوسمان نۆباری**

پاییزی ساڵی ١٣٦٦ بوو. لە دەبیرخانەی حیزب ئاگاداریان کردینەوە کە کاک دوکتور دەیهەوێ لەم ڕۆژانەدا سەردانی بنکە و بارەگاکانی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکات. زۆری نەگرت ڕۆژێکی لە پڕ بێ ئەوەی یەک کادر و بەرپرسی لەگەڵ بێ لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆی پەیدا بوو و تەشریفی هێنا.

سەردانەکانی کاک دوکتور قاسملوو بۆ هەر بنکە و بارەگایەکی حیزبی حەتمەن مەبەست و ئامانجی خۆی هەبوو. پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکەی خۆی ، ماوەیەکی کورت لەگەڵ بەرێوەبەریی گشتی و کادرەکانی یەکێتی لاوان، کە ئەو کات بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان کاک قادر وریا بوو، کۆ بۆوە و لەو کۆبوونەوەیە دا فەرمووی ئەگەر ئێوە ڕازی بن دەمەوێ بۆ خۆم بە تاقی تەنیا وێڕای بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان، لەگەڵ لاوەکان کۆ ببمەوە و لە نزیکەوە بزانم داخوازەکانیان چییە. ئێمەش بە تێگڕا پێشنیارەکەیمان زۆر پێ جوان بوو و کوتمان جەنابت چۆنت پێ باشە وابکە . دیارە ئەوانەی وەک پێشمەرگەی یەکیەتیی لاوان لە بنکەی ئەو یەکیەتییە بوون، دوو بەش بوون. بەشێکیان تەمەنیان لە ١٨ بۆ سەرەوە بوو. بەڵام بەشە زۆرەکە لە خوارەوەی ١٨ ساڵ بوون. تەنانەت چەندین کەسی خوار ١٦ ساڵیشیان تێدا بوو.

کۆبوونەوەکەی کاک دوکتور لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی لاوان نزیک دوو سەعاتی خایاند. کاک دوکتور هێندێک قسەی لە بارەی ئەرکی لاوان لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیان و پێویستیی خۆ پەروەردەکردن بۆ بەشدارییەکی کاریگەر لە کاروباری حیزب داهاتوودا بۆ کردبوون. دواتر لە بارەی بارودۆخی ژیانیان لە یەکیەتیی لاوان، جۆری پێڕاگەیشتنی بەڕیوەبەریی یەکیەتیی لاوان بەوان، هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لەگەڵیان ، لە باری پاک و خوێنی و کەیفیەتی خواردنی ڕۆژانە و هتد پرسیاری لێ کردبوون. بەم جۆرە ڕێگەی بۆ کردبوونەوە کە سەربەستانە و بێ ترس و شەرم کردن باسی کەم و کوڕییەکانیان بکەن. ئەوانیش هەر چی لە بارەی کارو تێکۆشان لە یەکیەتیی لاوان و لە کەموکووڕی وەبەرچاویان هاتبوو، باسیان کردبوو. یەکێک لە لاوەکان(ئەمیر کوڕی هونەرمەند کاک برایمی قادری) لەدوکتور قاسملووی پرسیبوو: باشە کاک دوکتور بۆ مە عەیب نیە ڕادیۆمان نیە؟! چۆن دەبێ ڕادیۆمان نەبێ؟ دوکتوریش دەڵێ: چۆن شتی وا دەڵێی؟ ڕاستە ڕادیۆی ئێمە پارازێتی لە سەرە، بەڵام بەو حاڵەش نەک هەر لە هەموو ئێران لە وڵاتانی دەوروبەریش، دەنگی ڕادیۆکەمان دەبیسترێ. ئەدی ئەوە ڕادیۆ نیە؟ ئەمیریش دەڵێ: ماڵتە کاک دوکتور ئەمن مەبەستم ئێزگەی رادیۆ نیە. مەبەستم رادیۆی دیکەیە کە وەختی کرانەوەی رادیۆ کوردستان، لەو ساڵۆنەی دایبنێین و گوێی لێ بگرین. کاک دوکتوریش لە کاک قادر دەپرسێ، رادیۆتان نیە؟ دەڵێ نەخێر! ئێمە لە باری تەداروکاتی سەر بە فێرگەین، فێرگەش تەداروکاتی خواردەمەنی نەبێ، پێویستییەکانی دیکەمان زۆر بە کەمی و بە درەنگەوە بۆ دابین دەکەن. دوکتور قاسملوو لەوێ قەولی پێ دابوون، ئەگەر ڕادیۆی ژوورەکەی خۆشی بۆ ناردبن ناهێڵێ بێ ڕادیۆ بن.

کاتێک کۆبوونەوەکە تەواو بوو و کاک دوکتور و بەرپرسی گشتی بە یەکەوە لە ساڵۆنی گشتی هاتنە دەر، ئێمە کادرەکان و مامۆستاکان لە بەر دەرگا چاوەروانیان بووین. د.قاسملوو ڕووی تێ کردین و بە زەردە خەنەیەکەوە فەرمووی: مەترسن! ڕەخنەی کەمتان لێ گیرا و لاوەکان بە گشتی لێتان ڕازی بوون. دوایە بە یەکەوە چووینە دیوی بەڕێوەبەریی گشتی. دوکتور لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ لاوەکاندا کۆمەڵێک شتی یادداشت کردبوو. لە کاتی چاخواردنەوە و میوەخواردن لە بارەی ئەو سەرنج و تێبینیانەی یادداشتی کردبوون، قسەی بۆ کردین. یەکە بە یەکە شێ دەکردنەوە بۆ هەریەک لە بابەتەکان ڕێکار و ڕێنوێنیی خۆی هەبوو. لە پێشدا زۆر تەئکیدی لە سەر خواردن کردەوە و کوتی ئەو لاوانە ئێستا زۆربەیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵە و لە حالی گەشەکردن دان، پێویستیان بە خواردنە. فەرمووی ئێوە بۆ خۆتان کە لەو تەمەنەدا بوون رۆژێ چەند جاران دەچوونە سەر تەشتی نانی و نانتان دەخوارد؟ بۆیە دەبێ ئەوانە زیاتر خواردن بخۆن و بە تەداروکات بڵێن سەهیمیەکەتان زیاد بکەن.

ئینجا فەرمووی ئێوە نابێ هەموو پەروەردەیەک لە دەرس و کلاسدا ساغ کەنەوە، لە ژیانی رۆژانەی هەر قوتابیەک لەو تەمەنانە دا جگە موتالعە، وەرزیش پێویستە، گوێگرتن لە موزیک و دیتنی فیلم پێویستە، تەفریح پێویستە. پاک و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاوێنی و ئیستراحەت گرنگیی زۆریان هەیە و، ئەوانە لە بەرنامەکانتان دا بگونجێنن. دیارە چاوم لە بەرنامەی کاری ڕۆژانەتان کردوە، بەشێک لەو مادانەی تێدایە، بەڵام ئەوانەی لەوێ دا نین دەبێ بیانگونجێنن. پێداویستییەکانی ئەو شتانەشتان بۆ دابین دەکەین.

دوای کۆبوونەوەکە فەرمووی بەیانی دوو کەسان بنێرن من لە دەبیرخانە هێندێک شتم هەیە و دەتوانم بەشێک لەو کێشانەتان بۆ حەل کەم.

پاش ئەو قسە و باسانە کاک دوکتور دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ دەبیرخانە، کاک قادر و ئێمە کادرەکانی بەڕێوەبەری ئیسرار و تەعاروفمان دەکرد کە کاک دوکتوربۆ شام لە لامان بمێنێتەوە. ئەویش فەرمووی ئێستا بەرەو کۆنگرە دەچین وکارێکی زۆرمان هەیە کە دەبێ لە ماوەیەکی کەم دا ئەنجامیان بدەین. ئێستا نا، بەڵام زستانێ دوای تەواو بوون لە کۆنگرە، دێم میوانتان دەبم. دەزانم ئێوەش لەو ڕەز و باغەی دەوروبەری خۆتان، هەم گوێزی زۆرتان کۆ کردووەتەوە، هەم مێوژی باشتان هەڵگرتوە. جا ئەو کات میوان چی خانەخوێیە؟ کاک قادر سوور هەڵگەڕا و کەمێک زمانی تێکهاڵا و بە شەرم و پێکەنینێکەوە گوتی جا وەڵا میوان گەورە و سەروەری خانەخوێیە!

دوکتور قاسملووش دایە قاقای پێکەنین و گوتی کاکە! میوان جێژنی خانەخوێیە! دزانم ئەتۆ فکرت بۆ شتەکەی دیکە چووە! ئێمەش هەموومان تێر پێکەنین. دوایە کاک قادر بۆی گێڕاینەوە، گوتی من هەتا ئەو کات هەر ئەوەم بیستبوو کە" میوان کەری خانەخوێیە". خۆ نەشدەکرا لە وڵامی دوکتور قاسملوو دا، ئەوە بڵێم. ئەدی خودایە چ وڵامێکی بدەمەوە؟ هەر بۆیە گوتم میوان گەورە و سەروەری خانەخوێیە کە دیارە دوکتور زوو لێم حاڵی بوو و ئەو پێکەنینەی لێ کەوتەوە.

بۆ بەیانی من و هاورێیەکی دیکەم چووینە دەبیرخانە. کاک دوکتور ڤیدۆیەکی تازە – ڤیدیۆ تازە لە بنکەکانی حیزبی پەیدا ببوون- لەگەڵ تەلویزیۆنێکی"القیصارە"ی گەورە، کۆمەڵێک فیلم (لە نێو فیلمەکاندا فیلمی چارڕ چاپلین ، فیلمی بوروس لی، فیلمی "ئیسپارتاکوس"، فیلمی "عومەر موختار" و هێندێک گۆرانی و ڤیدیۆیی فارسی هەبوون (هەر وەها لە گەڵ هێندێک گۆڤار و بڵاوکراوە و کتێب وەرمان گرتن و لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە بۆ یەکیەتیی لاوان.

یەک دوو حەوتوو دواتر ڕۆژێک کاک محەممەد حەسەنپوور(یادی بەڕێز)، بە لانکرۆزێرێک هات بۆ لامان. کارتۆنێکی لە ماشێنەکەی دابەزاند، ڕادیۆیەکی نوێی زۆر باش کە تا ئەو کات شتی وامان نەدیتوو، لە کارتۆنەکە دەرهێنا و گوتی کاک دوکتور ئەو رادیۆیەی بۆ ناردوون و فەرمووی ئەوە من قەولەکەی خۆم لە بارەی رادیۆش جێبەجێ کرد. حەسەنپوور، ئەو

ڕێنوێنییانەش کە د.قاسملوو بە گوێرەی بروشووری ڕادیۆکە بە وی کوتبوو، بە ئێمە بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی کوت. ئیدی لەو کات بە دواوە نیوەڕۆیان کە بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران دەستی پێ دەکرد، ڕادیۆی یەکیەتیی لاوان کە لە لایەن د.قاسملووەوە بە دیاری بۆمان هاتبوو، وەک دەڵێن وەک تۆپێ دەنگی دەهات و هەموو لاوەکان گوێیان بۆ رادەگرت.

دوکتور قاسملووی ڕێبەر کە بۆ خۆی تێکۆشانی سیاسیی لە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتەوە دەست پێ کردبوو، لاوەکانی زۆر خۆش دەویست و هیوایەکی زۆری بە یەکیەتیی لاوانی دیموکرات هەبوو. هەر جارێک چاوپێکەوتن و دانیشتنی لە گەڵ بەرێوەبەری و بەرپرسانی یەکیەتیی لاوان هەبا، بە وردی لە کاروبار و بەرنامەکان و کێشە و کەموکوڕییەکانی دەپرسین و بە دواداچوونی بۆ دەکردن. بە کورتی بەردەوام سێبەری لە سەر ئەو ئۆرگانە بوو. پشتگیری و ڕێنوێنی و هاندانەکانی ئەو بۆ یەکیەتیی لاوان بووە هۆی ئەوە ئەو ڕێکخراوەیە ببێتە مەکۆی پەروەردەی کەسانێک کە دواتر بوون بە باشترین بەرپرس، بەڕێوەبەر، کادر، فەرماندە ، راگەیەندنکار وتێکۆشەری بە وەجی بوارەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان.

لە ٢٢ی پۆشپەڕدا بە ڕێز و پێزانینەوە یادی زەحمەتەکانی، لێزانیەکانی، سەرکردە و مامۆستا بوونەکەی دەکەمەوە و، وەفا و خۆشەویستی بۆ ئەو پیاوە مەزنە بۆ هەمیشە بە زیندووی لە دڵم دا دەهێڵمەوە.


روحت شاد سەروەرم.


سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د.قاسملوو و مەحکوومکردنی کیمیابارانی هەڵەبجە







دروغین خواند.

بی بی سی ـ ساعت ٦ صبح ٦٧/١/٢٩

● دکتر عبدالرحمن قاسملو، رهبر حزب دمکرات کردستان ایران، دولت عراق را به خاطر آن چه که استفاده گسترده از گاز سمّی علیه جامعه کرد خوانده، محکوم کرده است.

تشروح اخبار ساعت ٦ صبح رادیوی بی بی سی ٦٧/١/٢٩

دکتر عبدالرحمن قاسملو، رهبر حزب دمکرات کردستان ایران، دولت عراق را به خاطر آن چه که استفاده گسترده از گاز سمّی علیه جامعه کرد خوانده، محکوم کرده است. دکتر قاسملو در مصاحبه‌ای با خبرنگار بی بی سی در پاریس گفته است که وی شخصاً مدرکی دال بر کاربرد گاز سمّی توسط عراق در حملات اخیرش علیه کردها مشاهده نکرده؛ امّا افزوده است که اطمینان دارد دولت عراق مسئول بمباران شهر حلبچه در ماه مارس گذشته است. در این شهر کردنشین عراق، طبق گزارش، بیش از ٤ هزار نفر بر اثر گاز خردل و گاز اعصاب جان سپرده بودند. دکتر قاسملو گفته است که دولت ایران نیز علیه کردهای ایران سلاح شیمیایی بکار برده است. یك خبرنگار بی بی سی گزارش می‌دهد که حزب دمکرات کردستان ایران طی ٨ سال گذشته از عراق کمك دریافت کرده است.

بقیه در صفحه ١١

**(چەند بەڵگەیەک بۆ لەدەمدانەوەی ئەوانەی لە پێوەندی لە گەڵ کیمیابارانی هەڵەبجەدا، هێرش دەکەنە سەر د.قاسملوو)**

هاوین و پاییزی ١٣٦٧، دوای ملدانی کۆماری ئیسلامی بۆ قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ و ڕاگرتنی شەڕ لە گەڵ عێراق، د.قاسملوو، هەوڵێکی دیپلۆماسی و میدیایی بەرچاوی لە دەرەوەی وڵات(لە ئورووپا) دەست پێکرد تا سەرنجی دەوڵەتان و کۆڕ و کۆمەڵە ئورووپایی و نێودەوڵەتییەکان بۆ لای فاکتەری کورد لەو ناوچەیەدا و کاریگەریی لە سەر ئاشتی لە ناوچەکەدا رابکێشێ و ڕێگە نەدەن ڕێککەوتنی دەوڵەتانی عێراق و ئێران هێرشی بەرین و یەکلاکەرەوەی ئەو دەوڵەتانە بۆ سەر بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لەو دوو وڵاتەی لێ بکەوێتەوە.

د.قاسملوو لێهاتووانە سوودی لە کاریگەریی دەنگدانەوەی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە لە میدیاکانی ڕۆژاوا و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی ئورووپایی و نێودەوڵەتی وەرگرت و توانی هاندەری ژمارەیەک لە کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ وێنە فرانسوا میتران، برۆنۆ کرایسکی، لیونێل ژۆسپەن، پییەر مۆروا، ویلی برانت، هاینس فیشێر و هتد بێ بۆ ئەوەی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پارلمانەکانی وڵاتی خۆیان و لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست پرسی کورد بێننە گۆڕێ و سەرنجی دنیا بۆ لای ئەو تاوانانە ڕابکێشن کە دەولەتانی ناوچە بە دژی کورد ئەنجامیان دەدەن. هەر لە ئاکامی

ئەو هەوڵانەش دا بوو کە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست بۆ یەکەم جار(لەکۆبوونەوەی شوورای خۆی لە پاریس، ڕۆژەکانی ٦و٧ی دیسەمبری ١٩٨٨) دەقێکی لە بارەی کورد پەسند کرد کە د.قاسملوو ئامادەی کردبوو.

راپۆرتی ئەم چالاکیانە لە ژمارەکانی ١٤٤(سەرماوەزی١٣٦٧)، ١٤٥(بەفرانباری ١٣٦٧) ژمارە ١٤٦(ڕێبەندانی ١٣٦٧)ی ڕۆژنامەی "کوردستان"(ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هەن). یەکێک لەو پێشنیار و داوایانەی د.قاسملوو لەو هەوڵانەیدا خستبوونیە بەر سەرنجی دەوڵەتمەردان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژاوا، پێویستیی پێکهاتنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ هاوپیوەندی و پشتیوانی لە نەتەوەی کورد بوو. ئەم کۆنفرانسە کاتێک پێک هات (١٤ و ١٥ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ لە پاریس)کە بەداخەوە د.قاسملوو بە هۆی ڕێژیمی ئێرانەوە تیرۆر کرابوو و لە ژیاندا نەمابوو. بەڵام ڕێکخەران و بەشدارانی کۆنفرانسەکە، سەبارەت بە هەوڵە بە نرخەکانی د.قاسملوو لە بارەی بە نیونەتەوەیی کردنی پرسی کورد دابووی، ئەو کۆنفرانسەیان پێشکەش بە یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدە کرد.

بەڵام خاڵی جێگای داخ ئەوەیە کە هێندێک هەلپەرست و داخ لە دڵ -کە دیارە سەریان بە کوێ بەندە- سەرەڕای زانینی ئەو ڕاستیانەش، ماوە ماوە وەخۆ دەکەونەوە و د.قاسملوو بە حاشاکردن لە بۆمبارانی هەڵەبجە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە و تەنانەت دەست هەبوون لە زەمینە ڕەخساندن بۆ ئەو تاوانە گەورەیە، تاوانبار دەکەن. من ئەوەم لە بیر مابوو کە کاتی خۆی بە گوێی خۆم ڕاپۆرتی مەحکوومکردنی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە لە لایەن د.قاسملووەوەم لە رادیۆی بی بی سی بیستبوو. هەر بۆیە ئەم ڕۆژانە هەدام نەدا و کەوتمە پشکنینی "بوڵتەنی هەواڵەکانی رادیۆکانی جیهان"(تایبەت بە ساڵی ١٩٨٨) کە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، ڕۆژانە ئامادەی دەکردن. ئەم دوو نموونەیەم لە نێویاندا دۆزیەوە. هەوڵیش دەدەم ئەو ژمارەیەی گۆڤاری "کل العرب" کە وتوویژ یا راپۆرتێک لە ڕوانگەکانی د.قاسملووی لە بارەی شەڕی ئێران و عێراق و کیمیایی بارانی هەلەبجەی تێدایە، بە دەست بێنم و بیخەمە بەر سەرنجی هۆگرانی ئەو باسە تا بیسەلمێنم لەو گۆڤارەشدا(بە پێچەوانەی تیتری سەربەرگی گۆڤارەکە)، د.قاسملوو حاشای لە کیمیای بارانی هەڵەبجە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە نەکردوە.

**ئەوەش نێوەرۆکی ئەو وتوویژ و ڕاپۆرتانەی شایەدی بۆ مەحکوومکردنی تاوانی کیمیایی باران لە لایەن د.قاسملۆوە دەدەن:**

**برنامه خبری ساعت ٦ صبح رادیو بی بی سی ٢٩ - ٦ - ١٣٦٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خلاصه اخبار: دکتر عبدالرحمن قاسملو رهبر حزب دمکرات کردستان ایران، دولت عراق را به خاطر آن چه که استفاده گسترده از گاز سمی علیه جامعه کرد خوانده، محکوم کرده است.**

"**مشروح اخبار:** دکتر عبدالرحمن قاسملو رهبر حزب دمکرات کردستان ایران، دولت عراق را به خاطر آن چه که استفاده گسترده از گاز سمی علیه جامعه کرد خوانده، محکوم کرده است. دکتر قاسملو در مصاحبه‌ای با خبرنگار بی بی سی در پاریس گفته است که وی شخصا مدارکی دال بر کاربرد گاز سمی توسط عراق در حملات اخیرش علیه کردها مشاهده نکرده، اما افزوده است که اطمینان دارد دولت عراق مسئول بمباران شهر حلبجه در ماه مارس گذشته است. در این شهر کردنشین عراق، طبق گزارش، بیش از ٤ هزار نفر بر اثر گاز خردل و اعصاب جان سپرده بودند. دکتر قاسملو گفته است که دولت ایران نیز علیه کردهای ایران سلاح شیمیایی به کار برده است. یک خبرنگار بی بی سی گزارش می دهد که حزب دمکرات کردستان ایران طی ۸ سال گذشته از عراق کمک دریافت کرده است. "

بەرنامەی هەواڵەکانی کاتژمێر ٦ی بەیانیی رادیۆی بی بی سی ٢٩ - ٦ - ١٣٦٧(سێپتەمبری ١٩٨٨)

**کورتەی هەواڵەکان: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەولەتی عێراقی سەبارەت بەو شتەی پێی دەگوترێ بەکارهێنانی بەربەرینی گازی ژاراوی دژی کۆمەڵی کورد، مەحکووم کردوە.**

**درێژەی هەواڵەکان:** دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەولەتی عێراقی سەبارەت بەو شتەی پێی دەگوترێ بەکارهێنانی بەربەرینی گازی ژاراوی دژی کۆمەڵی کورد، مەحکووم کردوە.دوکتور قاسملوو لە وتوێژێک لە گەڵ پەیامنێری بی بی سی لە پاریس گوتوویە ئەو بۆ خۆی بەڵگەیەکی وا کە نیشان بدا دەولەتی عێراق لە هێرشەکانی ئەم دوایانەی دژی کوردەکان، گازی کیمیایی بە کار هێناوە، نە دیتووە، بەڵام کوتوویە لەوە دڵنیایە کە دەولەتی عیراقبەرپرسی بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە لە مانگی مارسی ڕابردوویە. لەم سارە کوردنشینەی عێراق، بە گوێرەی راپۆرتەکان زیاتر لە ٤ هەزار کەس بە هۆی گازی خەردەل و گازی ئەعساب، گیانیان لە دەست دابوو. دوکتور قاسملوو کوتوویە دەوڵەتی ئێرانیش دژی کوردەکانی ئێران چەکی شیمیایی بەکار هێناوە. پەیامنێرێکی بی بی سی رادەگەیەنێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا، یارمەتیی لە عێراق وەرگرتوە".

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆپلەیەک لە وتوێژی د.قاسملوو لە گەڵ ڕادیۆی بی بی سی

**برنامه شبانگاهی رادیوی بی بی سی ١٦ - ٩ - ١٣٦٧**

**بی بی سی: در کردستان عراق چطور؟ مثلا آیا شما کشتار شیمیایی کردها را محکوم کردید؟**

**د.عبدالرحمن قاسملو: بله ما که این را گفتیم قبلا، بله. یعنی ما اصولا به طور کلی هر کشتار شیمیایی را(محکوم)کردیم، چون ایران هم بکار بردەبود؛ ولی البته نه به آن وسعت.**

**بەرنامەی شەوانەی رادیۆی بی بی سی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٧(دیسەمبری ١٩٨٨)**

**بی بی سی: لە بارەی کوردستانی عێراقەوە چی؟ بۆ وێنە ئایا ئێوە کوشتاری شیمیایی کوردەکانتان مەحکووم کرد؟**


**د.عبدالرحمن قاسملوو: بەڵێ ئێمە کە پێشتریش ئەوەمان کوتوە، واتە هەر لە جێدا ئێمە بە شێوەیەکی گشتی هەر کوشتارێکی شیمیایی مەحکووم دەکەین. دیارە ئێرانیش (چەکی شیمیایی) بە کار هێنابوو، بەڵام نە بەو بەربەرینیە.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠٢١**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## قاسملووی ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر




**مارک کراڤێتس وەرگێڕانی: قادر وریا**

**بۆ چی ئەم بابەتەم بڵاو دەکەمەوە؟**

ئەمشەو لە ڕێگەی پۆستێکی فەیسبووکی د.ئاسۆ حەسەنزادە، ئاگادار بووم کە مارک کراڤێتس، ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی فەرانسەیی و دۆستی د.قاسملوو، ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبر(دوێنێ) کۆچی دوایی کرد. ئەم وتارەی خوارەوە لە نووسینە جوانەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە کاتی خۆی بە دوای تیرۆری د.قاسملوو لە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"دا بڵاوی کردبۆوە. ساڵی ١٩٩٩(١٣٧٨) لە ١٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا، زیندەیاد کاک فەتاح کاویان لە سەر داوای من، ئەم نووسینەی لە ئینگلیزییەوە کرد بە فارسی. منیش لە فارسییەوە کردم بە کوردی. کوردی و فارسییەکەی ئەم وتارە لە ژمارە ٢٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. وەک یادکردنەوەیەک لەم دۆستە بەنرخەی بزووتنەوەی کورد و وەک وەفایەک بۆ خزمەتەکانی کراڤێتس بە پرسە ڕەواکەمان، هەر وەها بۆ ئەوەی نووسەران و توێژەرانی سەردەمی ئێستا دەستیان بە وەرگێڕاوی ئەم نووسینەی ڕابگا، پێم باش بوو بە بۆنەی کۆچی دوایی مارک کراڤێتس دووبارە بڵاوی بکەمەوە.

قادر وریا ٣٠ - ١٠ - ٢٠٢٢

عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩لە ڤییەن تیرۆر کرا، هەم وەک ڕێبەری یەکێک لە کۆنترین و ڕەسەنترین بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجراکێشبوونی کەسایەتییەوە، هەروەها لە باری ئیعتیبار و نفووری نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتوویی یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێ وێنەیەی لە شیکردنەوەی دابونەریتەکان و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لە توێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا کە بریتین لە: ئازادی، دێمۆکراسی و ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو. بەڵام بۆ خەڵک (ی جیهان) ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوون و مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون و نە ژیانێکی نهێنی و پڕەمز و ڕازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باس کردن و هەبوونی پێوەندیی گەرم و گوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ باشتر ناساندنی، سەفەری بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین ـ لە قووڵایی دۆڵێک و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقیدا زیاتر پێ خۆش بوو ـ ناوچەیەک کە زوو زوو ناچار بە گوێزە گوێز و گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لە گەڵ بوو.

ئۆگر و ئەویندارى کتێب و شەڕابی چاک بوو. دیارە زۆر بە هاسانی دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا. هەروا کە زۆر بە سانایی لە سەر مێزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی یەش تەنیایی و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکان دا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیک ٦٠ ساڵی ـ لە دیسامبری داهاتوو دەبوو بە ٥٩ ساڵ ـ سەفا و گەرم و گوڕی و خۆمانە بوونی ئینسانێکی وریای ڕۆژهەڵاتی لە گەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کۆڕی زانیاری) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لە سەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندەش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بە هاسانی دەیتوانی توند و تیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی ـ چەکدارانە لە گەڵ شک و گومانێکی سەرچاوە گرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتە و یەکدیگر بکا.

قاسملوو لە بواری ئابووریدا پلەی دوکتۆرای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی، فارسی و عەرەبی دا، شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکاتی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلیر، واڵت ویتمەن یا تی . س . ئیلیۆتی بە نموونە دێناوە ـ ئینسانێکی سەمیمی، بێ فیز و خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بە پاراوی و بە هاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لە گەڵ هەر کەس دوابا و هەڵسوکەوتی

هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە (ی ژێرربێبەرایەتی)ی خۆی، چ رووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و راست، هەستێکی وەک یەکی تێدا پێک دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لە گەڵ بووبێ، پێ لەم راستییە دەنێن کە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ کردوون و بۆ لای خۆی ڕایکێشاون. لەم سەدەیە دا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی شەخسییەتەکەیەوە هاودەنگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وەک کۆمۆنیستێک و لە حیزبی توودەی ئێراندا دەست پێ کرد و هەتا ئاستی رێبەرییش لەم حیزبەدا چووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە (زانستگەی) پراگ، لە ئوتی ١٩٦٨ لە سەر مەسەلەی دەخاڵەتی شوورەوی لە کاروباری چیکوسلۆواکیدا، وازی لە حیزبی کۆمۆنیست هێنا . ئەگەرچی بیروڕای تێکەڵ بە دەمارگرژی و دووگماتیکی مارکسیزمی وەلانا، بەڵام قەت حاشای لە رابردووی خۆی نەکرد. بەڵکوو بە هەڵەکانی خۆیدا چۆوە و بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە کە لە کوێ و کەنگێ دادپەروەری لە گەڵ بێعەدالەتی و راستی لە گەل درۆ و . تەنانەت لە گەڵ تیرۆر و وەحشەت . دا ئاوێتەی یەک بوون، هەلومەرج و بارودۆخە سیاسی یە جیاوازەکانی شی دەکردەوە و لێک دەدایەوە. ئەو بە تایبەتی زیرەکی و هەستێکی ئەوتۆی هەبوو کە گیروگرفتەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵێکی "دواکەوتوو" دا بە باشی تێ دەگەیشت (بۆخۆی هەموو جارێ وشەی دواکەوتووی بەکار دەهێنا). کۆمەڵێک کە بە هۆی نەبوونی هەرچەشنە پێوەندییەک لە گەڵ دنیای دەرەوەدا و بە هۆی بێبەشی لە مافی بیروڕا دەربڕین و بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەستراگەیشتن بە فەرهەنگەکەی خۆشیدا، وەدوا کەوتوە. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم دواکەوتوویییە بکا بە بیانوویەکی ئیدئۆلۆژیکی بە مەبەستی پەنا بردن بۆ زێدەرۆیی جۆراوجۆری وەک برەو پێدانی توند و تیژی تەنیا لە بەر نەفسی توند و تیژی، برەو دان بە پەرستنی شەخسییەتی رێبەر (کیش شخصیت) لە رێکخراوەیەکی سیاسیدا، یان دیکتاتۆریی حیزبی سیاسی بە سەر گەلێک و هتد دا.
جگە لە مەش، لە گەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو کە گرینگ نییە لە پێوەندییە گشتییەکان و لە وتوویژ لە گەڵ راگەیەنە گشتییەکاندا، بە جۆرێک بدوێ، بەڵام لە مەیدانی کردەوە دا ئەو قسانەی کردوونی لە بیر خۆیانی بەرێتەوە.

شانازیی گەورەی کە هیچ کات لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو، ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانی یەکان لە تێکۆشان و کاروباری رۆژانەی بزووتنەوە دا، رەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لە گەڵ زیندانییەکان بە خراپی رەفتاری نەکردوە. لە پێوەندی و هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵکدا پەنای بۆ فشار و زۆرەملی نەبردوە. قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندوە یان لە نێو ئوتوبووسێک، بازاڕێک یان یەکێک لە شارەکانی دوژمندا بۆمبی نەتەقاندۆتەوە. دیارە حیسێبی شوێن و ناوچە نیزامییەکان جوێیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێکی بێباک و نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسوولییەوە دژی تیرۆریزم بوو، ئەگەرچی دەیزانی دەبێ چ نرخێکی گران بابەتی هەڵوێستێکی لەم بابەتە ببژێرێ. هەر بۆیە زۆر جار وێڕای ئیشارە کردن بەم مەسەلەیە، زۆر بە داخەوە نارەحەتی لەوە دەردەبڕی کە راگەیەنە گشتییەکان گرینگییەکی ئەوتۆ بە مەسەلەی کوردەکان نادەن. جارێک لە جێیەک نووسیبووی: تاقمێکی بچووک دەتوانێ لە رێگای بارمتە گرتنەوە، یان دانانەوەی بۆمبێک ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بزووتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکان کە پەنا بۆ تیرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر کراون.

نوامبری ١٩٧٩، هەر لە یەکەم رۆژی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاراندا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای دوکتور قاسملوو، رزگاریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان ڕزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەر وەک لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسییە کە ئازادی و دێمۆکراسیی بۆ هەمووان بە دواوەیە.

بەم حاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی رێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاورێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لە شەڕی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق (١٩٧٥ - ١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتیژیکییانەی کی سینجێر شییان دەکاتەوە و لە مێشکی خۆی دا بە نیازخراپییەوە بیریان لێ دەکاتەوە، دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێک بەر لە مردنی کە ڤیزای سەفەر بۆ ئامریکای پێدرا، قەت رێگای چوون بۆ ئەمریکای پێ نەدرا. راست لە رۆژەکانی بەر لە سەفەری ڤییەن، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێک کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەر چی لە سەر ئاکامە سیاسییەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناڕوون نەبوو.

ئەو چاک دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێک لە خوێندەوارانی جیهان لە گەڵ کێشەی کوردەکان (نەک هەر لە گەڵ پێنج میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لە گەڵ ٢٥ میلیۆن کورد کە بە سەر چەند وڵاتدا، دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بێ، بە هیچ جۆر ناتوانێ دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسییە ئورووپاییەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لە جێ دا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیان دان.

ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم راستی یەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بە گشتی رێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕ و کۆمەڵە رەسمییەکاندا وەردەگیرا. لە باشترین حاڵەتدا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لە مێژینە و پێوەندیی (حیزبەکەی) خۆی لە گەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنی یان لە رێگای دوستێکییەوە، گیروگرفتێک کە بۆ وی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکاردێستەن، بە هەستێکی تا رادەیەک دۆستانەوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەردەمێک دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیویێتی فەرهەنگێکی فەرانسە ـ کوردی کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارە بوو، سەر لە نوێ چاپ بکاتەوە.

قاسملوو ئینسانێکی ریئالیست بوو. باش لە بیرمە جارێکی گوتی لە کۆتایی سەدەیەکدا کە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیر کردنی ناسیۆنالیزمێکی لەرزۆک و ناقایم، لە تایبەتمەندییە بە چاوەکانیەتی "هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە کە ئیجازە بە کوردەکان بدرێ لە سەر وێرانەکانی سێ نەتەوەی دیکە، وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بێنن" ناتوانێ شتێکی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەویست نەک سەربەخۆیی بۆ کوردەکان. بەڵام دوژمنەکانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاکتیکێکی فریو دەرانەیە، تاکتیکێک کە بە شێوەیەکی ناشیانە بۆ شاردنەوەی بیروڕای جیاوازیخوازانە کە ناوێرێ دەری ببڕێ و یەکەم هەنگاوە بۆ پێکهێنانی "کوردستانی گەورە" و یەکگرتوو کردنی کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و تەنانەت کوردەکانی سووریە و یەکیەتیی شوورەوی، کەلکی لێ وەردەگرێ. لەم بارەوە تەنانەت کەسێکی نائاخوندی وەک بەنی سەدریش لە گەل ئاخوندە بنیاتگەراکان تەواو هاو بیرورا بوو.

دەستووری کوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە کە وەک تەنیا کەسی غەیرە ئاخوند بۆ مەجلیسی "دامەزرێنەران" هەڵبژێردرا و، لە بەر هۆی ئەمنییەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست، درا بوو. ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنیدا بە ئاشکرا بە داخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی: "خۆزگە هاتبا. من وام دانا بوو ئەگەر هاتبا لێرە رامگرتبا".

سێزدەهەمی ژوئییە رۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان (جێژنی قوربان) بوو، هەروەها شیعەکانیش لەم رۆژەدا، رێزیان لە چلەمین رۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بە رێکەوت بوو؟ ئایا ئەو بکوژانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان کردبووە بەر و، لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانییەوە مەئموورییەتیان پێدرابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە کە ویلایەتی (وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) ئیمزای کردبوون، لە تارانەوە هاتبوون، بە ئەنقەست لەم رۆژەدا کە رۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند؟!


لە ژمارە ٢٧٢ی رۆژنامەی "کوردستان"، تایبەتی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو هەر وەها لە کتێبی "قاسملوو لە رێبازی دا زیندووە"دا(ساڵی ٢٠٠٥) بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - رێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە ٣٤ ساڵەی شەهیدبوونتدا



کە دەبینم لە ٣٤ ساڵەی شەهیدبوونتدا، لە ناوەندی شاری سەقز، لە ژێر چاوەدێریی سەدان کامێرا و دەیان بەکرێگیراوی ئاشکرا و نهێنی، لاوەکان بە ڕۆژی ڕوون و لە ناوەندی شار وێنەت بە دیوار هەڵداوەسن؛

کە دایکان و خوشکان و باوکان و مندالانی ئازیزمردگ لە مەهاباد، لە بۆکان، لە شنۆ، پیرانشار، ئەوانەی خۆشەویستترین کەسەکانیان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کراون، یا قامەتیان لە ڕاسانی سەرشەقامەکاندا دابێژراوە، لە سەر گڵکۆی ئازیزەکانیاندا، ناوت دووپات دەکەنەوە؛

کە لە سەر ڕاستەی شەقامەکانی سنە و جوانرۆ و لە گەرمەی خۆپێشانداندا، جەماوەر دروشمی وەفاداری بە ڕێگا و ئامانجەکانت دەکەنە هەوێنی بەرەنگاربوونەوەی حەماسی و، زایەڵەی دروشمەکانیان بە سەر قرمژنی گوللەی داگیرکەردا، زاڵ دەبێت؛

کە کچان و کوڕانی قوتابی، لە ناو پۆل و حەوشەی قوتابخانەکانی ئیلام و کرماشان و ورمێ، ناو و وێنە و وتەکانت لە جێی ئاڵا و هێماکانی دوژمنانی نەتەوەکەیان، جێگیر دەکەن و بە سروودی"ئەی مامۆستای مەزن و زانا"، کاربەدەست و کرێگرتەکانی ڕێژیمی جەهل و تاریکی دەتەزێنن؛

## قاسملوو: ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و بێ ئاوا بوون

**تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە**

شانازی بە خۆت و ئەمەگناسیی نەتەوەکەت دەکەم، دڵنیا دەبمەوە کە نەتەوەکەت، وتەکەتی بە گوێی دڵ لێ وەرگرتووی و ئامادەیە نرخی ئازادی و ڕزگاریی خۆی بدا. لەم جۆرە کاتانەدایە کە بەم کۆپلەیە لە شاکارەکەی جەلال مەلەکشا، کە بۆ شەهیدبوونت نووسیبووی، ئایەتی گەورەییت لێک دەدەمەوە:

"ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنی
دەنگت بووە بە چەپکە تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی "

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٢٣



## بیرەوەرییەک لە گیرانی برای د.قاسملوو و دژ کردەوەی ئەو ڕێبەرە بە پێشنیاری گۆڕینەوەی براکەی!



ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی د.عەلی قاسملوو، برای ڕێبەری شەهیدمان دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بڵاو بۆوە. ڕەنگە خزمەکانی باشتریان لەبیربێت کە ساڵی ١٣٥٩، ئەم د.عەلییە بوو یان برایەکی دیکەی د.قاسملوو کە ڕێژیم بە گوناهی برایەتیی ئەو ڕێبەرە کوردە خستبوویە زیندان. بەم هەواڵەی ئەمڕۆ بیرەوەرییەکم کەوتەوە یاد کە پێم باشە لێرە بیگێڕمەوە:

پاییزی ١٣٥٩ بوو. شەهید محەمەد پیرۆت(جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆ)، شەهید عەوڵا میرابی(عەوڵا سێزدە) و من و یەک دوو کەسی دیکە لە ئەرکانی هێز، لەلایەن فەرماندەری ئەو کاتی هێزی سمکۆ(زیندە یاد سەروان چەکۆ) بۆ گەیاندنی هێندێک داواکاری بە تایبەتی تەقەمەنی ڕەوانەی بنکەی دەفتەری سیاسی کراین کە ئەو کات لە شیوەجۆ بوو. من لە خودام دەویست پێشنیاری سەفەر بۆ ناوچەی سەردەشت و سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیم پێبکرێت، زۆریش مەمنوونی کاک محەمەد پیرۆت بووم کە کردمی بە هاوسەفەری خۆی. دوانیوەڕۆ هەر کە گەیشتینە بنکەی دەفتەری سیاسی، داوای دیتنی

د.قاسملووی کرد. دکتۆری ئەمر، شەو دوای نانخواردنی بۆ سەردانەکە بۆ دانابوو .کاک محەمەد کە دەیزانی زۆرم پێخۆشە جارێکی دیکە د.قاسملوو لە نزیکەوە ببینم(هاوینەکەی لە کلاسی سیاسی - نیزامیی باغی یەنگیجە بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشتبووم)، هەروەها بەو هۆیەوە کە کاک محەمەد بەداخەوە نەخوێندەوار بوو، لەبەر جیاکردنەوەی لیستەکان و نامەکان، بێدڵیی نەکردم و شەو لەگەڵ خۆی بردمی بۆ ژوورەکەی د.قاسملوو کە ژوورێک و پێشخانەیەک لە ژێر عەرزیدا بوو. دار و دیوار شوێنەواری تەڕایی (ترشح)ی پێوە دیار بوو. د.قاسملوو هەواڵی پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ و ڕووداوەکانی ناوچەی شنۆی پرسی. دیارە من تەنیا گوێم گرتبوو و وەک دەڵێن "عاقڵ دانیشتبووم" بەڵام بەو پەڕی تامەزرۆیی گوێم لەقسەکانی گرتبوو.

ئەو کات کە ئێمە ئەو سەفەرەمان کرد، برایەکی د.قاسملوو لە لایەن ڕێژیمەوە گیرابوو. کاک محەمەد پیرۆت لەم بارەیەوە عەرزی د.قاسملووی کرد لە ورمێوە ئاگاداریان کردووین کە ڕێژیم ئامادەیە لە بەرامبەر ئازادکردنی هێندێک پاسدار و ئەرتەشیی بەدیلگیراودا ئازادی بکا، جەنابت لەم بارەیەوە چ دەفەرمووی؟

**د.قاسملوو فەرمووی:حیزبی دیموکرات شتی وا ناکات. حیزب ئامادە نییە هیچ بەدیلگیراوێک لە گەڵ ئەو بگۆڕێتەوە. برای من نە پێشمەرگەیە، نە کادرە، نە فەرماندەیە، بۆچی دەبێ بە پاسدار و ئەرتەشی بیگۆڕینەوە؟ ئەو، کەسێکی ئاساییە و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆی بووە گرتوویانە. حیزبی دیموکرات ئامادە نییە شتی وا بکات.**

من بە تێگەیشتنی ئەو کاتم، پێموابوو د.قاسملوو ئەم پێشنیارەی پێخۆش دەبێت و بۆ ئازادکردنی براکەی دەیقۆزێتەوە، کەچی تێیگەیاندین ئەگەر مل بۆ ئەو جۆرە داوایانەی ڕێژیم ڕابکێشین، لەمەودوا کاربەدەستانی ڕێژیم کاریان دەبێتە بەبارمتەگرتنی کەسوکاری هاوڕێیانی حیزبی و بەم جۆرە هەر دەبێت پاسدار و ئەرتەشیی بەدیلگیراویان بۆ ئازاد بکەین!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نوسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢٤


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئایا بۆ خۆشمان لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوودا، کەمترخەم نەبووین و نین؟




### ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

**ئەم نووسینەم هی دوو ساڵ لەمەوبەر(١١ - ٧ - ٢٠٢٢)ە. ئێستا کە هەرەوەزێک بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕییانی وەڕێکەوتووە و خەریکین لە ٣٥ ساڵە ئەم تیرۆرە نزیک دەبینەوە، وەبیرهێنانەوەی بە پێویست دەزانم. ماڵپەڕی "ئاوێنە"ش دوو ساڵ لەمەوبەر ئەم نووسینەمی لەسەر دیواری خۆم لە فەیسبووک وەرگرتووە و بڵاوی کردووەتەوە.**

**قادر وریا**

**چەند ڕۆژ لەمەوبەر پۆستێکم لەبارەی مەرگی گوماناویی مانفرێد وایدینگێر، وەکیلی قوربانییەکانی تیرۆری ٢٢ی پووشپەڕی**

ڤییەن لە فەیسبووک بڵاو کردەوە و ڕووی پرسیاری خۆم لەبارەی ئاکامی کەیسی ئەو مەرگە گوماناوییە(لە ٣١ی ژوئیەی ٢٠٠٣) کردە چالاکانی سیاسیی کورد لە ئوتریش و لە پێشەوەی ئەوانیش، تێکۆشەرە دێرینەکانی حیزبی دیموکرات لەو وڵاتە، بەڵکوو دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ زانیارییەکیان ئەگەر هەیە، باسی بکەن.

ژمارەیەک لە دۆستان لەم بارەیەوە لەژێر پۆستەکەم ڕا و بۆچوون و هەستی خۆیان دەربڕی. لەنێو ئەواندا چەند دۆستێک، خودی حیزبی دیموکراتیان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری ڤییەندا بە کەمتەرخەم دانا و ڕەخنەیان لێگرت. دیارە ٢-٣ کەسیش بە پێوەندی و پەیامی تایبەت هێندێک شتیان لەگەڵ باس کردم.

پێشەکی سپاس بۆ هاوبەشیی دۆستان و هاوڕێیان لەم باسەدا. لە ئاست ڕەخنەکانیشتان، شتێکم نییە جگە لە دانپێدانان و قبووڵکردنیان؛ هەرچەند هێندێک لە رەخنەکان ڕوونکردنەوە هەڵدەگرن.

دەمەوێ لە سەرەتادا قەناعەتی خۆم لەو پێوەندییەدا باس بکەم. ئەویش ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات، دوای ساتوسەودای وڵاتی ئوتریش لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەسەر ڕادەستکردنەوەی تیرۆریستەکان و، دڵنیابوون لەوە کە ئەو وڵاتە پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی بە یەکجاری داخستووە، نە لە ڕووی داراییەوە لە خۆی رادیت کار بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە بکا، نە لە باری دروستکردنی گوشاری سیاسی و دیپلۆماتی و مرۆڤدۆستانە هەوڵێکی ئەوتۆی دا، یان لە دەستی هات.

## ڕێبەریی حیزب قەناعەتی بە خۆی هێنابوو کە بەدواداچوون بێفایدەیە.

گومانی تێدا نییە کە ئیمکاناتی دارایی حیزبی دیموکرات نە ئەوسا و نە ئێستا لەگەڵ هی ڕێکخراوی موجاهیدین و پارتی دیموکرات و پێ کاکا و یەکیەتیی نیشتمانی بۆ بەراوردکردن نابێ. وەک دەڵێن جیاوازییەکە یا وێکچوونەکە ئاسمان و ڕیسمانە! بۆیە دروست نییە ئەو چاوەڕوانییەمان لە حیزبی دیموکرات هەبێ ئەو کارانەی ئەو هێزە سیاسییانە بە پارە دەیکەن و کردوویانە، بە ویش بکرێ. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، ئەو قەناعەتەی ڕێبەریی ئەوسا و ئێستای حیزبی دیموکرات کە خۆماندووکردن بۆ کردنەوەی ئەم کەیسە بێ فایدەیە، لە جێی خۆیدا نییە و بە تەواویی جێگەی ڕەخنەیە.

دەبێ قبووڵی بکەین ئەگەر حیزبی دیموکرات یەکگرتوو با و هێزی مرۆیی خۆی لە دەرەوەی وڵات و ئیمکاناتە دیپلۆماسی و ماڵی و تەبلیغاتییەکەی خۆی و هەر وەها پشتیوانیی دۆستەکانی بە پلان و بەرنامە بۆ کردنەوەی ئەم پەروەندەیە چڕ کردباوە ؛ ئەگەر لەسەر توانا نەدیتراوەکانی خۆی و ڕێکارە تاقینەکراوەکان کاری کردبا، چارەنووسی پەروەندەی تیرۆری

ڤییەن وەک ئێستا نەدەبوو.

لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا، کاتێک کاک ژیاری گوڵ، ڕاپۆرتێکی دەوڵەمەند و پڕ زانیاریی لەسەر ئەو تیرۆرە و بە تایبەتی نیوەرۆکی ئەو کاسێتەی قسەکانی دانیشتنە خوێناوییەکەی ڤییەنی تێدا تۆمار کرابوو، ئامادە و بلاو کردەوە، وێڕای دەستخۆشی لەو، ئەو ڕەخنەیەم لە خۆمان گرت کە نزیک بە ٣٠ ساڵ دەبوو ئەو کاسێتە لە دەفتەری پاریسی حیزبی ئێمە هەبوو، بەلام هیچ کات کۆپییەکی نەهاتەوە بۆ ڕاگەیاندنی حیزب لە کوردستان، تا مەمانان کاری دۆکیۆمێنتاریی لەسەر بکەین!

دوای بلاو بوونەوەی پۆستی پێوەندیدار بە مەرگی گوماناویی مانفرێد وایدینگێر لە فەیسبووک، چەند دۆستێک لە ئوتریش بە پەیامی تایبەت، لەسەر ئەو پرسیارە، پێوەندییان پێوە کردم. ئەو دۆستانە باسی ئەوەیان بۆ کردم کە مانفرێد وایدینگێر، وێڕای وەئەستۆگرتنی ئەرکی پارێزەری لە پێوەندی لەگەڵ کەیسی تیرۆری د.قاسملوو و کاک عەوڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لەسەر چەند کەیسێکی دیکەش کاری کردووە کە ئەوانیش هەر "بڤە" بوون، وەک گەندەڵیی دەسەلاتدارانی ئەو ولاتە و چەک فرۆشتنیان بە پێچەوانەی یاساکانی ولات و هتد.. کە ڕەنگە مەرگە گوماناوییەکەی پێوەندی بەوانەوە هەبێ. هەروەها باسی ئەوەشیان کرد کە دوای دۆزرانەوەی تەرمی ئەو پارێزەرە، هەڕەشەیان لە ژنەکەی کردووە کە بەو ڕاپۆرتە قەناعەت بکا کە هۆی مردنەکەی، "ڕاوەستانی دڵ" بووە نەک مەرگی گوماناوی و، لەمە زیاتر لە سەری نەڕوا! من لەوە بە داخم کە لەو بارەیەوە بە کوردی و فارسی، کەمترین زانیاریی بلاو بووەتەوە. ئەمەش هەر ڕەخنەیە لەسەر لایەنی کوردی و بە تایبەتی حیزبی دیموکرات کە خاوەنی سەرەکیی ئەو کەیسەیە. هەتا ئێستاش هەست دەکەم جۆرێک خۆپاراستن و خۆسانسۆرکردن و خۆبواردن لە دانی زانیاری و بیروڕادەربڕین لەو پیوەندییەدا بە تایبەتی لە میدیاکان و تۆرە کۆمەلایەتییەکاندا لەلایەن ئەو کوردانەی لە ئوتریش دەژین، بەدی دەکرێ. بۆچی ئەو بەڕێزە ئاگادارانە، ناخوازن یا ناوێرن ڕاستییەکان باس بکەن؟ نازانم. ئایا لە لایەن دەوڵەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی ئوتریش ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبن؟ یان لە ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران نیگەرانن؟

٣٣ ساڵ بە سەر تیرۆری د.قاسملوو و کاک عەوڵا قادری ئازەردا ڕادەبرێ. ڕاستە بەرژەوەندپەرستیی دەوڵەت و هێندێک لە حیزبەکانی نێو دەسەلات و دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی ئوتریش هۆی یەکەم بووە بۆ ئەوەی ئەم پەروەندەیە بە داخراوی بمێنێتەوە. بەلام لایەنی کوردی خاوەنی ئەم کەیسە چی کردووە و دەبوایە چ بکا و نەیکردووە؟ وروژاندنی ئەم پرسیار و ڕەخنەیە ڕەنگە لە شانی هاوڕێیانی حیزبی خۆش نەیە، بەلام پێمان خۆش بێ یان نا، دەبێ لەجیاتی خۆلێگێلکردن، بیبیستین و ولامان بۆی هەبێ. دەبێ لە قۆناغی داهاتووی تێکۆشانی حیزبی یەکگرتووی دیموکراتدا، هەوڵدانی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت بۆ سی و پێنج ساڵە

بەرنامە و چڕ و تۆکمە بۆ تەکاندنی تۆزی داخراوی لەسەر پەروەندەی تیرۆری د.قاسملوو، یەک لە ئەرکە سەرەکییەکان بێ. چی دیکە بەو وڵامە کە "بەدواداچوون بێفایدەیە" ناتوانین بەرپرسیارەتیی خۆمان لەئاست کەیسی تیرۆری د.قاسملوو، لە بیر بەرینەوە.

یادی شەهیدانی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەن بەرێز،

بە هیوای کرانەوەی پەروەندەی ئەو تیرۆرە و، دادگایی ڕێژیمی تیرۆریستی ئێران و هاودەستە ئۆتریشیەکانیان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕازی هەرمانی خۆشەویستیی بلیمەتێک



### دوو ژمارە لە ژیانی:

ئەم چەند ڕۆژەی دوایی کە بەرەو یادی لەدایکبوونی د.قاسملوو دەهاتین، بەردەوام دوو ژمارە لەبەرچاوم دەهاتن و دەچوون. دوو ژمارە، تەواو مێشکم و بیرکردنەوەمیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. د.قاسملوو لە تەمەنی ٥٩ ساڵی دا شەهید بوو. ئەگەر ئێستا لە ژیاندا بایە، تەمەنی دەبوو بە ٩٥ ساڵ. واتە ئەمشەو(شەوی دادێ) جێژنی ٩٥ ساڵەی لەدایکبوونی دەگرت. هەرچەند لە سەردەمی ژیانیدا، هیچ کات نەمدیت و نەمبیست جێژنی لەدایکبوونی بۆ بگرن؛ تەنیا جارێک نەبێت، ئەویش لە کۆتایی کۆنگرەی حەوتەم (٣٠سەرماوەزی ١٣٦٤)دا بوو. کاتێک، شەوەکەی کە دەبووە شەوزستان، دوای شام خواردن هاتینەوە ساڵۆنی کۆنگرە هەتا تەواوبوونی کۆنگرە بکەین بە جێژن. مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە چووە پشت تریبون. هەواڵی پێداین کە کەمێک بەر لە ئێستا کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، هاوڕێی تێکۆشەر د.قاسملووی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردەوە. ئەوەشی پێڕاگەیاندین کە جێژنی کۆتایی کۆنگرەکەمان ڕێکەوتە لەگەڵ یادی ٥٥ساڵەی لەدایکبوونی د.قاسملوو، بۆیە وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵی د.قاسملوو لە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەدا، ئیجازەی لە بەشدارانی کۆنگرە خواست بە نوێنەرایەتیی ئەوان، پیرۆزبایی ئەم یادە لە د.قاسملوو بکات و دیارییەکی سەمبولیکیشی پێشکەش بکات. ئەوە یەکەمجار و دواجار بوو کە من دیتم و زانیم لەسەردەمی

ژیانیدا، یادی لەدایکبوونی بکرێتەوە.

ئەم دوو ژمارەیە( ٥٩ و ٩٥)، لە ڕواڵەتدا لێک نزیکن. ژمارەیەکی دوو ڕەقەمی کە تەنیا جێگای ڕەقەمەکانی ٥ و ٩ گۆڕاون، مەودای نێوانیشیان کە دەکاتە ٣٦، بە بەراورد لەگەڵ مەودای بچووکترین و گەورەترین ژمارەکانی دنیای حیسابات، زۆر کەمە. د.قاسملوو لە نووسینێکی خۆیدا کە پێوەندیی بە مێژووی چل ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە دەنووسێت: «چل ساڵ لە تەمەنی مرۆڤێکدا زۆرە، بەڵام لە ژیانی گەلێکدا تەنیا ساتێکە.» مەودای نێوان ئەم دوو ژمارەیەش- ئەو کاتەی بیر لە تەمەنی "بوون" و مێژووی نەتەوەکان دەکەینەوە- زۆر نییە، بەڵام کە بیرمان لەسەر تەمەنی مرۆڤێک، بە تایبەتی مرۆڤێکی وەک د.قاسملوو چڕ دەبێتەوە، ماوەیەکی زۆرکەمە. قاسملوو تەنانەت دوو ٣٦ ساڵییش کە دەکاتە ٧٢ ساڵ نەژیا، ئەو ٥٩ ساڵ ژیا! یانی لە تەمەنی ئیستای منیش، سێ ساڵ کەمتر! ئەز لە گۆشەنیگای کورتیی تەمەنیەوە، بیر لەسەردێڕێک دەکەمەوە: ئەگەر قاسملوو پتر ژیابا!

## جیهان لە دوای نەمانی:

ئەگەر لەتەمەنی ٥٩ ساڵیدا، د.قاسملوو گیانی لێ نەستێندرابا و هەر تەنیا دوو ساڵی دیکە لەژیاندا مابایە، ڕووخانی دیواری بێرلین، لەبەر یەک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و کۆتاییهاتنی شەڕی ساردی دەدیت. ئەگەر لەو دوو ساڵە زیاتر ژیابا، بۆ نموونە ٧٠ ساڵ تەمەنی کردبا، نەک هەر ڕاپەڕینی باشووری کوردستان، ڕاگەیەندرانی هەرێمی کوردستان وەک ناوچەی پارێزراو لە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە و، دامەزرانی پارلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکوو زیاد بوونی چەندین وڵاتی دیکە لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی جیهانی دەدیت. هەر لەم دەیەدا بوو کە ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەیەک وتەدا کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، بە پێداگریی وڵاتی فەرانسە، ملیان بۆ بنەمایەکی گرنگ ڕاکێشا، ئەویش بنەمای "دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی نێودەوڵەتی"بوو. بەم جۆرە لە چەند شوێنی جیهان، بۆ نموونە لە عێراق، لە یۆگۆسلاڤیی پێشوو، لە سۆماڵی، لە ڕواندا، لە هائیتی، لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و لە سیرالیئۆن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی فریای خەڵکی شەڕلێدراو و گرفتاری دەستی ڕێژیمە دیکتاتۆرو خوێنڕێژەکان کەوت. "بێرنارد کۆشنێر"ی دۆستی نزیک و بەنرخی د.قاسملووش، یەک لە پێشەنگانی جێبەجێکردنی ئەم دەستێوەردانە مرۆییە بوو. مەبەست لەم ئاماژانە، ئەوەیە کە بڵێم جیهان قەڵەمبازێکی هاویشتبوو، هەلومەرجێکی نوێی جیهانی لە بەرژەوەندی پرسی نەتەوە بیدەوڵەتەکان پێکهاتبوو. پرسی نەتەوەی دابەشکراوی کوردیش لە کوڕ و کۆمەڵی نیودەوڵەتیدا بە ڕۆژەڤ ببوو. ئەم هەلومەرجە پیاوی خۆی دەویست؛ ڕێبەری سیاسیی بە ئەزموون و داهێنەر، دیپلۆماتی بەتوانا و شارەزا لە دۆخی نێودەوڵەتی کە هەلومەرجەکە لە قازانجی نەتەوەکەی بقۆزێتەوە. د.قاسملوو ڕێک ئەو کەسە بوو بەڵام بە داخەوە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیاندا نەمابوو.

## ژیان لە دوای نەمانی:

قاسملوو، "غەیبزان" نەبوو، واتە ڕووداوەکانی دوای شەهید بوونی خۆی- بەم جۆرەی ڕوویاندا-، پێش بینیی نەکردبوون. ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ٣٦ساڵی ڕابردوو، جگە لەوەی بە ژمارە زۆر و بە قەبارە گەورەن، فرە ڕەهەندیشن. لە هەر بارێکەوە چاو لێ بکەین: لە باری سیاسی، ئابووری، کولتووری،زانستی، تەکنۆلۆژی و پێوەندییەکان، ئێمە سالانێکە پێمان ناوەتە دنیایەکی سەت قات جیاواز لە هی سەردەمی د.قاسملوو. ئەو نەوە (نەسل) یان ئەو نەوانەی لە دوای ئاوابوونی ئەستێرەی ژیانی د.قاسملوو، لە کوردستان و ئێران لەدایک بوون، لە جیهانێکی زۆر جیاوازدا ژیاون و پێگەیشتوون. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەدی هۆی چییە لای ئەو نەوە نوێیانەی کوردستان، ناوی قاسملوو و ئەندێشەکانی نەک هەر نامۆ و نەناسراو نین، بەڵکوو لە هەموو ناوەکان خۆشەویستتر و لە هەموو باوەڕ و ئەندێشەیەک، لە خۆیانی بە نزیکتر دەزانن؟ چەندین ساڵە لە سەرهەر شەقامێکی ڕاساو لە داگیرکراوی و لە نێو هەر ئاپۆرایەکی خرۆشاوی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دروشمی " قاسملوو! قاسملوو! ڕیگات درێژەی هەیە" دەبیستین، ساڵ بە ساڵ و جار بە جاریش، بە گوڕتر! نهینیی زیندوو مانەوەی ناوی، گەشانەوەی ئەندێشەکانی و بووژانەوەی ڕێبازەکەی، چەند دەیەی دوای شەهیدبوونیی لە چیدایە؟

## نهێنی و هۆی هەرمانی:

کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە د.قاسملووی ڕیبەردا یەکیان گرتبوو، ئەم تایبەتمەندییانە کەسایەتییەکی کەم وێنە و ڕێبەرێکی بەتوانایان لێ دروست کردبوو. ئەو کە پەروەردەی ژینگەیەکی زانستی و گەورەبووی نێو کولتوورێکی ئازاد و دیموکراتێک بوو، توانایی زانستی، زمانزانی، بیرکردنەوەی فراوان و کراوەیی فەرهەنگیی خۆی خستبووە خزمەت کۆمەڵێک ئامانجی بەرز و پیرۆز. پێش هەموو ئامانجێک ڕزگاریی نەتەوەکەی لەژێر دەستی و ئازادکردنی کوردستان لە داگیرکراوی. بەڵام لە هزری د.قاسملوودا، ئەم ڕزگارییە، گرێدراوی دیموکراسی بوو. قاسملوو پێیوابوو نەتەوەیەک ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسیشی هەبێت، بەڵام لە دیموکراسی بێبەش بێت، هەر بە ئازاد و ڕزگاربوو دانانرێت. لە هزر و ئەندێشەی د.قاسملوودا، ڕزگاری و ئازادبوونی مرۆڤ ناتەواو دەبێت، ئەگەر دادپەروەریی کۆمەلایەتیی لەگەڵدا نەبێت. لە ڕوانینی ئەو ڕێبەرە بیرمەندەدا، مرۆڤ ئەگەر ئازادیی هەبێت و نانی نەبێت بیخوات، یان نانی هەبێت و بە ئازادیی نەژیت، هەر بەختیار نییە. کۆمەڵێک بەختیارە کە هەر دوو ئەم نیازە بنەڕەتییانەی مرۆڤ پێکەوە دابین بکات. دیارە وەنەبێت د.قاسملوو ئازادی و ئاسوودەیی تەنیا بۆ کۆمەڵ و ژیانی کۆمەلایەتی داوا کردبێت. ئازادیی تاکەکەسی و خودی مرۆڤ وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکێکیش لە ئەندێشە و باوەڕەکانی د.قاسملوودا، جێگەیەکی دیاری هەبوو. هەموو چەوسانەوەیەکی مرۆڤ لەژێر هەر ناوێکدا- ڕەگەزی، چینایەتی، نەتەوەیی، ئایینی، فیکری و ئایدۆلۆژیک- مەحکوومە. ئەو پێی وابوو ئازادیی کەرامەت دەدا بە مرۆڤ و ناهێڵێت بکرێت بە مۆرە، واتە مرۆڤ نابێت کۆیلە بێت، بەدەر لە ئیرادە و بیرکردنەوەی ئازادانەی خۆی بەکار بهێنرێت.

د.قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی ژیان و پێکەوە ژیانی بە ئاشتییشدا خاوەنی ڕوانینی ئەوتۆ بووکە بە تێپەڕبوونی ساڵەکان، کۆن نابن. ئەو جەهل و خوڕافە، دواکەوتوویی، تاریکیپەرستی و مەرگدۆستیی ڕەت دەکردەوە و بە مڵۆزمی ژیانی کۆمەڵ و مرۆڤی دەزانین. داواکاری ئازادیی ژنان و یەکسانیی ژن و پیاو بوو. پێی وابوو هەتا ژنان ڕزگار نەبن، کۆمەڵی ئێمە و نەتەوەی ئێمە ڕزگار نابن. باوەڕی وابوو کە ژنانی ئێران لە شەڕ بە دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی ڕێژیمی ئێراندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان دەبێت. لایەنگری ئازادژیان و شادژیان و تێر و پۆشتەژیان بوو. بڕوای قووڵی بەوە هەبوو کە مرۆڤەکان دەکرێت و دەبێت بە ئاشتی لەپەنا یەکتر بژین و دینی ئەوان، زمانی ئەوان، نەتەوایەتیی ئەوان، ڕەنگ و ڕەگەزی ئەوان و پێگەی چینایەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوان، نابێت ببێتە هۆکاری ستاندنەوەی ئاشتی، ئازادی و ئاسوودەیی لە مرۆڤەکان. ئەم باوەڕە بەرز و جوانانە و گیاندانان لەسەریان، ئەویش لە هەوڵێکی ئاشتیخوازانەدا، وایان کردووە قاسملوو و ئەندێشەکانی، قاسملوو و خۆشەویستی و بیرەوەرییەکانی، لەنێو نەتەوەکەی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە زیندوویی بمێنێتەوە و لە خەباتی ئێستا و داهاتووشماندا دژی ستەم و تاریکی و داگیرکاری و چەوسانەوە، لەگەڵماندا بێت و پێشەواییمان بکات.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی یادی ٩٥ ساڵەی لەدایکبوونی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە بە شکۆیەکی تایبەتەوە بکەین بە جێژن و، دڵنیایی پێ بدەین کە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی، یادی، ناوی و هزر و ئەندێشەکانی هەر وەک ئێستا چرای ڕێگای تیکۆشانمان دەبێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




### تێکۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدایکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی لە ڕیزەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.

- لە سەرەتای هاوینی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حیزبی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.

- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوباشیان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هیوا"یە.

- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە

بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسیایەتیی هەبووە. بە سەدان ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.

- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧وە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووە.

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێڕان)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێرن،(وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاسایشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێران، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەرگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.


١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جووڵای ٢٠٢٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێی تێکۆشەر د. قادر وریا بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەتە کان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org